# کاتێ پێشمەرگە
# هەڵدەکشێ بۆ جیهانی باڵا

ئەحمەد سالار

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

جاری جاران لەنێو داستانە هەرە دێرینەکاندا، مرۆڤە ئازاو لێهاتووەکان، لەلایەن خوداوەندانەکانیانەوە، بۆ ئاسمانی جیهانی باڵای هەرمان و شکۆداری هەڵدەکێشران، چونکە لەو بڕوایەدا بوون، ئەو جۆرە جەربەزەو دلاوەرانە شایستەی هاوشانی خوداوەندانن، دیارە ئەم ڕێزلێنانە ئەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر لەوحەی هەنگاوەکانیان بە یەکانگیریی ئەڤینی خوداو خاك و خەڵك نەخشاندووە.


لە گەنجینەی گرانبەهای کەلەپوورو کەلتووری سەریەککەوتووماندا، چەشنەها نموونەی گەردن بۆشناغمان هەیە، ئەوە سەرجەمی لاوك و داستان و ئەفسانەکانمان، ئەوە زنجیرەهای بەیت و باڵۆرەکانمان، سەرجەمیان بریسك و باقییانە بە ورشەی تلتلەو پلپڵەی شانازی، پێشمەرگەش سەرتۆپ و سالار و پێشەنگی هەموویانە، پێشمەرگە دوێنێ و ئەمڕۆیەو نەخشێنەری چارەنووسی گەل و سەراپای ئاییندەکانە، گۆرانییەو بەسۆزترین لایلایەی دایکانە بۆ کۆرپەکانیان بەو هیوایەی ببنە پێشمەرگە بۆ بەدیهێنانی خەونی باوان و خۆزگەی پەنگخواردووی دایکان و ببنە چقڵی چاوانی ئەو دوژمن و نەیارانەی هەرگیز چاویان بە سەرکەوتنی کورد هەڵنایە.

پێشمەرگە ئەو هێزو گوڕو سینە ئاگرینەی زادەی باوکە پێشمەرگەکەی دوێنێیە، هەرچۆن (گۆران) واتەنی پاش ڕاپەڕینە خوێناوییەکەی (٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠) بەسەر زاری (شەهید هەڵۆ بەگ)ەوە، کە لەسەرەمەرگ و سپاردندا بە بووکی یەکشەوەی دەڵێ:

((بڵێن بەو بووکی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو سەرم بەخشم لە پێناوی وڵاتێکدا
کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من لە دامێنی چیاو کەژیا
ئەگەر خوای گەورە پێی بەخشین هەتیوێ پێی بڵێ ڕۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە))

ئەوەی گۆران نموونەیەکی جوانی بەخشندەترین مرۆڤە کە شەهیدە، واتە هەر کەسەو ڕوو لە قەدەری خۆی دەکات، بەڵام ئەو قەدەرەی بەخشندەترین مرۆڤ ڕووی تێدەکات، هەر چۆن پاڵەوانە بەجەرگەکانی نێو دێرینە تەراژیدیاییەکان، کە لەپای ڕاستکردنەوەی ناتەواوی و نەنگییەکاندا، ناداوەرییەکاندا، دەستەملانی قەدەرەکەی دەبێتەوە، هەرچەندە دڵنیاشە ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاکامێکە کە مایەی گەردن شکان و مەرگە، پێشمەرگەش ئەو قارەمانەی نێو گەرمە مەرگەساتەکانی گەلەکەیەتی کە هەر لە سەرەتاوە لەسەر لەوحی تەختی تەوێڵی زێڕینی خۆی بە نەشتەری بڕوا پۆڵایینییەوە هەڵیکۆڵییەوە( کوردستان یان نەمان)، بە بەختبوونی لەپای ئاییندەی جوان بۆ گەلەکەی ئەو بە مەرگ دەڵێ: مەسڵەمێرەوە و ئەگەر بوێری هەڵمەیە، من بەو مەرگە شامەرگ دەبم، سڵ مەکەو ئازا بەو بەرەو رووم بەرەوە، گوناهە با شیری دایکم پێ ڕەوا بێ، دەبا بە ڕووی سوورو گەردنی بەرزەوە ڕووبەڕووی خواکەم و گەل و وڵاتەکەم ببمەوە.

هەمیشە مرۆڤی ئازاو پشت ئەستوور بە ڕەوایی پەیامەکەی وهەڵبژاردنی چەرمەسەری و ئەشکەنجەو هەتا دەگاتە گەردن سووین لە چەقۆی مەرگ، بەبێ سڵ و دڵەڕاوکێ ئەوە ڕێبازی بەرزی پێشمەرگەیە، هەر ئەو سەربەرزییەیە کە لە چەندین شوێندا لە قورئانی پیرۆزیشدا خودای مەزن نموونەی پێ هێناوەتەوەو پاداشتی چاکەی داونەتەوە، ئەوە لە سورەتی (الصافات)دا، لە سای خەونەکەی حەزرەتی ئیبراهیم( سڵاوی خوای لێ بێت) کاتێ بۆ (ئیسحاق-ئیسماعیل)ی کوڕی دەگێڕێتەوە (فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ



قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ)

پاشان لەپای کاری جوانمردانەی (ئیسحاق- ئیسماعیل) خودا فەرمووی: ئەی ئیبراهیم مژدەی بە پێغەمبەربوون بە ( ئیسحاق- ئیسماعیل) بدە و ئێمە بەرەکەتمان پێ بەخشی.

گێڕایانەوە، لە سەرەتای شۆڕشدا بوو، پێشمەرگەیەك خراپ زامدار دەبێ و شوێنەکەش چەپەك و دوورەدەست دەبێ، تینوێتی زینی لێ دەسێنێ و چاو دەبڕێتە چەند گەواڵە هەورێك لە ئاسمانی سەرییەوە، بەو ئومێدەی بوونە بارانی هەورەکەو بەڵکە ئاهێکی پێدادێتەوە، هەڤاڵەکانیشی هەر خوداخودای بارینیان دەبێ، ئەویش دەگاتە وادەی گیانەڵاو هەناسەژماردن، هەورەکە دووربەدوور دادەبارێ و لێزمە دەکات، پێشمەرگەکە هێندە زبانی گۆدەکات: سوپاس بۆ خودا، چش لە من، بەس نییە بەسەر خاکی کوردستانەکەمدا داباری، ئیدی گیان دەسپێرێ و لارەمل دەبێ، هەڤاڵەکەی ژوورسەری، لەسەر کۆنە خواستێکی شەهیدەکە، لاوکێکی چیایی بۆ دەچڕێ.

ئەوە سەربردەی ئەو کەسانەیە کە کام کێوە سەخت و باڵایە لەژێر هەنگاوی ئەودا پێدەشتێکی تەخت و مێرگ گوڵانە. لە زەبری ڕێکردنیدا کوێرەکانیاوەکانی دێرزەمان دەتەقنەوە و تافەتافیان دێ، لەتەك بەردەوامیاندا ژیانێکی نوێ لە دایك دەبێ و خۆری پڕتەو لە قوچکەی ئاسمانەوە دادەگیرسێ و مانگ تریفەبارانی دەبێ و ئەستێران جریوەجریو و قاقالێدانیان دەبێ، ئاسۆ دوورو هەرە نزیکەکان ئەرخەوانی، سوور، ئاڵ ئاڵ دەبن، لەوانەوە سەراپای دەشت و دەرەکان مێرگێکی دڵکەرەوەی گوڵڕەنگ دەبن، ئەو ملوانکانەی گەردنی هیوای جاران کە لە ورشەورشدا بوون، پاشان دامرکانەوەو کپی و خامۆشی داپۆشین و لە سای خاکی گۆڕی ساردوسڕی لەبیرچوونەوەدا ژەنگیان گرتبوو، دادەگیرسێنەوەو بۆ بەیانی جوان بەدڵ پێدەکەنن و بەدوا پەردەی دەنگ زەنگە دەنگییان لەمسەرو ئەو سەری کوردستاندا دەزرنگێنەوە و خۆشترین و بەسۆزترین و خرۆشانترین سروودی(ئەی ڕەقیب) ئاسا دەچڕن.

پێشمەرگە ئەی ئەو کەسەی لە دەست و تفەنگی ئازایەتیدا، هەرچی دۆزەخی زادەی دەم ڕەشەبای وەیشوومەو خەزانی سەرگەردانی و ماڵوێرانی ڕەنگ و رووخسار هەڵپڕوسکاوی ڕەنگ پەڕیوی نەهامەتی هەیە، دەکەیت بە هەرەتی گورەی بەهارو بیرکردنەوە.

ئەی لالۆ، وەی هەڤاڵی پێشمەرگە، بینیمانیت چۆن چۆن لە ڕۆژانی نەهاتیدا ورەو ئاوازی سەرفرازیت لە سینەی هەمواندا سەوزدەکردو بە سروەی (خوایە وەتەن ئاواکەی) و( وا هاتن پێشمەرگەی مە) دەبووژانەوە.

ئەی پێشمەرگە، بینیمانیت ئەو ساتانەی لە جێ زامی دەستی دوژمن سوورەگوڵی وادەی ژوانی یارانت لێ دەنەخشاند،ئەی ئەوانەی لە شەکراوە کانییەکانی جاویدانی کوردایەتیتان نۆشکردووە، سەرتان بە هەژدیهای بیم و ترس شۆڕکردووە، پەتی سێدارەکانتان لە ترساندا، بەو جۆرە زەندەقی بردووە بەرلە گیان سپاردنتان هەڵهاتووە، سەد جار بە نۆچا هاتووە، بۆیە دەبێ بڵێم:

چی شانازی و سەروەرییە
ئەوەی هەیەو ئەوەی نییە
کامە تاجی شاهانەیە
لەئاست تۆدا نرخی نییە

ئێوە گیانتان بە جەوهەری خەنجەرەکەی بابی کوردان (بارزانیی نەمر) جەوهەر داوە، بۆیە هومای بوون بە شێری ڕۆژانی تەنگانەی کوردتان پێی ڕەوا بینراوەو سپاردەی خودای ئازادیتان، وەك پیرۆزترین دیاری خەڵاتکراوە... کەواتە خەڵکینە ئێوەو خوداتان، زۆر گوناهە بەبێ دەستنوێژهەڵگرتن ناوی پێشمەرگە بەرن.

# خوێندنەوەیەک بۆ دەوڵەتی کوردستان

## بەمیتۆدی «قازانج و زیان»ی بزنسمانانەی دۆناڵد ترەمپ

## پێناسەکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت و مافی بریاردانی چارەنووس





((هەموو ئەو چاودێرو پسپۆڕانەی شرۆڤەی سیاسیەتی ئیدارەی داهاتوو بەگشتی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتی دەکەن، بەشی هەرە زۆریان لەیەک خاڵدا یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە «دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا وەک بزنسمانێک بەمیتۆدی قازانج و زیان سەیری پرسەکانی جیهان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەکات».

ئەگەر لەسەر ئەم میتۆدەی پێشبینی دەکرێت سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا لەسەر بنەمای قازانج و زیان مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکات، ئەوا گریمان بەهەمان میتۆدیش مامەڵە لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بکات، پرسیار ئەوەیە ئایا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان قازانجە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، یان زیان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدات؟))

**● سەروەری تەقلیدی دەوڵەت ناتوانێت کێشە هاوچەرخەکان چارەسەر بکات**

کاتێك بیرمەندان و سیاسەت دروستکەرانی رۆژئاوا دەڵێن، سەروەریی تەقلیدیی دەوڵەت توانای وەڵامدانەوەی هەموو مەترسی و هەڕەشەکانی سەدەی بیست و یەکەمی نییە، پێویستە سەروەریی دەوڵەت پێناسە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت هەم خۆی وەك دەوڵەت سنوورێك بۆ ئەو مەترسی و هەڕەشانە دابنێت، هەمیش پابەند بێت کە نەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەو مەترسییانە دەوڵەتانی دیکەش بگرێتەوە.

دیارە هەڕەشەی سەرەکی کە پێویستە دەوڵەت سنووری بۆ دابنێت، ئەوەیە کە رێگەنەدات لەخاکەکەی ئەوەوە تیرۆرو تیرۆریستان بپەڕێنەوە، هەروەها دەوڵەت دەبێت ژینگەیەکی سیاسیی تەندروست بۆ پێکەوەژیانی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان فەراهەم بکات.

لەسەر ئەم بنەمایە ئێستا تەواوی دەوڵەتانی جیهان کێشەی گەورەیان بۆ دروست بووە، تەنانەت وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاو ئەمریکاش کە شانازی بە فرەکەلتووریی کۆمەڵگەکانیان دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەروەریی تەقلیدیی دەوڵەت بەشێوەیەك لەشێوەکان سڕبووەو وەك پێویست وەڵامدانەوەی نییە، ئەوا ئێستا لەکۆمەڵگەکانی ئەورووپا، شانازیی فرەکەلتووری لەزۆر رووەوە گۆڕاوە بۆ پێکدادانی کەلتووری لەنێوان موسڵمان و کریستیان، لەنێوان رەش پێست و سپی پێست، هەروەها لەنێوان رۆژئاواو رۆژهەڵاتیشدا، لەمەش زیاتر دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپاو ئەمریکا شانازییان بەوە دەکرد کە دەوڵەتەکانیان ژینگەیەکە کە بۆ ئازادی پێشوازی لەهەموو جیهان دەکەن، کەچی لەئێستادا حزبەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بەدژایەتیکردنی پەنابەرو رێگرتن لەپەنابەر هەڵبژاردن دەبەنەوەو دەچنە ناو دەسەڵاتەوە.

ئێمە لەباشووری کوردستاندا کە تەنیا خاوەنی دەوڵەتێکی ئەمری واقیعی دانپێدانەنراوین، لەبەر ئەوەی ئەو کێشانەی

ڕووبەڕووی هەموو دەوڵەتانی جیهان بۆتەوە، وەك دیاردەی (پێكدادانی كەلتوور و جیاوازیی نێوان پێست ڕەش و پێست سپی، یان كێشمەكێشی نێوان ڕۆژئاوا ڕۆژئاوا) لەكوردستاندا بوونیان نییە، هەربۆیە كەمتر هەڵوەستە لەسەر ئەم لایەنە دەكەینەوە كە ئێستا جیهانی پێشكەتوو بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی كە ئێستا بەو ژینگەیە ناسراوە كە دەبێتە سەرچاوەی تیرۆرو توندوتیژی و هەناردەكردنی ئەم دیاردەیە وەك هەڕەشە و مەترسی بۆ ئەوروپا و ڕۆژئاواو تەواوی جیهان، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوجۆرە سەیری ئەو دەوڵەتانە دەكات كە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و پاشاگەردانی و بێ سیستمی لەناوچەكانی خۆیاندا، بۆیە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە جارێكی دیكە ئەو دەوڵەتانە بونیاد بنێنەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ژینگەی سیاسیی كوردستان نەبۆتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی تیرۆرو توندوتیژی و نەبووەتە هەڕەشەش لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و پاشاگەردانی و بێ سیستمی ناوچەكە، ئەوا ئەم لایەنەش كەمتر بایەخی پێدەدەن.

لەناو تەنگژەی دەوڵەت بەشێوەیەكی گشتی لەجیهاندا، دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بوونەتە سەرچاوەی تیرۆرو توندوتیژی، بەڵام كوردستان لەسایەی هێزی پێشمەرگەدا نموونەیەكی سەركەوتووی دەوڵەتی پیشانداوەو ئیرادەی پێشمەرگە ئەو توانایەی داوە بەدەوڵەتی كورستان كە وەڵامی ئەو تەحەددی و هەڕەشانە بداتەوە كە بەشێوەیەكی گشتی ئێستا دەوڵەت لەجیهان و بەشێوەیەكی تایبەتی لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناتوانێت وەڵامی بداتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی كوردستان لەچوارچێوەی سیستمە كۆنەكەی جیهاندا بەفەرمی سەروەریی دەوڵەتی نییە، بەڵام ئیرادەی پێشمەرگە بەجۆرێك سەروەریی كوردستانی پێناسە كردۆتەوە كە زەمینەی ئەوەی خۆشكردووە، نەك هەر جیهان دانی پێدابنێت و ڕێزی لێبگرێت، بەڵكو لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان، سەروەریی كوردستان جێگەی سەروەرییە تەقلیدییەكە دەگرێتەوە.»

**● دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تەنها ڕێگەچارە بۆ كۆتاییهێنان بەشەڕی ئایینی**

پەنابردن بۆ دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەدەی حەڤدەم لەچوارچێوەی ڕێككەوتنی «ویستفالیا»دا، بۆ كۆتاییهێنان بوو بەشەڕی سی ساڵەی ئایینی لەنێوان نەتەوەكانی ئەوروپا، دەوڵەتی نەتەوەیی كۆتایی بەتەكفیری كەنیسەو سەربڕین و سووتاندن هێنا، لە جێگەیدا ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی زانستی پێشكەشی مرۆڤایەتی كرد.

ئەوروپییەكان لەگەڵ ئەوەی پێش هەر گەل و نەتەوەیەكی دیكە مەرگەسات و تاڵاوی شەڕی مەزهەبگەرایی ئایینییان بینیوەو خواردۆتەوە، بەڵام هەقیانە شانازی بەخۆیانەوە بكەن، پێش هەر گەل و نەتەوەیەكی دیكە چارەسەری ڕیشەییان بۆ كۆتاییهێنان بەو شەڕە كاولكارییە هێناوەو هەر دەوڵەتی نەتەوەییش بنەمای ئەو پێوەندییە نێودەوڵەتییانەی بەرهەمهێناوە كە ئێستا هەموو جیهان شانازی پێوە دەكات.

هەڵەی گەورەی ئەوروپییەكان بەگشتی و بەریتانیاو فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئەوەیە كە ئەو بنەمایەی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەدەی حەڤدەم لەئەوروپا لەچوارچێوەی ڕێككەوتنی ئاشتی ویستفالیا لەسەر دامەزرا، هەمان ئەو بنەمایە نییە كە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لەبەر ڕۆشنایی هاوسەنگیی هێزی دوای شەڕی یەكەمی جیهانی (نەك پەیمانی سایكس پیكۆ) دەوڵەتیان لەسەر دامەزراند.

ڕاستە پەیمانی سایكس پیكۆ نەخشەی ئەوەی دارِشتبوو كە میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەك ئەوەی فەرەنسا و بەریتانیا و ڕووسیای قەیسەری مەبەستیانە دابەشی بكەن، بەڵام دوای كشانەوەی ڕووسیا لەو پەیماننامەیەو پاشانیش وەرچەرخانی بارودۆخی دوای شەڕی یەكەمی جیهان، ئیدی هێندەی لەچوارچێوەی ئاكامی شەڕی یەكەمی جیهان و هاوسەنگیی هێز، بڕیار لەدووبارە دارِشتنەوەی ناوچەكە درا، هێندە نەگەڕانەوە بۆ جێبەجێكردنی پەیماننامەی

**ئەگەر كوردستان ببێتە دەوڵەت، ئەوا ئەمریكا هەم لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەمیش لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی دەتوانێت وەك ئەزموونێكی سەركەوتووی پێكەوەژیان و دیموكراتی و ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ ئاماژەی پێبكات**

**ئەمریكا ناتوانێت بەهیچ دەوڵەتێكی ناوچەكە بڵێت، خۆتان لەسەر شێوازی ئیسرائیل و توركیا ڕێكبخەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هیچ كام لەم دوو دەوڵەتە نە بڕوایان بە فرەیی و پێكەوەژیان هەیە، نەوەك پێویستیشە ڕێز لەمافەكانی مرۆڤ دەگرن**

**ئەگەر هەرێمی كوردستان نەبوایە ئەوا ئێستا نفوزی ئێرانی لەعێراق و سووریا دەبووە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكاو دۆستەكانی لەناوچەكەداو ئەگەری ئەوە هەبوو شەڕێكی گەورەی هەرێمی لەنێوان سعودیەو ئێران، هەروەها توركیا و ئێران ڕوودات**

سایکس پیکۆ، وەك ئەو پەیماننامەی لەساڵی ١٩١٤ لەلایەن وەزیرانی دەرەوەی فەرەنساو بەریتانیاوە داڕێژرابوو.

دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی لەساڵی ١٩١٧، بیر لەوە کرایەوە کە نەخشەی سایکس پیکۆ بگۆڕێت بۆ نەخشەکەی (لۆرانسی عەرەب) بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دادەمەزرێن، ببنە مایەی دروستکردنی ئاشتی و سەقامگیری، نەك ببنە سەرچاوەی هەڕەشە و ناسەقامگیری لە ناوچەکە.

دوای ڕاگەیاندنی ١٤ بەندەکەی وۆدرۆ ویلسن بۆ مافی چارەنووسی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پاشانیش پێشنیارەکەی بۆ دامەزراندنی (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، مەبەست ئەوە بوو کە ئیدی نەتەوەکان لەچوارچێوەی «ئاشتییەکی هەمیشەییدا» بژین، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێککەوتنی ئاشتی پاریس گرێدرا بۆ ئەوەی نەخشەکەی (لۆرانسی عەرەب) جێگەی نەخشەی سایکس پیکۆ بگرێتەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوونە هۆکاری ئەوەی کە نە بتوانن لەسەر نەخشەکەی (لۆرانسی عەرەب)و نە لەسەر نەخشەکەی سایکس پیکۆ ( وەك خۆی ) دووبارە ناوچەکە ڕێکبخەنەوە، بەڵکو ئەوەی بووە فاکتەری سەرەکی بۆ گۆڕانکاری و ئەو نەخشەیەی ئێستا هەیە، هاوسەنگیی هێزی دوای ئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو.

هەردوو پرۆفیسۆر (مارینا ئۆتاوا و دەیڤید ئۆتاوا) کە دوو توێژەری باڵای سەنتەری (وۆدرۆ ولسن)ـن، لەساڵی ٢٠١٥ توێژینەوەیەکیان بەناونیشانی (کۆتایی سایکس پیکۆ) بڵاوکردۆتەوە، لەم توێژینەوەیەدا جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، ئەگەر نەخشەی سایکس پیکۆ وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩١٤ لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیا بۆ دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داڕێژرابوو، وەك خۆی جێبەجێ بکرایە، ئەوا لەگەڵ بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتاییهێنان بەسەردەمی ئیمپریالیزم، دەتوانرا ئەو نەخشەیەش گۆڕانکاری بەسەردا بێت و بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم سنوورانەی ئێستا بەرەنجامی هاوسەنگیی هێزی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییە، ئەوا گۆڕینیان کارێکی ئاسان نییەو هەر دەستکارییەك بکرێت، ناسەقامگیریی زیاتری لێدەکەوێتەوە. بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە٢٠١١ ـەوەو ئەو ئاژاوەو پاشاگەردانییەی لەمیانەی گۆڕینی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لەسەرتاسەری ناوچەکە هاتۆتەئاراوە، ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو جیهان سەلماند کە جارێکی دیکە لەنێو نەخشەی ئەو دەوڵەتە دروستکراوانەدا ئاشتی و سەقامگیری بونیاد نانرێتەوە، لەمەش زیاتر ئەو دەوڵەتە دروستکراوانە، نەك تەنیا وەك دەوڵەتی فاشیل پێناسە دەکرێن، بەڵکو ئێستا تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ناوچەیەکی فاشیل پێناسە دەکرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئێستا هەموو بیرمەندانی جیهان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن، کە ئەو سیستەمەی ئەو دەوڵەتانەی لەسەر دامەزراوە، ئەو سیستەمە مردووە، بەڵام هێشتا سیستەمە تازەکە لەدایك نەبووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاشتی و سەقامگیری بگێڕێتەوە بۆ ناوچەکە.

لەم ناوچەیەدا کە ئاژاوەو پاشاگەردانییەکەی هەموو جیهانی نائومێد کردووەو تەواوی دەوڵەت و سیستمی ناوچەکە بە شکستخواردوو و فاشیل لەقەڵەم دەدرێت، بە دەوڵەتانی هاوپەیمانی نەریتی ئەمریکاشەوە، سێ کیانی سیاسی لە ڕووی سەقامگیریی سیاسییەوە وەك نموونەی ئەزموونی سەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن کە ئەوانیش بریتین لە: (ئیمارات و ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان).

سەبارەت بەئیمارات لەگەڵ ئەوەی زۆرجار لەکوردستانیش ئەو قسەیە دەکرێت و دەڵێن: «هەوڵدەدەین کوردستان بکەینە ئیمارات، یان هەولێر بکەینە دوبەی»، لەگەڵ ئەوەی ڕاستە ئەزموونی ئیمارات لە ڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتنی زۆر گەورەی بەدەستهێناوە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ناتوانرێت لەهیچ شوێنێکی دیکەی ناوچەکە دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر لە ئیمارات لە ڕووی ئابوورییەوە کرانەوە هەبێت، ئەوا لە

**ئەمریکا لەماوەی نزیکەی ١٣ساڵ پێوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کورستان، جیا لەوەی سەربازێکی ئەمریکی نەکوژراوەو بریندار نەبووە، لەهەمانکاتیشدا بەبەراورد بەو پارەیەی لەعێراق و ئەفغانستان خەرجی کردووە، دەتوانین بڵێین هیچی لە کوردستان سەرف نەکردووە، سەرەنجامیش لەهاوپەیمانیەتەکەی لەگەڵ کوردستان سەرکەوتووە لەگەڵ عێراق و ئەفغانستان شکستی هێناوە**

**لە پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردستاندا، ئەمریکا نەك یارمەتی کوردستانی نەداوە، بەڵکو کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە پرۆسەی پەرەپێدانی کوردستاندا سوودمەندی گەورە بوون و قازانجیان کردووە**

رووی سیاسییەوە کۆمەڵگەیەکی داخراوەو هەتا ئێستاش حکومەتی ئیمارات مۆڵەت بە هیچ حزبێکی سیاسی نادات لەو وڵاتە بوونی هەبێت، ئەمەش بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ ناگونجێت کە بیەوێت دەوڵەتێکی هاوچەرخی کراوە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووری بونیاد بنێتەوە. سەبارەت بە ئیسرائیلیش لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل سەرکەوتنی زۆر گەورەی لەبواری حوکمڕانی و تەکنەلۆژیای سەردەم بەدەست هێناوە، بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیلیش ناکرێت بکرێتە نموونەی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو کە شوێنێکی دیکەی ئەم ناوچەیە لاسایی بکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی ئیسرائیل نەیتوانیوە نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەوتۆ پیشانبدات کە وەك هۆکاری ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکە سەیر بکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ماوەی نزیکەی ٧٠ ساڵەو لەو کاتەوەی ئەم دەوڵەتە دامەزراوە، سەرچاوەی ئاژاوەو پێشێوی ناوچەکە بووەو هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە پرۆسەی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیل و عەرەب، هەروەها ئیسرائیل و فەڵەستین جێبەجێ بکات. بۆیە ناتوانرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتی ئیسرائیل وەك نموونەیەکی باش سەیربکرێت. بەڵام هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش تەنیا دەوڵەتی ئەمری واقیعی دانپێدانەنراوە و بەفەرمی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نییە، ئەوا نەك هەر تەنیا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەو کەوانەی پێی دەگوترێت «کەوانەی تیرۆر) هەر لەپاکستانەوە تا دەگاتە نەیجیریا، ئەزموونی دەوڵەتی کوردستان وەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی (دیموکراتی و پێکەوەژیان، دامەزراوەیی، بەرهەمهێنانی لێبووردەیی لەکۆمەڵگەیەکدا کە زۆرینەی موسڵمانە) لەقەڵەم دەدرێت و تەنیا دەوڵەتە لەناو تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیدا کە سەلماندوویەتی دەتوانێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت، هەورەها ژینگەیەکی ئەوتۆی سیاسی دروست کردووە کە تۆوی توندڕەوی و تیرۆریستی تیایدا گەشە ناکات.

بۆ ئێستای هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە گێڕانەوەی سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی بە گرنگترین پرسی سەرەکیی هەموو جیهان سەیردەکەن، هەتا ئێستاش لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا کە باس لەدەوڵەتی کوردستان دەکەین، ئەو پرسیارە لەخۆمان دەکەین: (ئایا کاتەکە گونجاوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنین؟) ئەمە لەکاتیکدا هەموو جیهان ئەو پرسیارە لەخۆی دەکات: (ئایا چۆن دەتوانین نموونەی ئەزموونی دەوڵەتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی دووبارە بکەینەوە؟)

**● لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی تەنیا کوردستان پێناسەی دەوڵەتی لەسەر جێبەجێ دەکرێت**

کاتێك باس لە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان دەکرێت، لەچوارچێوەی سیستمێکی مردوو قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا خودی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان دەبێتە شادەماری ئەو سیستمە جیهانییەی کە چاوەڕێ دەکرێت لەدایك بێت.

لەیەك دوو هەفتەی رابردوو، هاووڵاتیانی کوردستان رەخنەی زۆریان لە راپۆرتەکەی (ئۆلبرایت – هادلی) گرت، بەوەی ئەو راپۆرتە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بەڵام ئەگەر بەوردی ئەو بەشە بخوێنینەوە کە تایبەتە بە «هەرێمی کوردستانی عێراق» دەبینین کە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، تەنیا حوکمڕانییە لەناو هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەو راپۆرتەدا وەك حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو ئاماژەی پێکراوە، هەروەها ئەو راپۆرتە راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا سیستمێکی حوکمڕانی کە لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستی بە دووبارە دارشتنەوە، یان دووبارە بونیادنانەوە نەبێت، هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەمەیان لەوانەیە جێگەی رەزامەندی ئێمە نەبێت و دەڵێت: «لە ئێستادا راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەبری ئەوەی ببێتە فاکتەرێك بۆ چارەسەر، دەبێتە فاکتەرێك بۆ ناسەقامگیری، باشترە ئەم پرسە دوابخرێت بۆ کاتێکی گونجاو بۆ ئەوەی

**بەپێی دیراسەتێکی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیک، ئەمریکا لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ کە بڕی ٢٥ ملیار دۆلاری بۆ سوپای عێراق خەرجکردووە، لەبەرامبەردا لەماوەی ٨ساڵدا تەنیا بڕی ٩٢ ملیۆن دۆلاری یارمەتی هێزی پێشمەرگەی داوە**

**ئەگەر لەسەر پرسی سەروەریی مولزەم بۆ دەوڵەت هەڵوەستە بکەین، ئەوا دەبێت دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان پابەندبن بەوەی خۆیان لە پرسی دەوڵەتی کوردستان هەڵنەقورتێنن، لەبەر ئەوەی ئەم پرسە تایبەت دەبێت بە دیالۆگ و دانوستاندنی نێوان کوردستان و عێراق، لەم حاڵەتەشدا کارەکە زۆر ئاسانتر دەبێت**

**ئەگەر پێگەی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو وەرچەرخانە بخوێنینەوە کە لەسەر ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی باسی لێ دەکرێت، ئەوا چ لەسەر ئاستی پێناسەکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت و چ لەسەر ئاستی پێناسەکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسین، دوو ئاراستەی ئەرێنین بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان و دانپێدانانی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە**

**لەگەڵ ئەوەی سیستمە جیهانییە مردووەکە ڕێگەی ئەوە نادات ڕاستەوخۆ کوردستان بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بڕیاری سەربەخۆی تاکلایەنە بدات، بەڵام سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕێگە بەوە نادات ئەزموونی سەرکەوتووی کوردستان تێکەڵی سیستمی فاشیلی بەغدا بکرێتەوە**

پێشوازی لێبکرێت.»

ڕاپۆرتەکەی ئۆلبرایت هادلی، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی گرێداوەتەوە بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی چارەنووسی ئەم ناوچانە بە وتووێژ لەگەڵ بەغدا، بەڵام لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی سیستمی حوکمڕانی لەعێراقدا، لەدوور و نزیك باسی ئەوە نەکراوە کە هەرێمی کوردستان دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ئەو سیستمە تازەی کە لەعێراقی عەرەبیدا پێوەندی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە ڕێکدەخات و کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە دەهێنێت. ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی سیستمە جیهانییە مردووەکە ڕێگەی ئەوە نادات ڕاستەوخۆ کوردستان بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بڕیاری سەربەخۆی تاکلایەنە بدات، بەڵام سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕێگە بەوە نادات ئەزموونی سەرکەوتووی ئەمری واقیعی کوردستان تێکەڵی سیستمی فاشیلی بەغدا بکرێتەوە، کە ستیفن هادلی وەك سیستمی حوکمڕانیی بەشار ئەسەد پێناسەی دەکات.

ئەم دێڕانە بەرگریکردن نییە لە ڕاپۆرتەکەی (ئۆلبرایت – هادلی)، بەڵکو ئاماژەکردنە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئەم ڕاپۆرتە لەسەر چ بنەمایەك نووسراوە؟ ئایا ئەم ڕاپۆرتە بۆ ئەوە نووسراوە کە کێشەکانی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، یان ئەم ڕاپۆرتە بەو ئامانجە نووسراوە دەرهاویشتە خراپەکانی کێشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر ئاشتی و سەقامگیریی جیهان کەم بکاتەوە؟ سەبارە بە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە، مادلین ئۆلبرایت دەڵێت: «مەبەستمان کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەسەر جیهان، نەك کێشەکانی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست». ئەم قسەیەی مادلین ئۆلبرایت ئەوەمان پێدەڵێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان بەگشتی، نەك تەنیا ناوچەکە، هەربۆیە پێشنیاردەکات هەموو سیستمی حوکمڕانی تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بە تورکیاشەوە (جگە لەکوردستان) هەموویان دەستکاری بکرێن و دابڕێژرێنەوە، لەناو ئەو چوار دەوڵەتەش کە بریتین لە (سووریا، عێراق، یەمەن و لیبیا) پێویستە لە ریشەوە سیستەمەکانیان بگۆڕێت. ستیفن هادلی دەڵێت: «باشترین فرسەت ئەوەیە لەعێراقەوە دەست پێبکرێت.» بەڵام پرسیار ئەوەیە هادلی مەبەستی کام عێراقە؟ بێگومان هادلی نایشارێتەوەو لەقسەکانیدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات کە مەبەستی (عێراقی عەرەبی و ڕێکخستنەوەی پێوەندی نێوان شیعەو سوننەیە).

هەر سەبارەت بەم پرسە و لە ژمارەی مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠١٧ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز کە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوەو تایتڵی سەرەکیی بەرگی ئەم گۆڤارە بریتییە لە «نەمانی سیستەم: ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی»، ڕیچارد هاس ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە جیهانی ئێستا پێویستی بە سیستمێکی دیکە هەیە، کە ئەو ناوی لێناوە «سیستمی دووەمی جیهان»و داوادەکات پێویستە لەم سیستمەدا پێداچوونەوە بە دووخاڵی گرنگدا بکرێت کە بریتین لە:

١. پێناسەکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت وەك سەروەریی مولزەم.

٢. پێناسەکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسین و دیاریکردنی حاڵەتەکەو دانپێدانانی ئەو مافە، واتە بدرێت، نەك تەنیا ئاماژەی پێبکرێت.

ئەگەر لەسەر ئەم دووخاڵە هەڵوەستە بکەین، ئەوەمان پێدەڵێت، ئەو پێناسەی سەروەریی دەوڵەتەی کە لەچوارچێوەی سیستمە کۆنەکە هاتووە، ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت بۆ جیهانێك کە تەواو لەهەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو دەبێت سەروەیی دەوڵەت لەسەروەریی ڕەهاوە بگۆڕێت بۆ سەروەری مولزەم، واتە دەوڵەتان پابەندبن بە هۆکاری هەموو کێشەکانی سەردەم وەك (تیرۆر، نەخۆشی، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، بازرگانی و...هتد) لەبەرامبەر دەوڵەتانی دیکەدا .

سەبارەت بە پێناسەکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسین کە دوادەکات پێناسە بکرێتەوە، داوای ئەوە دەکات، نابێت پێناسەی ئەم مافە پێناسەیەکی گشتگیر بێت، بەڵکو دەبێت دیاریکراو بێت، کاتێکیش ئەم مافە بۆ گەلێك دیاری دەکرێت، نابێت تەنیا بە وشە دابنرێت،

بەڵکو کە دیاری دەکرێت، دەبێت دان بەو مافەدا بنرێت، بۆ ئەمەش ئاماژە بە وتوێژەکانی ڕێککەوتنی کامپ دێڤید دەکات، کە ئەم مافە بەجێهێڵدراوە بۆ وتووێژەکانی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل، هەروەك چۆن ئێستا لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان و بڕیاردانی مافی چارەنووس داوامان لێدەکەن، هەرێمی کوردستان بە دیالۆگ و دانوستاندن ئەم بڕیارە بدات.

دیارە ئەم توێژینەوەی ریچارد هاس وەك پێشنیار، یان بەرچاوڕوونییەك بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا نووسراوەو وەڵامدانەوەیەکە بۆ بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکانی دۆناڵد ترەمپ کە دوای دەکرد، دەبێت دەوڵەتانی جیهان پابەندبن بەرامبەر بە ئەمریکا، یان پابەندبن بەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی ئەمریکا و جیهان دەبنەوە، لەم چوارچێوەیەدا هاس داوا لەئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەکات: «پێش ئەوەی داوای پابەندبوون لەدەوڵەتانی جیهان بکەیت، باشترە بزانی کە ئەو پابەندبوونانە چین کە پێویستە ئەمریکا پێوەیان پابەند بێت.»

بەڵام ئەگەر پێگەی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو وەرچەرخانە بخوێنینەوە کە لەسەر ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی باسی لێ دەکرێت، ئەوا چ لەسەر ئاستی پێناسەکردنەوەی سەروەریی دەوڵەت و چ لەسەر ئاستی پێناسەکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسین، دوو ئاراستەی ئەرێنین بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان و دانپێدانانی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

ئەگەر لەسەر پرسی سەروەریی مولزەم بۆ دەوڵەت هەڵوەستە بکەین، ئەوا دەبێت دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان پاپەندبن بەوەی خۆیان لە پرسی دەوڵەتی کوردستان هەڵنەقورتێنن، لەبەر ئەوەی ئەم پرسە تایبەت دەبێت بە دیالۆگ و دانوستاندنی نێوان کوردستان و عێراق، لەم حاڵەتەشدا کارەکە زۆر ئاسانتر دەبێت. ئەگەر لەروانگەی پێناسەکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسینەوەش هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دیارە پێشنیارەکەی هاس بۆ ئەوەیە کاتێك نەتەوەیەك بانگەشە بۆ مافی چارەنووس دەکات، دەبێت پێشتر سەلماندبێتی کە شایستەی ئەو مافەیە، کاتێکیش ئەو مافەی پێدەدرێت، دەوڵەتێکی هاوچەرخ دروست دەکات، نەك دەوڵەتێکی فاشیل، بۆ ئەمەشیان کوردستان تەنیا کیانی سیاسی دەوڵەتی ئەمری واقیعە لەناو تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامیدا کە سەلماندوییەتی دەوڵەتێکی سەرکەوتووە، بۆیە ئەگەر پێشتر مەترسیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەوە بووبێت، کە ئەگەر بوار بەوە بدرێت کورد بڕیاری مافی چارەنووس بدات، دەبێتە پێشینەیەك بۆ جیابوونەوەی زۆر نەتەوەی دیکە، ئەوا لەئێستادا ڕێزگرتن لەبڕیاری کورد بۆ مافی چارەنووس دەبێتە دەستپێك و هاندانێك بۆ بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەجیهان و ناوچەکەدا، ئەمەش ئەو ئاکامەیە کە هەموو دەوڵەتانی جیهان ئومێدی بۆ دەخوازن.

**● دەوڵەتی کوردستان لە روانگەی میتۆدی قازانج و زیانی ترامپەوە**

هەموو ئەو چاودێرو پسپۆڕانەی شرۆڤەی سیاسیەتی ئیدارەی داهاتوو بەگشتی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتی دەکەن، بەشی هەرە زۆریان لەیەك خاڵدا یەك دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە «دۆناڵد ترامپ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا وەك بزنسمانێك بەمیتۆدی قازانج و زیان سەیری پرسەکانی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەکات».

ئەگەر لەسەر ئەم میتۆدەی پێشبینی دەکرێت سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا لەسەر بنەمای قازانج و زیان مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکات، ئەوا گریمان بەهەمان میتۆدیش مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بکات، پرسیار ئەوەیە ئایا ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان قازانجە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، یان زیان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو ژمارەیە دەیداتەوە کە لەماوەی ٤ خولی رابردووی ئیدارەی ئەمریکا بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت و شەڕی دژەتیرۆر خەرجکراون و لەهەردوو پرۆسەکەشدا هەر چوار خولەکەی ئیدارەی ئەمریکا لەماوەی ١٦ ساڵدا شکستیان هێناوە. هەر بۆ نموونە:

١. بەپێی توێژینەوەیەك کە زانکۆی هارڤارد پێش چەند ساڵێك بڵاوی کردۆتەوە، ئیدارەی جۆرج دەبلیو بۆش و ئۆباما لەماوەی ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠١١، بڕی ٦ تریلیۆن دۆلاریان بۆ

**کاتێک باس لە دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان دەکرێت، لەچوارچێوەی سیستمێکی مردوو قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا خودی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان دەبێتە شادەماری ئەو سیستمە جیهانییەی کە چاوەڕێ دەکرێت لەدایک بێت**

**لەم ناوچەیەدا کە ئاژاوەو پاشاگەردانییەکەی هەموو جیهانی نائومێد کردووەو تەواوی دەوڵەت و سیستمی ناوچەکە بە شکستخواردوو و فاشیل لەقەڵەم دەدرێت، بەدەوڵەتانی هاوپەیمانی نەریتی ئەمریکاشەوە، سێ کیانی سیاسی لە ڕووی سەقامگیریی سیاسییەوە وەک نموونەی ئەزموونی سەرکەوتوو لەقەڵەم دەرێن کە ئەوانیش بریتین لە ئیمارات و ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان**

**پەنابردن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەدەی حەڤدەم لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی «ویستفالیا»دا، بۆ کۆتاییهێنان بوو بەشەڕی سی ساڵەی ئایینی لەنێوان نەتەوەکانی ئەوروپا، دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی بەتەکفیری کەنیسەو سەربڕین و سووتاندن هێنا، لە جێگەیدا ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی زانستی پێشکەشی مرۆڤایەتی کرد**

**کوردستان لەسایەی هێزی پێشمەرگەدا نموونەیەکی سەرکەوتووی دەوڵەتی پیشانداوەو ئیرادەی پێشمەرگە ئەو توانایەی داوە بەدەوڵەتی کورستان کە وەڵامی ئەو تەحەددی و هەڕەشانە بداتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی ئێستا دەوڵەت لەجیهان و بەشێوەیەکی تایبەتی لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناتوانێت وەڵامی بداتەوە**

شەڕو بونیادنانەوەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەفغانستان خەرج کردووە.

٢. هێزەکانی ئەمریکا لەهەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان نزیکەی ١٠ هەزار کوژراو و دەیان هەزار برینداریان هەبووە.

٣. تەنیا بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سوپای عێراق، بەهای ٢٥ ملیار دۆلار چەك و پێداویستی بۆ سوپای عێراق دابینکردووە، ئەو سوپایەی کە لەساڵی ٢٠١٤ پێنج فیرقە پێکەوە خۆیان تەسلیمی تیرۆریستانی داعش کرد.

٤. لەبوارەکانی هاوکاری مەشق و راهێنان بە سوپا و هەموو دامەزراوەکانی دیکەی حکومەتی عێراق و ئەفغانستان بە دەیان هەزار راوێژکاری سەربازی و یاسایی و کارگێری لەو دوو وڵاتە بوون.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری هەردوو شەڕی ئەفغانستان و عێراق و پرۆسەی بونیادنانەوەی هەردوو دەوڵەتەکە بکەین، دەبینین وێڕای ئەم هەموو قوربانیدان و خەرجییە، عێراق و ئەفغانستان وەك دوو دەوڵەت بارودۆخیان زۆر باشتر بووە پێش ئەوەی ئەمریکا بەعس و تاڵیبان برووخێنێت. بەڵام ئەگەر هەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری هاوپەیمانی نێوان کوردستان و ئەمریکا بکەین و بزانین لەساڵی ٢٠٠٢ هەتا ئێستا ئەمریکا چی بۆ کوردستان کردووە، هاوکات دەزانین بۆچی هەر خودی ئەمریکا وەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو شانازی بە کوردستانەوە دەکات، کە هۆکارەکانی ئەم چەند نموونەیەن:

● لەساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا سەربازێکی ئەمریکی لەکوردستان نەکوژراوە، هەروەها سەربازێکی ئەمریکا بۆ دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری هاوکاری کوردستانی نەکردووە.

● بەپێی دیراسەتێکی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، ئەمریکا لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ کە بڕی ٢٥ ملیار دۆلاری بۆ سوپای عێراق خەرجکردووە، لەبەرامبەردا لەماوەی ٨ ساڵدا تەنیا بڕی ٩٢ ملیۆن دۆلاری یارمەتی هێزی پێشمەرگەی داوە.

● لەپرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردستاندا، ئەمریکا نەك یارمەتی کوردستانی نەداوە، بەڵکو کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە پرۆسەی پەرەپێدانی کوردستاندا سوودمەندی گەورە بوون و قازانجیان کردووە.

● ئیدارەی ئەمریکا راوێژکاری سەربازی و یاسایی و کارگێری بەو ژمارە زۆرەی کە بۆ حکومەتی عێراق و ئەفغانستان ناردووە، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەناردووە، بەپێچەوانەوە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستیشی بە راوێژکاری ئەمریکی هەبووبێت، لەسەر خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری حکومەت و دامەزراوەکانیان کردووە، نەك لەسەر خەرجی ئیدارەی ئەمریکا.

● لە عێراق و ئەفغانستاندا سوپای ئەمریکا وەك داگیرکارو دوژمن سەیردەکرێن، بەڵام لەکوردستان وەك دۆست سەیردەکرێن و پێشوازییان لێدەکرێت.

ئەم بەراوردکارییە ئەوەمان پیشاندەدات، ئەمریکا لەماوەی نزیکەی ١٣ساڵ پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، جیا لەوەی سەربازێکی ئەمریکی نەکوژراوەو بریندار نەبووە، لەهەمانکاتیشدا بەبەراورد بەو پارەیەی لەعێراق و ئەفغانستان خەرجی کردووە، دەتوانین بڵێین هیچی لە کوردستان سەرف نەکردووە، سەرەنجامیش لە هاوپەیمانیەتەکەی لەگەڵ کوردستان سەرکەوتووەو لەگەڵ عێراق و ئەفغانستان شکستی هێناوە.

ئەگەر بەدیوێکی دیکەو دیسان بەمیتۆدی قازانج و زیان سەیری پەیوەندی نێوان کوردستان و ئەمریکا بکەین، ئایا کوردستان لەماوەی ئەم ١٤ ساڵە (٢٠٠٢-٢٠١٦) وەك دۆستێك و هاوپەیمانێك چەند سوودی بە ستراتیژیەت و سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە گەیاندووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بە چەند خاڵێك دەدەینەوە:

- ئەگەر کوردستان لەساڵی ٢٠٠٣ هاوپەیمانی ئەمریکا نەبوایە، ئەمریکا نەیدەتوانی لە پرۆسەی رووخانی رژێمی سەدام حوسێن سەرکەوتوو بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هیچ دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق بە تورکیاشەوە رازی نەبوون لە باکوورەوە بەرەیەکی شەڕ بکەنەوە، خۆ ئەگەر شەڕەکەشی بکردایەو بیتوانیایە رژێمی بەعسیش برووخێنێت، ئەوا چۆن لەساڵی ١٩٧٥ بە دۆڕاوی لەڤێتنام کشایەوە، ئەوا دەبوو لەساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ یش

بەدۆڕاوی لە عێراق پاشەکشەی بکردایە.

- ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبوایە ئەوا ئێستا نفوزی ئێرانی لەعێراق و سووریا دەبووە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو دۆستەکانی لەناوچەکەداو ئەگەری ئەوە هەبوو شەڕێکی گەورەی هەرێمی لەنێوان سعودیەو ئێران و هەروەها تورکیا و ئێران رووبدات، بەڵام بوونی هەرێمی کوردستان وەك سیستەمێکی حوکمڕانیی سەرکەوتوو نەهێشتووە ئەوە رووبدات.

- لەساڵی ٢٠١٤ کاتێك پێنج فیرقەی سوپای عێراق خۆی تەسلیمی داعش کردو دوای ئەوەش داعش خەلافەتی ئیسلامی لەعێراق و سووریا راگەیاند، ئەگەر بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە نەبوایە، ئەوا دەبوو ئیدارەی ئەمریکا نەك هەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمێنێت، بەڵکو ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاش دەکەوتە مەترسییەوە، داعش وەك هێزێکی ئەفسانەیی لە تەواوی جیهان خۆی نمایش کردبوو، جگە لەهێزی پێشمەرگە، سوپای هیچ دەوڵەتێك نەیدەتوانی لەڕووی رابوەستێت، بۆیە هەرێمی کوردستان لەشەڕی دژی داعش، شکۆی بۆ ئەمریکا گێڕایەوە.

ئەوجا ئەگەر لەم روانگەیەوە و لەسەر هەمان میتۆدی (قازانج و زیان) تێڕوانینی ئەمریکا بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بخوێنینەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر کوردستان ببێت بەدەوڵەت، ئەمریکا چەند قازانج دەکات؟ ئەمەشیان بەچەند خاڵێك دیاری دەکەین:

١. گرنگترین دوو هاوپەیمانی ئەمریکا لەناوچەکە کە وەك دوو دەوڵەتی سەرکەوتوو سەیردەکرێن، بریتین لە تورکیا و ئیسرائیل، ئەمریکا ناتوانێت بەهیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە بڵێت، خۆتان لەسەر شێوازی ئیسرائیل و تورکیا رێکبخەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هیچ کام لەم دوو دەوڵەتە نە بڕوایان بە فرەیی و پێکەوەژیان هەیە، نەوەك پێویستیش رێز لەمافەکانی مرۆڤ دەگرن، بەڵام ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، ئەوا ئەمریکا هەم لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەمیش لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی دەتوانێت وەك ئەزموونێکی سەرکەوتووی پێکەوەژیان و دیموکراتی و رێزگرتن لەمافی مرۆڤ ئاماژەی پێبکات و بیکاتە نموونەیەك بۆ تەواوی ئەو دەوڵەتانە.

٢. لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە بەشێك لەو دەوڵەتانەی هاوپەیمانی ئەمریکان، هەتا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە سوپای ئەمریکا لەو دەوڵەتانە بوونیان هەیە، ئەمەش خەرجییەکی گەورەیە کە ساڵانە دەبێت بۆ ئەو هێزانەی دابین بکات، بەڵام کوردستان پێویستی بە بنکەیەکی سەربازی هەمیشەیی ئەمریکا نییە کە تەنیا ئەرکی ئەوە بێت کوردستان بپارێزێت، لەوانەیە ئەمریکا پێویستی بەوە بێت بنکەیەکی سەربازی لەکوردستان هەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەناوچەکە، بەڵام کوردستان پێشمەرگەی هەیەو لەوانەیە تەنیا پێویستی بە مەشق و راهێنان و یارمەتی چەك و لۆجیستی سەربازی بێت، ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەمریکادا دەبێت.

٣. سیستەمی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، سیستەمێکی دیموکراتییە لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕو پەرەپێدان لەچوارچێوەی وەبەرهێناندا، لەمەشدا ئەمریکا نەك هەر کۆمپانیاکانی خۆی لەم ژینگەی کوردستانە سوودمەند دەبن، بەڵکو دۆستەکانی ئەمریکاش لەناوچەکەو ئەوروپا سوودمەند دەبن و پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا کوردستان تەنیا دەوڵەت دەبێت لەناوچەکە کە بەرژەوەندیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەو ئەوروپا پێکەوە گرێدەداتەوە.

کەواتە جیا لەوەی دەوڵەتی کوردستان مافێکی رەوای هەموو تاکێکی کوردستانەو ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە لە رووی ئەخلاقییەوە رێز لەئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت بۆ ئەوەی بڕیاری مافی چارەنووس بدات، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش دەوڵەتی کوردستان جیا لەوەی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بونیادنانی ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکەو جیهانیشدا، لەهەمانکاتدا ئەگەر بەمیتۆدی (قازانج و زیان)یش سەیربکرێت، کە هەندێك پێیانوایە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکات، ئەوا لەمەشیاندا، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان پێش هەموولایەك لەبەرژەوەندیی ئەمریکادا دەبێت.

**لەبەر ئەوەی ژینگەی سیاسیی کوردستان نەبۆتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی تیرۆرو توندوتیژی و نەبووەتە هەڕەشەش لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و پاشاگەردانی و بێ سیستەمی ناوچەکە، ئەوا ئەم لایەنەش کەمتر بایەخی پێدەدەن**

**دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپاو ئەمریکا شانازییان بەوە دەکرد کە دەوڵەتەکانیان ژینگەیەکە کە بۆ ئازادی پێشوازی لەهەموو جیهان دەکەن، کەچی لەئێستادا حزبەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بەدژایەتیکردنی پەنابەرو رێگرتن لە پەنابەر هەڵبژاردن دەبەنەوەو دەچنە ناو دەسەڵاتەوە**

# پێکەوەژیانی کولتوورە جیاوازەکان لە کوردستاندا!



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

چەمکی پێکەوەژیان پێناسەیەکی حەتمییە بۆ هەموو توخم و ڕەگەزەکانی ناوچەیەکی مێژوویی-کولتووری؛ چونکە بەبێ ئەمە، واتە بەبێ پێکەوەژیان، نەخشەی ئێتنۆگرافیی، بۆ نموونە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز بەم شێوەیەی ئێستاکە نەدەبوو...

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی فرەئێتنیکە، دانیشتوانەکەی پێکهاتوون لە : کورد، عەرەب، تورک، فارس، جوو، ئاسووری، تورکمان، بلوج، تات، تالیش، ئەرمەن، ئەفشار... و کەواتە فرەکولتووریشە، چونکە هەر یەک لەو ئێتنۆسانە خاوەن کولتووری تایبەت بە خۆیەتی و جیاوازە لە ئەوانیدییەوە و ئەگەر تەنیا ئایین وەرگرین، وەکو توخمێکی هەرەگرنگی کولتوور، ئەوا ئەم ناوچەیە تژییە لە ئایین و ئایینزا و باوەڕی جۆراوجۆر : ئیسلام- سوننە و شیعە، مەسیحی-کاتۆلیک وئەرتۆدۆکس، جوولەکەیی؛ ئینجا ئایینی ناوچەیی و سینکریت: ئێزدی، ئەهلی هەق، عەلەوی (قزلباش و نوسەیری)، درووز...

کوردستانیش، بەهەمان جۆر، فرەئێتنیک و فرەکولتوورە؛ نوێنەرانی زۆربەی ئێتنۆس و کولتوورەکانی سەرەوە لەسەر خاکەکەی نیشتەجێن و لە کۆنتاکت و پەیوەندیی مێژوویی دان لەگەڵ یەکدیدا- هەموویان پێکەوە مێژوویەکی هاوبەشی سەدان ساڵەیان هەیە... لە سۆنگەی ئەمەشەوە هەندێ لە پسپۆران کوردستان بە «گەنجینەی ئایینان» ناوزەد دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پێکەوەژیانە پرۆسەیەکی تائەوپەڕی ئاڵۆز و گرفت ئامێزە؛ لە هەموو ماوەی مێژوودا پرۆسەی ئەم پێکەوەژیانە هەمیشە تژیبووە لە توندوتیژی و هەوڵی یەکتر سڕینەوە و زاڵبوون بەسەر یەکدیدا لەلایەن ئێتنۆس و پەیڕەوکەرانی ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانەوە...

کەواتە پێکەوەژیان پرۆسەیەکی بەردەوام و هەمیشەییە؛ بۆیە دەبێ بگەڕێین بەدوای هۆکارەکانی داهێنانی گرفت و ئاڵۆزییەکان لەنێوان توخم و ڕەگەزەکانی لە ڕەوتی ئەم پرۆسەیەدا دەژین... بەڕای ئێمە، دوو هۆکاری سەرەکی و کاریگەر لەم بوارەدا بریتین لە : کولتوور و سیاسەت؛ دەبێ لە جوغزی ئەم دوو هۆکارەوە سەیری پێکەوەژیانی گرووپ و ئێتنۆسەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو بکەین.

کولتوور، واتە شیوازی ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک لەسەر بنەمای هەندێ نۆرم، ڕێسا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کە زۆرینەیان ئایینی یاخود تەقدیس و بەئایینیی کراون و لەناو ئەو خەڵکەدا توند چەسپاوون، ئەستەمە بتوانن لێیان دەرچن. لە ناوچەیەکی مێژوویی- کولتووری وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین توخمی هەرەسەرەکی و کاریگەرە لە ژیانی خەڵکی ئەوێدا؛ بەتایبەتیش ئایینی ئیسلام کە سەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتیی پەیڕەوکەرانی کۆنترۆڵکردووە، نە هەر ئەوە، بەڵکو ڕێسا و پرانسیپەکانی ئیسلام خزێنراونەتە نێو بەشێکی زۆری یاسا وەزعییەکانیشەوە؛ هەروەها جێپەنجەکانی

ئایین بەسەر لایەنی ماددیشەوە بەزەقی دیارن- وەکو جلوبەرگ، سمێل و ڕیش بەردانەوە و... ئەمە هەندێ لە ئایینەکانی دیش دەگرێتەوە بەڵام بەڕادەی کەمتر. لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین سەرلەبەری ئێتنۆسانی کوردستان، بەڕادەیەکی زۆریش هی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە کۆمەڵەی «ئێتنۆئایینی» لە قەڵەم بدەین. هەر کۆمەڵەیەکیش لەم جۆرە، وەکو باوە، داخراو و دوورەپەرێزە، پیاوسالارە، توندڕەو و دەسگیرۆیە بە پیرۆزییەکانی خۆیەوە، دەزگای ئایینی تیایدا باڵادەستە، دەسەڵات بەلایانەوە بۆ زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنە... کەواتە ئەندامەکانی ئامادەن بۆ توندوتیژی و ئەگەر هۆکارگەلیتر بێنە ئاراوە ئەوا بەرەو تیرۆریش دەچن.

یەکێک لەو هۆکارانەش، وەکو گوتمان، سیاسەتە کە بزوینەرێکی بەهێزە بۆ دابینکردنی «پێکەوەژیان»ی توخمە جیاوازەکان... لەهەمان کات بۆ تێکدانیشی.

ئێلیتی دەسەڵاتدار، کە ئەویش سەربە کۆمەڵەی ئێتنۆئایینیە و هەمان ئەو سیمایانەی سەرەوەیان هەیە، ئەوەندەی کار بۆ کۆنترۆڵ و ملکەچکردنی ئەوانیدی دەکات، ئەوەندە مەبەستی پێکەوەژیانێکی یەکسان و ئارام نییە... پێکەوەژیان بەلای ئەم جۆرە دەسەڵاتە واتە- ژێردەست و ملکەچکردنی ئەوانیتر.

ئەم جۆرە شێوازی بیرکردنەوەیە، بێگومان، سەرچاوەی لە کولتوور هەڵگرتووە؛ هەر کۆمەڵگایەکیش دەرنەچێ لە قاوغی کۆمەڵەی «ئێتنۆئایینی»- ئەم مینتالیتێتەی هەر دەمێنێتەوە.

لە ڕاستیشدا، پڕۆسەی دەربازبوون لەم قۆناغە دەستپێکردووە؛ دەکرێ سەرهەڵدانی دیاردەی حیزبی ئایینی «ئیسلامی» لە کوردستان وەکو سەرەتایەک بۆ ئەم پڕۆسەیە تەماشابکەین- لە ڕابردوودا هەر حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی ناچار پەنای دەبرد بۆ پشتیوانیی دەزگای ئایینی و ڕاکێشانی پیاوانی ئایینیی ناودار، ئێستاکە پێچەوانەیە- دەزگای ئایینی و پیاوانی ئایینی پەنا بۆ سیاسەت دەبەن، ڕێکخراو و چالاکیی سیاسی ڕێکدەخەن... ئەمە یەکێکە لەو گۆڕانکارییە گەورانەی بەسەر هوشیاریی پیاوانی ئایینیدا هاتووە لە کوردستان، ناوەڕۆکی ئەم گۆڕانەش لەوەدایە کە ئەمان چیتر تەنیا بە ئایین ناتوانن ژیانی سەرزەمین دابین و چاکی بکەن، بۆ ئەمە دەبێ ڕوو لە سیاسەت و ئابووری و لایەنی نەتەوەیی بکەن- گەڕانەوەی دەزگای ئایینی بۆ سەر زەمین، سەرەتایەکی گرنگە بۆ دەربازبوون لە هوشیاریی ئایینیی ڕەها... ئەمەش بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی «ئێتنۆئایینی « بایەخ و کاریگەریی زۆری هەیە. هەروەهاش بڵاوبوونەوەی بەها دیموکراتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا وەکو : فرەیی، مافی مرۆڤ، یەکسانی، مافی ئافرەت، ئازادیی ڕادەربڕین و... کە ئەگەرچی بەتەواوی و هەمووجارێک پەیڕەو نەدەکران، بەڵام بۆ بەڕێکردنی قۆناغەکە دەوریان کەم نەبوو.

لێرەشدا، دەبێ بڵێین کە، لەگەڵ ئەو جیاوازی و نایەکسانییەی نیوان کولتوور و ئێتنۆسەکان، لە ناوچەکە بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی جۆرێک لە پێکەوەژیان بەڕێوەچووە کە ئەگەرچی نایەکسان، بەڵام ئارام و بێ توندوتیژیی جەستەیی؛ چەند مینبەرێکی ئایینی هەندێ جار هاندانیان پێوەدیارە، کەچی خۆشبەختانە بێئاکام؛ ناکۆکیی نێوان موسڵمان و مەسیحی، موسڵمان و ئێزدی و کاکەیی بەدیی نەکراون؛ ناکۆکی و توندوتیژیی نێوان سوننە و شیعە، پێچەوانەی بەشەکانیتری عیراق، لە کوردستان هەرگیز ڕوویاننەداوە... ئەمەش بەڕای ئێمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری مێژوویی، ئەو مێژووەی کە تیایدا کورد هەمیشە ستەم لێکراو بووە... بەشێکیشی بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری حوکمڕانی و دەسەڵات لە کوردستاندا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە گوتمان، دەتوانین بڵێین کە لە کوردستاندا ڕەوشێکی ئایینی و نەتەوەیی لەبار ڕەخساوە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکان؛ هەروەها دەتوانین ئەم ڕەوشە بە هەنگاوێک دابنێین بۆ دەربازبوون لە قۆناغی کۆمەڵگای «ئێتنۆئایینی» و بۆیەش ئێمە، لەم ڕوانگەیەوە، تیشکی ئاسۆیەکی ڕوون بەدی دەکەین لە پڕۆسەی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ئەم تیشکەش دەبێ بە مەشخەڵ و ڕووناکیی تەواو دەبەخشێ لە حاڵەتی درککردنی دەسەڵات بە گرنگی و دەوری چارەنووسازی کولتوور لە پڕۆسەی پێشڤەچووندا... لەم ڕووەوە، دەسەڵاتی کوردی لەبەردەم دوو ئەلتەرناتیڤ دایە : ئایا هەر دڵسۆز و ملکەچ دەمێنێتەوە بۆ کولتووری کۆمەڵگاکەی، یاخود بوێرانە دەستوبرد دەکات لەپێناو چاکسازیی کولتووریدا- ئەویش بە لادانی پیرۆزیی لەسەر کۆمەڵێک لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی باو (خزمایەتی، دۆستایەتی، خێڵایەتی و...)؛ نەهێشتنی نایەکسانی لەسەر بنەمای ڕەگەز، تەمەن، ئایین، ناوچە...؛ نەهێشتنی یا هەرنەبێ کەمکردنەوەی باڵادەستیی دەزگای ئایینی؛ ڕەخساندنی ئازادیی ڕەهای تاکەکەس...

**لەگەڵ ئەو جیاوازی و نایەکسانییەی نیوان کولتوور و ئێتنۆسەکان، لە ناوچەکە بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی جۆرێک لە پێکەوەژیان بەڕێوەچووە کە ئەگەرچی نایەکسان، بەڵام ئارام و بێ توندوتیژیی جەستەیی؛ چەند مینبەرێکی ئایینی هەندێ جار هاندانیان پێوەدیارە، کەچی خۆشبەختانە بێئاکام؛ ناکۆکیی نێوان موسڵمان و مەسیحی، موسڵمان و ئێزدی و کاکەیی بەدیی نەکراون**

**ئەم تیشکەش دەبێ بە مەشخەڵ و ڕووناکیی تەواو دەبەخشێ لە حاڵەتی درککردنی دەسەڵات بە گرنگی و دەوری چارەنووسازی کولتوور لە پڕۆسەی پێشڤەچووندا... لەم ڕووەوە، دەسەڵاتی کوردی لەبەردەم دوو ئەلتەرناتیڤ دایە : ئایا هەر دڵسۆز و ملکەچ دەمێنێتەوە بۆ کولتووری کۆمەڵگاکەی، یاخود بوێرانە دەستوبرد دەکات لەپێناو چاکسازیی کولتووریدا**



**هادی عەلی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ئەگەر دەستەبژێری سیاسی نەتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن مانای وایە لەپرۆسەی سیاسیدا شکستیان هێناوە

**لەکاتێکدا بەرەو پرۆسەی سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرین، گەورەترین کێشە لەکوردستان کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانە کە زیاتر لەساڵێکە حزبەکانی کوردستان ناتوانن لەسەر چارەسەرێکی گونجاو رێکبکەون، بۆ کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیەش بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی حزبەکان کردووە بۆ ئەوەی پێکەوە کۆببنەوەو کێشەکان چارەسەر بکەن. بۆ قسەکردن لەسەر کۆبوونەوەی حزبەکان و هەلومەرجی ئێستای کوردستان لەعێراق و ناوچەکەدا، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ هادی عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری سیاسی لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** خەریکە شەڕی داعش کۆتایی دێت و ئەو مەترسییە لەکوردستان دووردەکەوێتەوە، ئێوە چۆن سەیری کوردستان لەدوای شەڕی داعش دەکەن؟**

- شەڕی داعش هێشتا لەبەر دەرگای کوردستانە، بۆیە هەتا پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ کۆتایی نەیەت و لەسووریاش داعش بە تەواوەتی لاواز نەکرێت، ناتوانین بڵێین مەترسیی داعش لەسەر کوردستان کۆتایی هاتووە. بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت لەسەرەتای ساڵی داهاتوو دوای ئەوەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ کۆتایی دێت، ئەو مەترسییەش وەك مەترسییەکی سەربازی لەسەر کوردستان دوور بکەوێتەوە. ئەو هەلومەرجەی لەماوەی دووساڵی رابردوو لەمیانەی شەڕی پێشمەرگە دژی داعش هاتەئاراوەو بووە هۆکاری ئەوەی کە هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، هاوکاری پێشمەرگە بکەن لەم شەڕەدا، ئەوە هەلومەرجێکی ئەوتۆی دروستکرد کە هێزی پێشمەرگە بتوانێت لەشەڕی دژی داعش سەرکەوتنی گەورە تۆماربکات و لەکوردستان دووریان بخاتەوە، لەهەمانکاتدا ئەم سەرکەوتنانەی هێزی پێشمەرگە بوونە هۆکاری ئەوەی پشتگیری سیاسی و نێودەوڵەتیشی بۆ کوردستان بەدوادا بێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەستکەوتی گەورەن و دەبێت پارێزگاری لێ بکەین، هەروەها نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کوردی سووریاش لەهەلومەرجی شەڕی دژی داعش سوودمەند بوون.

*** زۆر لە چاودێران ئاماژە بەوە دەکەن لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ هەلومەرجەکە بەشێوەیەکی گشتی و بۆ کوردستان بەتایبەتی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئایا کاریگەریی موسڵ لەسەر داهاتووی کوردستان چۆن دەبێت؟**

- من پێشتریش لە نووسینێکمدا جەختم لەسەر ئەوەکردۆتەوە، چۆن موسڵ لەماوەی سەد ساڵی رابردوو کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان هەبووە، دوای کۆتایی هاتنی داعش-یش بە شێوەیەکی دیکە کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان دەبێت. دیارە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو، موسڵ بۆ ماوەی چەند ساڵێك کێشەیەکی گەورە بووە لەنێوان عێراق کە سەر بە بەریتانیا بوو لەگەڵ تورکیای نوێ بەسەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورك، پاشان ئەم کێشەیە بەوجۆرە چارەسەرکرا کە ویلایەتی موسڵ (کە نزیکەی هەموو خاکی باشووری کوردستان دەکات) لکێنرا بەعێراقەوەو لەوکاتەشەوە ئەم لکاندنە بۆتە هۆکاری ئەو هەموو شۆڕش و راپەڕینەی لە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان ئەنجامدراوە و بۆتە هۆکاری ئەوەی سەدان هەزار شەهید بدەین و ئەو هەموو کاولکارییەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، هەتا گەیشتۆتە ئەو واقیعەی کە ئێستا ئێمە تیایدا دەژین.

بە تێڕوانینی من خەریکە مێژوو بە جۆرێکی دیکە خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەمجارە موسڵ کاریگەری لەسەر داهاتووی باشووری

**ئێمە وەک یەکگرتووی ئیسلامی پێشوازیمان لە پەیامەکەی بەڕێز کاک مسعود بارزانی کردووەو بە دەستپێشخەرییەکی ئەرێنی لەقەڵەمانداوە و گوتوومانە ئەمە هەنگاوێکە بە ئاراستەی ئەرێنی و دروست و دەکرێت بکرێتە دەستپێک بۆ ئەوەی دیالۆگ و دانوستاندن لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا دەست پێبکاتەوە**

**پێشتر کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان لەچیای حەمرین نەدەچوونە خوارەوە، بەڵام ئێستا لەبەغدایە، ئەمەش خاڵێکی دیکەی لاوازە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان لەبەغدا لاواز بێت**

**ئەو زەمینەیەی کە بوار بۆ توندڕۆیی ئایینی دەڕەخسێنێت و لەوڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، لەکوردستاندا بوونی نییە**

**ئەم میکانیزمە تازەیە کە بریتییە لەدوو دەوڵەتی کۆنفیدراڵی، بەستراوەتەوە بەوەی تاچەند خۆمان توانای ئەوەمان هەیە کێشە سیاسییەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و بە یەکریزی و یەک گوتاری لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەغدا دیالۆگ و دانوستاندن بکەین**

**بارودۆخی کوردستان لەوە دەرچووە کە بتوانرێت تەنیا لەچوارچێوەی فیدراڵی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا ڕێکبخرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە ئاستەکەی بەرەو پێشەوە بچێت و بەدوای میکانیزمێکی دیکەدا بگەڕێن**

کوردستان دەبێت، هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن، کە دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و کۆتاییهاتنی داعش لەرووی سەربازییەوە، هەلومەرجێکی باشتر بۆ باشووری کوردستان دێتەئاراوە بۆ ئەوەی لەم بەشەدا زیاتر خۆی بچەسپێنیت و باشتر خۆی جێگیر بکات. بەتایبەتی کە ئێستا ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازادکراون، ئەو ناوچانەی کە لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بەناوچەی جێناکۆك پێناسەکراون، بۆیە کاتێك ئەم ناوچانە لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە بن بە بەرژەوەندی کوردستان چارەسەر دەبن. لەم چوارچێوەیەدا ئاشکرایە ئەگەرچی شەڕی داعش لەسەرەتادا هەڕەشەی گەورەی لەسەر کوردستان دروستکرد، بەڵام لەکۆتاییدا کۆمەڵێك خاڵی ئەرێنی بۆ بەرژەوەندیی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا.

*** ئەگەر لەسەر ئەم بارودۆخە سەیری پرۆسەی سیاسی لەکوردستاندا بکەین، دەبینین لەکوردستاندا قەیرانی سیاسی و ئابووری بوونی هەیەو هەتا ئێستا حزبەکان نەیانتوانیوە قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی بیرێك لەقەیرانە دارایی و ئابوورییەکە بکەنەوە، ئایا ئەم قەیرانە سیاسییەی کوردستان چەند مەترسی لەسەر ئەو دەستکەوتانە دروست دەکات؟**

- لەئێستادا بەپلەی یەکەم کێشەی سەرەکیمان پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی کوردستانە، واتە قەیران و چەقبەستوویی سیاسی کێشە سەرەکییەکەیە، تەنانەت قەیرانی ئابووری و داراییشمان دەرهاویشتەی قەیرانە سیاسییەکەیە، راستە سەبارەت بە قەیرانی ئابووری و دارایی باس لە دابەزینی نرخی نەوت دەکرێت، بەڵام ئەم قەیرانە ئابوورییە نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ دەیبینین، ئەگەر قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر بکرایە. بەتایبەتی دوای ئەوەی حزبە سیاسییەکان لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەیانتوانی بە ڕێگەی دانوستاندن و دیالۆگ بگەنە ڕێککەوتنێك کە لانیکەمی داواکاری هەموو لایەنەکانی تێدا بێتەدی، ئەمەش دەرهاویشتەی دیکەی بەدوادا هات و پەرلەمان پەکخراو حکومەتیشی تا رادەیەك ئیفلیج کرد. بۆیە ئێستا کە ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاریدایەو بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانمان لەدەست نەچن، هەروەها بۆ ئەوەی ئیرادەیەکی یەکگرتووش هەبێت و ئامادەبێت بۆ ئەوەی رووبەڕووی پێشهات و تەحەددییە تازەکان ببێتەوە، پێویست بەوە دەکات ئەو قەیرانە سیاسییەی ئێستا لەکوردستان بوونی هەیە، چارەسەر بکرێت.

*** وەك نەخشەڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی حزبە سیاسییەکان کردووەو داوای لێکردوون هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان بگۆڕێت، ئایا دوای ئەم پەیامە ئاستەنگێك ماوە بۆ ئەوەی حزبەکان نەگەنە ڕێککەوتن؟**

- ئێمە وەك یەکگرتووی ئیسلامی پێشوازیمان لەپەیامەکەی بەڕێز کاك مسعود بارزانی کردووەو بە دەستپێشخەریەکی ئەرێنی لەقەڵەمانداوە و گوتوومانە ئەمە هەنگاوێکە بە ئاراستەی ئەرێنی و دروست و دەکرێت بکرێتە دەستپێك بۆ ئەوەی دیالۆگ و دانوستاندن لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا دەست پێبکاتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە بگەینە نەخشەڕێگەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر بکەین، بەڵام بۆ تەرجەمەکردنی ئەم پەیامەو بۆ ئەوەی بکرێتە نەخشەڕێگە، دەبێت هەنگاوی کردەیی هەڵبگرین. خۆتان دەزانن ئەوە زیاتر لەساڵێکە و بۆ دووساڵ دەچێت ئەم قەیران و چەقبەستووییە لەناو پرۆسەی سیاسی هەیە، قەیرانە داراییەکەش هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردووە، هەروەها ئەگەر سەیری پەیوەندیی ئێستای نێوان هەرێم و بەغدا بکەین، هەر لایەك بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکات، پێشتر کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان لەچیای حەمرین نەدەچوونە خوارەوە، بەڵام ئێستا لەبەغدایە، ئەمەش خاڵێکی دیکەی لاوازە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان لەبەغدا لاواز بێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووەو هەقە لایەنە سیاسییەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و دەست بە دیالۆگ و دانوستاندن بکەنەوەو هەتا ئەگەر لەسەر بژارەی ناچاریش بێت، لەگەڵ یەکتری ڕێکبکەون.

*** هێزی پێشمەرگەی کوردستان وێڕای ئەو قەیرانە ئابووری و داراییەش توانیویەتی**

**یەکڕیزیی خۆی پیارێزێت و تیرۆریستانی داعش تێکبشکێت، ئایا هۆکاری چییە حزبەکان ناتوانن ئەم قەیرانە سیاسییە تێپەڕێنن؟**

- یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دوورخستنەوەی مەترسیی داعش لەسەر کوردستان، خاڵێکی گەش و ئەرێنی گەورەیە بۆ پێشمەرگەو تەواوی خەڵکی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە رووی سیاسییەوە لەو ئاستەدا نین، ئەمەش بەو مانایەی لەگەڵ ئەوەی قەیرانی سیاسی و ئابووریش هەبوو، بەڵام خوشبەختانە کاریگەری نەرێنی لەسەر هێزی پێشمەرگە نەبووە لە رووبەڕووبوونەوەی داعش و نە لەقوربانیدانی گەورەش، ئەمە جێگەی شانازییەو دەبوو ئەم حاڵەتەی پێشمەرگە کاریگەری لەسەر دەستەبژێری سیاسیش هەبووایەو لەچوارچێوەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانیدا هەتا ئەگەر لەسەر بژارەی ناچاریش بوایە رێکبکەوتنایەو ئەگەر پێویستی بەسازشیش هەبووایە دەبوو سازش بۆ یەکتری بکەن.

*** لەحاڵەتێکدا ئەگەر حزبەکان نەتوانن کێشەکانی نێوان خۆیان چارەسەر بکەن، وەك سیاسەتمەدارێك ئەمە ناو دەنێیت چی؟**

- ئەگەر حزبەکان نەتوانن کێشەکانی نێوان خویان چارەسەر بکەن، ئەمە مانای ئەوەیە پاشاگەردانی سیاسییە، یان دەتوانین بڵێین دەستەبژێری سیاسی لەو وڵاتە شکستیان هێناوەو ناتوانن ئەو قۆناخە هەستیارو ناسکەی میللەتەکەمان پێکەوە بەڕێوەبەرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەپرسێکی ئاوادا بەرپرسیاری یەکەم ئەو دەستەبژێرە سیاسییەیە کە ئاراستەی پرۆسەی سیاسی دیاری دەکەن، بۆیە کە نەتوانن پرۆسەی سیاسی بە ئاراستەیەکی راست ئاراستە بکەن، مانای ئەوەیە ئەو دەستەبژێرە شکستی هێناوە.

*** ئایا ئەم قسانەتان مانای ئەوەیە کە ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، بەرژەوەندیی حزب جێگەی بەرژەوەندیی نیشتمانی گرتۆتەوە؟**

- بەداخەوە، دەڵێم نەك هەر بەرژەوەندی حزبی جێگەی بەرژەوەندی نیشتمانی و گشتی گرتۆتەوە، بەڵکو هەندێك جار بەرژەوەندی کەسیش جێگەی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی گرتۆتەوە. ئاشکراشە ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت، مێژوو رەحم بە هیچ کەسێك ناکات و بە خاڵ و لاپەڕەیەکی رەش بۆ هەموو لایەکی دەنووسێتەوە.

*** لەم حاڵەتەدا بەرپرسیاریەتی حزبەکان بەرامبەر بەم قەیرانە چۆن لێکدەدرێتەوە؟ ئایا تاچەند گرنگە هەست بە بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە بکەن؟**

- با لێرەدا بەیەك چاو سەیری بەرپرسیاریەتی هەموو حزبەکان نەکەین، لەبەر ئەوەی هەموو حزبەکان بەرپرسیاریەتییان دەکەوێتە سەرشان، بەڵام بە ئاست و قەبارەی جیاواز، لەئێستادا بەرپرسیاریەتی سەرەکیی دەکەوێتە سەرشانی یەکێتی و پارتی و بە پلەی یەکەمیش دەکەوێتە سەرشانی پارتی لەبەر ئەوەی حزبی سەرەکییەو خاوەنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانییەو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیش لای پارتییە، بۆیە دەبێت پارتی هەنگاوی جدیترو دەستپێشخەری زیاتر بکات، ئێمە ئەمانەمان بە شاندی پارتی گوتووە کە سەردانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کردووە. کە دەبێت بۆ تەرجەمەکردنی پەیامەکەی کاك مسعود بارزانی، پارتی پرۆژەیەکی روون و ئاشکرای پێ بێت.

*** بەڵام پارتی دەڵێت، ئێمە دەمانەوێت پرۆژەکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکە بەرهەنجامی کۆی بۆچوونی حزبەکان بێت، ئایا ئەمە باشتر نییە لەوەی هەر لایەنێك پرۆژەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت؟**

- دەبوو پارتی قسەی رۆشنی هەبوایە بۆ ئەوەی بزانین پارتی چۆن دەیەوێت پەیامەکەی کاك مسعود بارزانی تەرجەمە بکات، برایانی پارتی خۆشیان نکۆڵیان لەمە نەکرد، بەڵام گوتیان ئێمە یەکەمجار سەردانی لایەنە سیاسییەکان دەکەین بۆ ئەوەی حاڵەتی دابڕان و ساردییەی لەنێوان لایەنەکان هەیە بیرەوێنینەوە، بەڵام ئەمە زۆری خایاند، هەتا ئێستا سەردانی لایەنەکان بەتایبەتی (یەکێتی و گۆڕان)یان نەکردووە، پرسەکان بەو ئاستە ئاڵۆز نین. پەیامەکەی کاك مسعود بارزانی روون و ئاشکرایەو داوادەکات هەر سێ سەرۆکایەتیی (هەرێم و پەرلەمان و حکومەت) گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بۆیە دەبێت زوو کۆببینەوەو بە هەموو لایەکمان بڕیارێك بدەین.

*** ئایا لای لایەنە سیاسییەکان نیەتێك هەیە کە بیانەوێت ئەم قەیرانە سیاسییە چارەسەر بکەن؟**

**بەهۆی ئەو هەمانگی و رێککەوتنەی لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ لەنێوان هەرێم و بەغدا هاتۆتەئاراوە، لەوانەیە حەشدی شەعبی ئەو مەترسییە لەسەر کوردستان دروست نەکات**

**ئەو ململانێی مەزهەبگەراییەی کە ئێستا لەتەواوی ناوچەکە هەیە، بەشێکی سەرەکیی رەنگدانەوەو جێکەوتەی ئەو ململانێی هەرێمایەتییەی نێوان ئێران و سعودیە و تورکیایە کە ئێستا رووسیاشی هاتۆتەناویەوە**

**پێویستە حوکمڕانیی داهاتووی عێراق لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی و سازانی نیشتمانی بونیاد بنرێتەوە نەک مەزهەبی**

- کەس ئاگای لەدڵی هیچ لایەنێکی دیکە نییەو نازانین چۆن بیردەکەنەوە، بەڵام نییەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بەوەیە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگیرێت، ئەوکات دەزانین نییەت هەیە، یان نییە، لەئێستادا وەك رووکەش ئەو نییەتە دەبیندرێت، بەڵام لە رووی کردارییەوە هەتا ئێستا هەوڵی جددی نەبینراوە. هەروەها بە رووکەش لەسەر ئاستی حزبەکان داوا دەکرێت قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام لە راگەیاندندا پێچەوانەی ئەمە دەبینین، لەسەر شتی دیکە شەڕی راگەیاندن درێژەی هەیە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانەکە هەیە، بۆیە کاتێك بمانەوێت قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر بکەین، دەبێت لە رووی راگەیاندنیشەوە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر نەکەین، هەروەك چۆن ئێستا ئاڵۆزیان کردووە.

*** ئەگەر قسەیەك لەسەر عێراقی دوای داعشیش بکەین، بەتایبەتی لەسەر شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننە، ئەمەش لەبەر دەرکەوتنی داعش دەرهاویشتەی ئەو ململانێ مەزهەبگەراییە، راستە ئێستا داعش لە رووی چەکدارییەوە تێکدەشکێت، بەڵام فاکتەری شەڕە مەزهەبییەکە وەك خۆیەتی، ئایا عێراقی دوای داعش چۆن دەبینن؟**

- داعش نەخۆشییەکە نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی نەخۆشییەکەو ئەو هەلومەرجەیە کە لەعێراق و ناوچەکە بوونی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەو هەلومەرجە چارەسەر نەکرێت، ئەوا داعشیش نەمێنێت، بە شێواز و ناوی جیاوازەوە سەرهەڵدەداتەوە. لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە٢٠٠٣ و هاتنی سوپای ئەمریکا بۆ عێراق و دامەزراندنی ئەو سیستمە سیاسییەی دوای رژێمی بەعس دروست بوو، بمانەوێت، یان نەمانەوێت ئەو قەڵایەی ناسیۆنالیستی عەرەبی سوننە لەماوەی ٨٠ ساڵی رابردوو بونیادی نابوو، ئەو قەڵایە رووخا، ئەوجا ناسیۆنالیستی عەرەبی و سوننەی عەرەب، رووخانی ئەو قەڵایە بە شکستێکی گەورەی خۆیان دەزانن، لە شوێنی ئەم قەڵا رووخاوەش کە سیستمی سیاسیی دوای بەعس دروست بوو، سیستمێك بووە کە هەژموونی شیعە باڵی بەسەردا کێشاوە، ئەم باڵادەستییەی شیعە بووە هۆکاری جۆرێك لەململانێی مەزهەبگەرایی لەنێوان عەرەبی شیعەو سوننەدا، هەروەها دروستبوونی ململانێیەکی توندتر لەنێوان ئێران و وڵاتانی دیکەی عەرەبی سوننە لەناوچەکەدا. لەناو ئەم بارودۆخەدا یەکەمجار قاعیدە دروست بوو بە خەیاڵی خۆیان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو قەڵا کۆنە دروست بکەنەوە، ئەمەش تێکەڵەیەکی لەناسیۆنالستی عەرەبی کە بریتی بوون لە بەعسییە کۆنەکانی عەرەبی سوننە، هەروەها لەگەڵ جۆرێك لەسەلەفی جیهادی پێکەوە کۆکردەوە، هاوکات دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و ناوچەکەش ژینگەیەکی لەبارتری بۆ ئەم ریکخراوە هێنایەئاراوە کە پاشان بوو بە داعش. بۆیە ئەگەر لەعێراقی دوای داعشدا فاکتەری سەرەکیی ململانێی مەزهەبی نێوان سوننەو شیعە چارەسەر نەکرێت، ئەوا بە شێوازو ناوی جیاواز داعش سەرهەڵدەداتەوە، لەم چوارچێوەیەدا پێویستە حوکمڕانیی داهاتووی عێراق لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی و سازانی نیشتمانی بونیاد بنرێتەوە نەك مەزهەبی، ئەمە لە رووی سیاسییەوە، لە رووی هەیکەلی سیستمەکەش دەبێت چۆن کوردستان هەرێمێکی فیدڕاڵی هەیەو تا رادەیەکی زۆر خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات و شیعەش لەباشوور خۆی کاروبارەکان بەڕێوە دەبات، دەبێت هەیکەلێکی فیدڕاڵیش هەبێت کە سوننە خۆی تێدا ببینێتەوە، بۆ ئەوەی هەست بکات لەو حاڵەتە پەراوێزخراوییەی ئێستا هەستی پێدەکات، بێتەدەرەوەو هەست بکات خۆی خاوەنی ناوچەکانی خۆیەتی و دوای ئەمەش لەحکومەتی فیدڕاڵیشدا هاوبەشێکی راستەقینەیە، ئەمە رێگە راستەکەیە، بەپێچەوانەشەوە جارێکی دیکە داعش دروست دەبێتەوە.

*** باسی دەستتێوەردانی وڵاتانی هەرێمیتان کرد کە بۆتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزکردنی داعش، ئایا هەتا ئەم دەستتێوەردانە کۆتایی نەیت، سەقامگیری بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە؟**

- ئەو ململانێی مەزهەبگەراییەی کە ئێستا لەتەواوی ناوچەکە هەیە، بەشێکی سەرەکیی رەنگدانەوەو جێکەوتەی ئەو ململانێی هەرێمایەتییەی نێوان ئێران و سعودیە و تورکیایە کە ئێستا رووسیاشی هاتۆتەناویەوە، پێشتر رووسیا

**داعش نەخۆشییەکە نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی نەخۆشییەکەو ئەو هەلومەرجەیە کە لەعێراق و ناوچەکە بوونی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەو هەلومەرجە چارەسەر نەکرێت، ئەوا داعشیش نەمێنێت، بە شێواز و ناوی جیاوازەوە سەرهەڵدەداتەوە**

**بە رووکەش لەسەر ئاستی حزبەکان داوا دەکرێت قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام لە راگەیاندندا پێچەوانەی ئەمە دەبینین**

**نەک هەر بەرژەوەندی حزبی جێگەی بەرژەوەندی نیشتمانی و گشتی گرتۆتەوە، بەڵکو هەندێک جار بەرژەوەندی کەسیش جێگەی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی گرتۆتەوە**

بەو جۆرە لەناو کێشەکانی ناوچەکەدا بوونی نەبووە، ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی کاتێك بیانەوێت شەڕ لە حەلەب رابوەستێت، دەبێت رووسیاو ئەمریکا کۆبوونەوە بکەن، هەر بۆیە من وای دەبینم ئەوەی لە حەلەب دەکرێت لەبەرامبەر موسڵ بێت، واتە چۆن حکومەتی عێراق رێگەی پێدراوە موسڵ ئازادبکاتەوە، بەهەمان شێوە رێگە بە ئەسەدیش دراوە کە حەلەب بگرێتەوە.

*** دەرهاویشتەیەکی دیکەی شەڕی داعش، دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی-یە لەسەر فەتوای مەرجەعیەتی شیعەی نەجەف، ئایا ئەم هێزە مەزهەبگەرایە چ مەترسییەك لەسەر ئایندەی عێراق و کوردستان دروست دەکات؟**

- یەکێك لەدەرهاویشتەی ئەو ناهاوسەنگییەی لەناو سیستمی حوکمڕانی عێراقدا دروست بوو، شەڕی نێوان شیعەو سوننەیە، ئەگەر بمانەوێت ئەو شەڕە نەمێنێت، دەبێت ئەو هاوسەنگییە بگەڕێتەوە، هەر ئەمەش وایکرد دوای ئەوەی داعش دەرکەوت، شیعە بۆ بەرگری لەخۆیان حەشدی شەعبییان دروستکرد، ئێستا ئەم هێزە یاسای بۆ دەرچووە، ئەمەش مانای ئەوەیە درێژەی پێدەدرێت، ئەم حاڵەتەش هێندەی دیکە ئەو ناهاوسەنگییەی لەعێراقدا هەبووە، قووڵتر دەکاتەوەو مەترسی لەسەر ئایندەی عێراق دروست دەکات. بۆیە جێگەی سەرسوڕمانیش نییە ئەگەر حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر ئایندەی کوردستانیش دروست بکات، بەڵام بەهۆی ئەو هەمانگی و رێککەوتنەی لەپرۆسەی ئازادکردنی موسڵ لەنێوان هەرێم و بەغدا هاتۆتەئاراوە، لەوانەیە حەشدی شەعبی ئەو مەترسییە لەسەر کوردستان دروست نەکات. ئەوجا سەبارەت بە نێوانی عەرەبی شیعەو سوننە ئەگەر سیستمی بەغدا مەزهەبگەرایی بێت، ئەوا رەنگدانەوەی لەسەر هێزە چەکدارەکانیش دەبێت، لەم حاڵەتە پرۆسەی پێکەوەژیانی نێوان شیعەو سوننە دەگاتە ئەوساتەی پێی دەگوترێت مەحاڵ، بۆیە دەبێت بیر لە شێوازێکی دیکەی حوکمڕانی بکرێتەوە.

*** ئایا پێتوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بتوانن لەچوارچێوەی فیدراڵی درێژە بە پێوەندییەکانی ئایندە بدەن، یان ناچار دەبن بەدوای شێوازێکی دیکەدا بگەڕێن؟**

- وای دەبینم، بارودۆخی کوردستان لەوە دەرچووە کە بتوانرێت تەنیا لەچوارچێوەی فیدراڵی پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا رێکبخرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە ئاستەکەی بەرەو پێشەوە بچێت و بەدوای میکانیزمێکی دیکەدا بگەڕێن، ئەوەی ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قابیلی ئەوەیە باس بکرێت و ئەوانیش پێی قایل دەبن، کۆنفیدراڵییە، بەڵام ئەم میکانیزمە تازەیە لەپێوەندیی عێراق و کوردستاندا کە بریتییە لەدوو دەوڵەتی کۆنفیدراڵی، بەستراوەتەوە بەوەی تاچەند خۆمان توانای ئەوەمان هەیە کێشە سیاسییەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و بە یەکڕیزی و یەك گوتاری لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەغدا دیالۆگ و دانوستاندن بکەین.

*** سەبارەت بەدیاردەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەکوردستان، ئایا چۆن دەتوانین پەرە بە گوتاری لێبووردەیی بدەین بۆ ئەوەی ئەم دیمەنی پێکەوەژیانەی کوردستان زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت؟**

- ئەو زەمینەیەی کە بوار بۆ توندڕۆیی ئایینی دەڕەخسێنێت و لەوڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، لەکوردستاندا بوونی نییە، بەدرێژایی مێژوو کوردستان وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەئایین بووە، بۆیە سروشتی لێبووردەیی و پێکەوەژیان یەکێك لەسیماکانی کوردستان بووە، بۆیە ئەگەر لایەنە سیاسییەکان ریکبکەون و سیتمێکی سیاسیی سەقامگیر دابمەزرێننەوە، ئێمە کێشەی توندڕۆیی ئایینیمان نابێت، حاڵەتی ئیسلامی کوردستان، چ بەشێوە نەریتییەکەی کە بەشی زۆری خەڵکەکەی موسڵمانە، چ وەك لایەنە ئیسلامییەکانیش، حاڵەتێکی تەندروستە.

*** وەك دوایین پرسیار، تاچەند گرنگە بگەڕێینەوە بۆ شێوازی تێگەیشتنی کوردانە لەئایینی ئیسلام و درێژە بەو کەلتوورە بدەین؟**

- لەکوردستاندا مامۆستایانی ئایینی و مینبەرەکان درێژەپێدەری هەمان کەلتووری تێگەیشتنی کوردانەن لەئیسلام، ئێمەش وەك لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان و رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان خۆمان بەدرێژەپێدەری ئەو کەلتوورە دەزانین و هەر لەو چوارچێوەیەشدا ژیانی فقهی خۆمان رێکخستووەو لەهەمانکاتدا هەر لەچوارچێوەی ئەو مەزهەب و فقهەی لەکوردستاندا هەیە کاری خۆمان کردووە.

**یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دوورخستنەوەی مەترسیی داعش لەسەر کوردستان، خاڵێکی گەش و ئەرێنی گەورەیە بۆ پێشمەرگەو تەواوی خەڵکی کوردستان**

**ئەگەرچی شەڕی داعش لەسەرەتادا هەڕەشەی گەورەی لەسەر کوردستان دروستکرد، بەڵام لەکۆتاییدا کۆمەڵێک خاڵی ئەرێنی بۆ بەرژەوەندیی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا**

**لەکوردستاندا مامۆستایانی ئایینی و مینبەرەکان درێژەپێدەری هەمان کەلتووری تێگەیشتنی کوردانەن لەئیسلام، ئێمەش وەک لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان و رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان خۆمان بەدرێژەپێدەری ئەو کەلتوورە دەزانین**

# کۆمەڵگەی کوردستان دوای شەڕی داعش



د.چنار سەعد عەبدوڵڵا*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەهۆی ئەوەی کە شەڕەکان لەجیهاندا چ لە کۆن و چ لەئێستادا زۆرترین کات لەژێر کاریگەری و پاڵنەرەکانی فراوانخوازی و ئابووری و سیاسی هەڵگیرساون، هەر بۆیە کاتێك باسی کاریگەرییەکانی شەڕو قۆناغی دوای شەڕ دەکرێ، لایەنی سیاسیی هاوکێشەکان و چارەنووسی ململانێ سیاسی و ئابوورییەکان و دابەزینی ئاستی ژێرخانی ئابووری، دۆخی بازاڕو گرانیی بازاڕ، گەشەی ئابووری، جووڵەی بازرگانی و...هتد، ئەمانە بەپلەی یەکەم گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێ. زۆر بەکەمی تیشك دەخرێتەسەر لایەنێکی زۆر گرنگی ئەو قۆناغە تازەیە، کە ئەویش چارەنووسی کۆمەڵگەیە پاش ئەو سەردەمە. لەکاتی شەڕدا ستراکتۆری کۆمەڵگە چی بەسەر دێ؟ دۆخی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نۆرم و بەهاکان، جووڵەی دانیشتووان، شێوازی ژیان، ئاستی خوێندەواری، قوربانییەکان و.. چۆن دەبێت؟ ئەمانەو چەندین بابەتی گرنگی دیکە دەکەونە ژێر کاریگەریی دۆخێکی تازەو کۆمەڵگە دەگۆڕێنن. ئێمە لەو باسە کورتەدا هەوڵدەدەین قسەی لەسەر بکەین .

**● کاریگەرییەکانی شەڕی داعش لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان:**

● کاریگەریی ڕاستەوخۆ:

توێژەرەکانی تایبەت بەکۆمەڵناسیی جەنگ لەو باوەڕەدان، کە جەنگ کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی وەرچەرخانی زۆر خێرا دەکاتەوە. بەو مانایەی کە کۆمەڵگە لەدۆخێك بۆ دۆخێکی جیاوازتر دەبات. کەواتە لەئەنجامی شەڕی داعش وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی لەهەندێك بواری ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردستانیش ڕووی داوە.

● گۆڕانکاری دیمۆگرافیایی:

- بەهۆی کاریگەرییەکانی شەڕی داعش، دۆخی دیمۆگرافیی کوردستان هەم لەسەر ئاستی ژمارەو هەم جۆرایەتی (جۆری پێکهاتە)ی دانیشتووان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. لەو ئاکامە هەم ڕێژەیەکی زۆری پێکهاتەی عەرەب بەرەو هەرێم ئاوارە بوون، هەمیش ژمارەیەکی زۆری پێکهاتەکانی کوردستان بەهۆی دۆخی شەڕ، بۆ شاروشارۆچکەکانی کوردستان کۆچیان کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەو ڕێژە دانیشتووانەی کە بۆ دەرەوەی وڵات کۆچیان کردووە، ئەمەش لەئەنجامدا تێکەڵبوونی کەلتووری و لەهەندێك کاتیشدا پێکدادانی کەلتووری دروست دەکات، کە نۆرم و بەهای تازە دێنێتەکایەوە. بەپێی دوالێکۆڵینەوەی وەزارەتی پلاندانان، لەماوەی هەڵگیرسانی شەڕی داعشدا ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆك ٣١٪ بەرزبۆتەوە، کە ٤٩٪ی ئاوارەو پەنابەرن. پارێزگای سلێمانی ١١٪ ڕێژەی دانیشتووانی بەرزبۆتەوە کە ١٣٪ی ئاوارە و پەنابەرن. هەر لەو پارێزگایە (سلێمانی ) تەمەنی دانیشتووانی میوان گەنجترە لەدانیشتووانی خانەخوێ کە ٥٤٪ی تەمەنیان لەخوار ١٩ ساڵانە.

● ئاشتیی کۆمەڵایەتی:

لەبەر ئەوەی شەڕی داعش پشتئەستوورە بەبنەمای ئایینی، هەر بۆیە تاوانەکانی داعش بۆتە هۆی

دروستکردنی جۆرێك لەگومان و بێ متمانەیی لەنێوان پێکهاتە ئایینییەکانی نیشتەجێی هەمان ناوچەی جوگرافی، واتا ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی کوردستان کێشەی تێکەوتووە. وێڕای ئەو تاوانانەی کە بەناوی ئایینەوە بەرامبەر بە پێکهاتە جیاوازەکان ئەنجام دراون، لەماوەی پەنابەری و ئاوارەییدا بەهۆی پێکدادانی ژیانی ڕۆژانەو دروستبوونی قەیرانی بازاڕ و کەمبوونەوەی دەرفەتی کارو بەرزبوونەوەی نرخی کرێی خانوو، هەروەها تێکەڵیی کەلتووریی جۆرێك لەبێزاری لەلایەن دانیشتووانی میواندار لەگەڵ میوان دروست دەبێ، کە ئەوەش کاریگەری لەسەر متمانەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات. (ئاوارەیی گرفت و دەرفەت، لێکۆڵینەوەیەکە وەزارەتی پلاندانان لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئەنجامی داوە).

● بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوربانییان:

١. ژمارەی قوربانییانی شەڕ ١٦٠٠ شەهیدن، کە زۆربەیان سەرپەرستی خێزان و بەخێوکەری خانەوادەکەیان بوون، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە دەزگای خێرخوازی ڕوانگە ئەنجامی دەدات، کەتا ئێستا کۆتایی نەهاتووە، لە ٦٦٩ شەهیدی تۆمارکراو ١٨٠٦ منداڵ بێ سەرپەرشت بوون کە ئەوە تەنیا ٤٢٪ی کۆی شەهیدەکانی شەڕی داعش پێکدەهێنێ. ئەمە وێڕای ٩٤٥٢ برینداری پێشمەرگە کە بەشێکی زۆریان کەمئەندام بوون.

٢. بەهەزاران هاووڵاتی قوربانی کە کەوتنە دەستی داعش، چ ئەوانەی شەهیدکران و چ ئەوانەی گیران و تائێستا چارەنووسیان دیار نییە. باری دەروونی ئەو کچ و ژنانەی کە داعش بە دڕندەترین شێوە دەستدرێژی کردە سەریان. هەروەها دۆخی دەروونی خێزانەکانیان.

● کاریگەری ناڕاستەوخۆ:

چارەنووسی پرۆسەی بەمەدەنی بوون و کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

١. شەڕی داعش بۆتە هۆی سستبوونی پرۆسەی دیموکراسی و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگەو (تهمیش) کردن، یان پەراوێزخستنی ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە مافەکانی ئافرەتان و مرۆڤ بەگشتی، چونکە لەئێستادا ئەولەوییەتی دەسەڵات و هاووڵاتیان دابینکردنی ئاسایش و خۆراکە، پرسەکانی دیکە بوونەتە بابەت و پێویستی.

٢. تەشەنەسەندنی دیاردەی چەکداری، کە هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٣. ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە تازەیە، چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، یەك لەوانە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکارییە لەهەرێمی کوردستان کە ١٣،٥٣٪ـە، لەکاتێکدا ئەو ڕێژەیە لەساڵی ٢٠١٣ تەنیا (٧٪) بووە.

٤. بەر لەهەڵگیرسانی شەڕ قەبارەی خێزان و شێوەکەی زیاتر بەرەو بچووکبوونەوە و خێزانی سادە دەچوو، بەڵام لەئێستادا خەریکە دۆخەکە دەگۆڕێت و خێزانی تێکەڵ و قەبارە گەورە ڕێژەکەی بەرزدەبێتەوە. بۆنموونە بەپێی دوائاماری وەزارەتی پلاندانان لەپارێزگای دهۆك ٥٤٪ی خێزانەکان بەهاوبەشی لەگەڵ یەکتردا دەژین.

٥. بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە، بەپێی زانیاری ئەنجومەنی دادوەریی کوردستان، بۆ نموونە ڕێژەی جیابوونەوە لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥ لە ٢٧٪ بۆ ٣٥٪ بەرز بووەتەوە.

٦. بەرزبوونەوەی ڕێژەی دابڕاوان لەخوێندن. هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان لەپارێزگای دهۆك ڕێژەی ١٠٪ی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەنێوان ٦ بۆ ١٥ ساڵانە، بەهۆی دەستڕانەگەیشتن بەقوتابخانە لەخوێندن دابڕاون. بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری، کەمبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری.

٧. زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە ژنی دووەمیان هێناوە، بەپێی تۆماری دادگاکان لە ٢٠١٤ ٧٠ حاڵەتی زەواجی دووەم ڕێگای پێ دراوەو لە ٢٠١٥ ئەو ژمارەیە ١٠٨ حاڵەت بووە.

● **دەرئەنجام:**

شەڕی داعش خەریکە کۆتایی پێ دێت، بەڵام شوێنەوارو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوامیی دەبێت. هەربۆیە لەسەر دامەزراوە زانستی و فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لەئێستاوە وەك چۆن بیرلەهەبوونی پلان و بەرنامە دەکەنەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی خزمەتگوزاری و ئابووریی ناوچە زەرەرمەندبووەکانی شەڕی داعش، دەبێ بەهەمان شێوە پلانیش ئامادە بکرێت بۆ بنیادنانەوەی سەرخانی کۆمەڵگە لەدوای شەڕی داعش، کە خۆی لەچارەسەرکردن و مامەڵەکردنی تەندروست دەبینێتەوە لەگەڵ کۆی ئەو کێشەو گۆڕانکارییانەی کە شەڕی داعش لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەدوای خۆیدا هێناویەتی.

---

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**شەڕی داعش خەریکە کۆتایی پێ دێت، بەڵام شوێنەوارو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوامیی دەبێت**

**شەڕی داعش بۆتە هۆی سستبوونی پرۆسەی دیموکراسی و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگەو (تهمیش)کردن، یان پەراوێزخستنی ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە مافەکانی ئافرەتان و مرۆڤ بەگشتی**

**بەپێی دوالێکۆڵینەوەی وەزارەتی پلاندانان، لەماوەی هەڵگیرسانی شەڕی داعشدا ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆک ٣١٪ بەرزبۆتەوە، کە ٤٩٪ی ئاوارەو پەنابەرن. پارێزگای سلێمانی ١١٪ ڕێژەی دانیشتووانی بەرزبۆتەوە کە ١٣٪ی ئاوارە و پەنابەرن**



■

**هەلێکی مێژوویی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵکەوتووەو نابێت لەبەر چەند پرسێکی لاوەکی و حزبی لەدەستی بدەن**

■

**دەیڤید فیلیپس**
بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکان بۆ گوڵان:

# پێویستە رۆڵی سەرۆک بارزانی بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەکانی کوردستان بەدەست دەهێنرێن

**دەیڤید فیلیپس بەڕێوەبەری پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئامۆژگای دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا، پێشتریش وەك راوێژکاری باڵا لەسکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە، هەروەها وەك شارەزای کاروبارە دەرەکییەکان و وەك راوێژکاری باڵا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاری کردووە. گوڵان دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵدا ئەنجامداو لەم دیمانەیەدا دەیڤید فلیپس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرێمی کوردستان لەبەردەم ساتەوەختێکی مێژووییدایەو لەئێستادا دەبێت هەموو هەوڵ و کۆششەکان لەبەدیهێنانی سەربەخۆییدا چڕبکرێنەوە، هەروەها پێیوایە دەبێت سەرۆك بارزانی بەردەوام بێت لە ئەرکەکەی تاوەکو ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەکانی کوردستان بەدی دەهێنرێن، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** وەك ئەندامێکی گروپی تاکسفۆرس بۆ بونیادنانی دەوڵەتی کوردستانی عێراق، هەروەها لەئامۆژگای ئەتلەنتیکیش تاسکفۆرسێکتان بە سەرۆکایەتی باڵیۆز رایان کرۆکەر لەسەر ئایندەی عێراق لەساڵی ٢٠١٦ بەڕێوەچوو، ئایا تا چەند تاسکفۆرسەکەی ئێوە لەگەڵ تاسکفۆرسەکەی ئامۆژگای ئەتلەنتیك بۆ ئایندەی عێراق یەکدەگرێتەوەو زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتییانە و بە دیالۆگ لەگەڵ عێراقدا دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت؟**

- من راپۆرتی ئەو تاسکفۆرسەم — کە ئامۆژگای ئەتلەنتیك لەبارەی ئایندەی عێراقەوە بڵاوی کردەوە- نەمبینیوە کە ئێوە لەپرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێدەکەن، بەڵام باڵیۆز رایان کرۆکەر دەناسم، ئێمە لەنووسینگەی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی دەرەوە پێکەوە کارمان لەسەر پرۆژەی ئایندەی عێراق کرد. بەڕێز کرۆکەر دیپلۆماتکارێکی زۆر لێوەشاوەیە، بەڵام ئەو بەلای پاراستنی یەکپارچەیی عێراقدا دایدەشکێنێت. ئەو بارودۆخەی ئێستاش کە لەئارادایە پێویست بەوە دەکات رێگاچارەیەکی هاوچەرخ بگیرێتەبەر کە رەنگدانەوەی واقیعەکە بێت، واقیعەکەش ئەوەیە کوردستان رێگەی بەرەو سەربەخۆیی گرتۆتەبەرو پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ددان بەم واقیعەدا بنێت و پشتیوانی گفتوگۆی نێوان بەغدا و هەولێر بکات، کە لە دەرئەنجامدا جیابوونەوەیەکی دۆستانە و ئاشتییانەی لێبکەوێتەوە.

*** بەڵام تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پرۆسەی جیابوونەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەڕێوەبچێت و بە گوێرەی رێککەوتنێك بێت کە لە ئەنجامی گفتوگۆوە هاتبێتەدی؟**

- پێویستە بەغداو هەولێر هەڵبستن بە پێکهێنانی چەند کۆمیتەیەك و ئەم کۆمیتانەش کاریان گفتوگۆکردن بێت لەبارەی مەرجەکانی جیابوونەوە. ئەو کاتە هەرێمی کوردستان دەبێت نەخشە و بەرنامەی ئەنجامدانی ریفراندۆم دابنێت، هەر کاتێکیش کە ریفراندۆمەکە ئەنجام درا، ئەو کاتە رۆژێك دیاری بکرێت بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی. هەروەها کارێکی باش دەبێت ئەگەر ماوەیەکی زەمەنی هەبێت لەنێوان ئەنجامدامی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆییدا، ئەویش بۆ ئەوەی هەولێر بتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکات کە راستەوخۆ کاریگەر دەبن بە راگەیاندنی سەربەخۆییەکە، وەك تورکیا و ئێران و ئەمەریکا. پێویستە ئەم پرۆسەیە لەنێوان بەغداو هەولێردا دەست پێ بکات و دەبێت پرۆسەیەکی شەفاف بێت.

*** کەواتە ئێوە لەگەڵ ئەوەدا نین کە هەرێمی کوردستان یەکلایەنە سەربەخۆیی رابگەیەنێت؟**

- لە راستیدا کارێکی باشتر دەبێت ئەگەر بێتو سەربەخۆییەکە لە ئەنجامی گفتوگۆوە بێتەدی، بەڵام ئەگەر عێراق نەیەوێت، یان نەتوانێت، بەهۆی ئەو دابەشبوونەی لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا لەئارادایە، ئەو کاتە هەرێمی کوردستان پێویستە بیر لە بژارەی راگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی بکاتەوە لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە. بەڵام گرنگە هەرێمی کوردستان هەنگاوی خێرا هەڵبگرێت. رەنگە دەرفەتەکە لەدەست بچێت، ئەگەر بێتو پرۆسەکە دوابخرێت. دەبێت لە میانەی ئەم قۆناغی راگوزەرییەدا، هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ بنیادنانی دەوڵەت و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی خۆبەڕێوەبەری.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەمە ئەرکێکی بەپەلەیەو پێویستە هەرێمی کوردستان دەستبداتە خستنەگەڕی ئەم هەوڵ و کۆششە؟**

- من دەڵێم تاوەکو هەرێمی کوردستان زیاتر چاوەڕێ بکات، ئەوا بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە زەحمەتتر دەبێت.

**دەکرێت پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری ئامرازێک بێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. کاری کۆمیتەکانی نووسینەوەی دەستوور بریتییە لە پرۆسەیەک کە تێیدا بوار دەڕەخسێندرێت بۆ گروپەکان بۆ ئەوەی گوزارشت لە دیدوبۆچوونەکانی خۆیان بکەن**

**دەبێت دەستووری کوردستان بەرزترین ستانداردی پەیوەست بە مافی کەمینەکان، هەروەها مافی ئافرەتانیش لەخۆبگرێت. چونکە ئەمە دەبێتە ئاماژەیەک بۆ ئەو پێکهاتانە کە برەو بە بەرژەوەندییەکانیان دەدرێت**

**ئامانجی سەربەخۆیی گەورەترو مەزنترە لەهەر ئەجێندایەکی سیاسی، شەخسی و حزبیی کورت مەودا**

**ئەوانەی پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، دەیانەوێت کورد پێکەوە بگونجێن بۆ ئەوەی تێڕوانین و ئامانجێکی هاوبەش گەڵاڵە بکەن**

**ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بەرژەوەندی هاوبەش و بەهای هاوبەش و ئایندەی هاوبەشیان هەیە**

*** هەمیشە وەك هێزێکی بەتوانا و مولتەزیم وەسفی پێشمەرگە دەکەن، هەر بەم دواییەش وەزیری بەرگری ئەمەریکا، ئاشتۆن کارتەر چەندین پێشمەرگەی بە مەدالیای ئازایەتی خەڵات کرد، کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە ئایا پێشمەرگە شایستەی ئەوە نییە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کەل و پەل و چەکی سەربازی لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە بۆ دەستەبەر بکرێت؟**

- ئەمەریکاو هەرێمی کوردستان بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەتێکشکاندنی داعشدا. ئەگەر حکومەتی ئەمەریکا داوای لە پێشمەرگە کردبێت بۆ ئەوەی بەشداری ئۆپەراسیۆنی رەققە بکات. ئەوا پێموایە پێویستە بەدەم داواکارییەکەی ئەمەریکاوە بچێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەمەریکا ئامرازی پێویست بۆ پێشمەرگە دەستەبەر بکات، لە نێویاندا چەکی قورس و هێرشبەر، هەروەها دەبێت بە شێوەیەکی کاراتر ئەو چەکانە بگەیەنێتە دەستی هەولێر. پێویستە هەرێمی کوردستان چاوەڕێی پاداشت بکات لە ئەمەریکا، دەبێت ئەو پاداشتەش دانپێدانان بێت بە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ.

*** بە بۆچوونی ئێوە تا چەند گرنگە کە هاوکاری سەربازی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بەردەوام بێت لەئایندەدا، تەنانەت بۆ دوای تێکشکاندنی داعشیش؟**

- لە راستیدا هەر لەساڵی ٢٠٠٢ـەوە هێزەکانی ئەمەریکا و هێزی پێشمەرگە هاوکاری لەنێوانیاندا هەبووە. من پێموایە دەبێت رێککەوتنێك بکرێت لەنێوان ئەمەریکاو هەرێمی کوردستاندا کە بواربدات بە جێگیرکردنی هێزی سەربازی ئەمەریکی لەکوردستانی عێراقدا. هەر کاتێك سەربەخۆیی بەدەستهات، ئەوا ئەمەریکا دەتوانێت لەگەڵ کوردستاندا رێککەوتنی دووقۆڵی لەبارەی ئاسایش و پرسەکانی دیکەوە ئەنجام بدات.

*** ئەی پێتانوانییە کە ئەو یاداشتی لێکتێگەیشتنەی هەیە لەنێوان پەنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دەستەبەرکردنی دارایی و مەشق و راهێنان بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەم رووەوە بناغەیەکی باش بێت؟**

- بەڵێ، من شانازی بەوەوە دەکەم کە حکومەتی ئەمەریکا راستەوخۆ پشتیوانی دارایی بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگە دەستەبەر دەکات. گرنگە کە ئەم پشتیوانییە بەرفراوان بکرێت و چەکی پێویستی بۆ دەستەبەر بکات، ئەویش بۆ ئەوەی وەك سوپایەکی پیشەگەر هەڵسووڕێت.

*** بۆچی پێتوایە پێویستە ئەم هاوکارییە بەردەوام بێت، ئایا ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەیە ئەمەریکاو هێزی پێشمەرگە بەرژەوەندیی ئەمنی و هاوبەشیان لەم ناوچەیەدا هەیە؟**

- ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان بەرژەوەندی هاوبەش و بەهای هاوبەش و ئایندەی هاوبەشیان هەیە. کاتی ئەوە هاتووە کە قۆناغی ناکۆکی تێپەڕێنین بەرەو قۆناغی بنیادنانی ئاشتی بڕۆین کە ببێتەهۆی برەودان بە هاوکاری نێوان ئەم دوو وڵاتە.

*** هەروەها بەم دواییە راپۆرتی تاسکفۆرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەسەرپەرشتی ستیڤن هادلی و خاتوو مادلین ئۆلبرایت بڵاوکرایەوە، کە تێیدا جەخت لەسەر گرنگیی دووبارە داڕشتنەوەی بونیادی حوکمڕانی دەکات لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا دیدو بۆچونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- من خۆشحاڵم کە کەسایەتییە دیارەکانی ئەمەریکا بایەخ بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن. ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئەم راپۆرتانە بڵاودەبنەوە. ئیدارەیەکی نوێش بەڕێوەیە. بەڵام بە راستی ئێمە نازانین چاوەڕوانی چی بکەین. روون نییە چۆن راپۆرتەکانی ئەم تاسکفۆرسانە پێشوازییان لێدەکرێت. کەواتە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە ئایا سەرۆکی هەڵبژێردراو- ترەمپ- چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بە کوردو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئایا پێتوانییە ئەو راسپاردانەی لەم راپۆرتانەدا هاتوون، کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەو رێگاچارەو سیاسەتانەی کە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا دەیگرێتەبەر؟**

- پێموایە، بەڵام بە راستی ئێمە نازانین پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت لە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکادا چۆن دەبێت. بەڵام پێشبینی دەکەین کە پرۆسەیەکی ناتەقلیدی و پێشبینی نەکراو بێت. پێکهێنانی تاسکفۆرس و نووسینەوەی ئەو راپۆرتانە رێگایەکن بۆ کاریگەربوون لەسەر بڕیاردانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە. ئایا ئیدارەی داهاتووی ترەمپ ئەم بیرۆکانە لەبەرچاو دەگرێت، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** با پرسیار دەربارەی بونیادی حوکمڕانی بکەین لەکوردستاندا، ئایا بەبۆچوونی ئێوە دژوارترینی ئەو تەحەددییانە چین کە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە؟**

- پێویستە کورد لەگەڵ یەکدا بگونجێن و خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بگونجێنن. ئامانجی سەربەخۆیی گەورەترو مەزنترە لەهەر ئەجێندایەکی سیاسی، شەخسی و حزبیی کورت مەودا. ئەوانەی پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، دەیانەوێت کورد پێکەوە بگونجێن بۆ ئەوەی تێڕوانین و ئامانجێکی هاوبەش گەڵاڵە بکەن و ناکۆکییە سیاسییە حزبیەکانیانیشیان بخەنەلاوە. هەروەها پێویستە کار لەسەر یەکخستنەوە و بە پیشەییکردنی هێزی پێشمەرگە بکرێت.

*** کەواتە پێویستە سەربەخۆیی خاڵی کۆکەرەوە بێت بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان و زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان و دروستکردنی تێڕوانینێکی هاوبەش بۆ ئایندە، هەروەك ئێوەش ئاماژەی پێدەکەن؟**

- ئەمە راستە. دەبێت ئامانجی هاوبەش، کە سەربەخۆییە، ببێتە فاکتەری یەکخستن. سەربەخۆیی پرسێکی زۆر گەورەترە لە دەستکەوتی سیاسی کورت مەودا. من هانی دۆستەکانم لەکوردستان دەدەم بۆ ئەوەی جیاوازییەکانیان بخەنەلاوە و یەکڕیزی دروست بکەن لەپێناو ئایندەیەکی سەربەخۆدا.

*** کەواتە پێتوایە کاری بەپەلە لەم ساتەوەختەدا بریتیە لەدروستکردنی تەباییەکی سیاسی لەناوخۆیی هەرێمی کوردستاندا؟**

- ئەگەر ناتەبایی هەبێت، ئەوا رکابەرەکانی کورد بەکاری دەهێنن بۆ شێواندنی ئامانجی سەربەخۆیی. ئەمە ساتەوەختێکی مێژووییەو کورد هەلێکی مێژوویی بۆ هەڵکەوتووە، کە نابێت بە خۆسەرقاڵکردن بە پرسە لاوەکییەکانەوە لەدەستی بدەن.

*** با بێینەسەر پرسەکانی کەمینە ئایینی و ئیتنیەکان، ئایا بە بۆچونی ئێوە پێویستە هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێك بنێت بۆ ئەوەی رێگری بکات لەوەی جارێکی دیکە ئەم کەمینانە رووبەڕووی کۆمەڵکوژی نەبنەوە؟**

- چەندین وانەی گرنگ هەن لەئەزموونی کەرکووکەوە بۆ کوردستان کە پێوەندییان بە پرسی دابەشکردنی دەسەڵات و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانەوە هەیە، وەك ئاو و کارەبا، هەروەها دەستەبەرکردنی ئاسایش کارێکی گرنگە. دەبێت پارێزگارەکان دەسەڵات بە ئەنجومەنە مەحەلییەکان بدەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە هەست بکات کە بەرژەوەندییان هەیە لە ئایندەیەکی هاوبەشدا.

*** تا چەند گرنگە کە ئەم پرسانە لە دەستووری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا جێگیر بکرێن؟**

- دەبێت دەستووری کوردستان بەرزترین ستانداردی پەیوەست بە مافی کەمینەکان، هەروەها مافی ئافرەتانیش لەخۆبگرێت. چونکە ئەمە دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ئەو پێکهاتانە کە برەو بە بەرژەوەندیەکانیان دەدرێت و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان دەکرێت

*** هەروەك دەزانن پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان کارەکانی تەواو نەکرد، بە تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە گرنگترین کۆسپ لەم رووەوە چی بوون کە بوونەهۆی ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە ئامانجی خۆی نەگات؟**

- دەکرێت پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری ئامرازێك بێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. کاری کۆمیتەکانی نووسینەوەی دەستوور بریتییە لە پرۆسەیەك کە تێیدا بوار دەڕەخسێندرێت بۆ گروپەکان بۆ ئەوەی گوزارشت لە دیدوبۆچوونەکانی خۆیان بکەن و بۆ ئەوەی گوێ لەدەنگیان بگیرێت.

*** ئەگەرچی ئێوە باستان لەوە کرد کە زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا چۆن هەڵسوکەوت دەکات و چ سیاسەتێك دەگرێتەبەر، بەڵام ئێمە ئەو پرسیارە هەردەکەین، ئایا پێتوانییە کە پێویستە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا وەك شەریکێکی راستەقینەو باوەڕپێکراو هەڵسوکەوت لەگەڵ کورددا بکات؟**

- من پێموایە گرنگە کە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا وەك شەریکێك مامەڵە لەگەڵ کورد بکات و پشتیوانی خەونە نەتەوەییەکانیان و دیموکراسی بکات.

*** چۆن رۆڵی سەرۆکی بارزانی لەسەرکردایەتیکردنی شەڕی دژبە داعش هە ڵد ە سە نگێنیت ؟**

ناکرێت دەست لە رۆڵی سەرۆك بارزانی هەڵبگیرێت وەك سەرۆك دەوڵەتێك و رۆڵی لەسەرکردایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی دژبە داعشدا. پێویستە رۆڵی سەرۆك بارزانی بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەکانی کوردستانی عێراق بەدەست دەهێنرێن. ئەو کاتە پێویستە ئاڵوگۆڕێکی ئاشتییانەی دەسەڵات ئەنجام بدرێت. بارزانی لەسایەی ئاڵای کوردستاندا لەدایك بووە. بەهۆی ئەو مێژووەی هەیەتی، ئەوا پێویستە سەرکردایەتی کوردستانی عێراق بکات بەرەو سەربەخۆیی، ئەو کاتە دەتوانێت شەرەفمەندانەو بە دڵێکی پڕلە بەختەوەرییەوە دەست هەڵگرێت.

**دەبێت رێککەوتنێک بکرێت لەنێوان ئەمەریکاو هەرێمی کوردستاندا کە بواربدات بە جێگیرکردنی هێزی سەربازی ئەمەریکی لەکوردستانی عێراقدا**

**هەر کاتێک سەربەخۆیی بەدەستهات، ئەوا ئەمەریکا دەتوانێت لەگەڵ کوردستاندا رێککەوتنی دووقۆڵی لەبارەی ئاسایش و پرسەکانی دیکەوە ئەنجام بدات**

**تاوەکو هەرێمی کوردستان زیاتر چاوەڕێ بکات، ئەوا بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە زەحمەتتر دەبێت**

**گرنگە هەرێمی کوردستان هەنگاوی خێرا هەڵبگرێت. رەنگە دەرفەتەکە لەدەست بچێت، ئەگەر بێتو پرۆسەکە دوابخرێت**

# بزووتنەوەی گۆڕان
# لەئاژاوەدا دەبووژێتەوەو
# لەسەقامگیریدا دەپووکێتەوە



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەر پێنج فراکسیۆنە کوردستانییەکان (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی) لەپەرلەمانی عێراقدا سەرەتا کارو چالاکییەکانیان باش بوون و لەنێوان خۆیاندا یەکگرتوو بوون و هەڵوێستیان یەك بووە، بەتایبەتیش لەپرسە ستراتیژی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا، هەموویان بەڵێنیان دابوو بە جیددی کار لەپێناو کوردستاندا بکەن، لێرەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بیرۆکەی هاوپەیمانیی کوردستانی تازەکردەوە و هەمووشیان پێشوازییان لەم بیرۆکەیە کرد، جگە لە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی، کە دوودڵ و ڕاڕا بوو، بەتایبەتیش پەرلەمانتار ئالا تاڵەبانی سەرۆکی فراکسیۆنەکە کە دەیویست خۆی ببێتە سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکە، بەڵام فراکسیۆنی پارتی ئەمەی ڕەتکردەوە، چونکە مافی پارتی بوو، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی بە فراکسیۆنی گۆڕان بەخشی، کە ئەم هەڵوێستەش توورەبوونی لەنێو پەرلەمانتارانی پارتی لێکەوتەوە، دواتر قەناعەتیان هات کە بەرژەوەندیی نیشتمان و نێوماڵی کوردو یەکخستنی گوتاری سیاسیی کورد لە هەموو پۆستێك چاکترە.

کاندیدکردنی پەرلەمانتار ئارام بۆ ئەو پۆستە گرنگ و هەستیارە هەڵەیەکی ستراتیژی بوو، پێش هەموو شتێك کەسایەتییەکی لاوازو هەلپەرستەو لە پاشخانێکی فیکری وشکەوە هاتووەو زمانی عەرەبیش نازانێت، هەندێ جار دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن کاتێ کە سەرۆکایەتیی دانیشتنێکی پەرلەمان دەکات، پاشان ئەومان بینی لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی چۆن مامەڵەی لەگەڵ پرسەکاندا دەکرد و چۆن بیری دەکردەوەو پلانی دادەڕشت بۆ ئەوەی سلێمانی بچێتەوە سەر بەغدا، ئەوەی بە ئەرێنی و نەرێنی لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات، بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەی بۆسەر واقیعی بەغدا دەبێت، ئەو خۆپیشاندانە ئاشتییانەی لە پارێزگای سلێمانی ڕوویاندا و دواتر ئاژاوەو ئاشووبی لێکەوتەوەو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردە ئامانج، لە ئاکامدا چەندین کادیر شەهید و برینداربوون، ئەمانە هەموویان پیلانی گۆڕان بوون، لە ڕاستیدا بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر کەلتووری ڕق و کینەو دوژمنکاریی دروووست بووە و چارەنووسیشی هەر شکست و هەرەسهێنانە.

دوای ئەوەی هەوڵەکانی گۆڕان لە ڕێی توندوتیژی و تیرۆرو پەرگیری لە سلێمانی شکستیان هێنا، ئەم جارە هەوڵی دا ئاژاوەکە بگوازێتەوە بۆ هەولێر، ئەویش لە ڕێی یوسف محەمەدی سەرۆکی پەرلەمان، لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا ئەوان سووربوون لەسەر سەپاندنی رای خۆیان بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان تایبەت بە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، لە راستیدا تەنانەت پارتیش لاریی لەم یاسایە نەبوو، بەڵکو لاریی لە شێوازی خستنەڕووەکەی هەبوو، زانراویشە کە کوردستان و تەنانەت عێراقیش سیستەمە سیاسییەکانیان لەسەر بنەمای ڕێککەوتن وسازانی سیاسی دامەزراون، نەك لەسەر شایستەی هەڵبژاردن، هەموو شتەکان بەپێی ڕێکەوتنە سیاسییەکان ڕێکخراون، دیارە دوای کۆتایی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ هەموو حزبە بەشداربووەکان لە حکومەت بەتایبەت لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ڕێککەوتن کرا سەبارەت بە بەڕێوەبردنی وڵات، ئەو چوار ساڵە کە ساڵانی سەقامگیری دەبێت، بەڵام دوای ماوەیەك گۆڕان هەستی کرد کە ناتوانێت جەماوەری خۆیان رازی بکات، بۆیە دەستی کرد بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکەو پەنای بردەبەر ئەم هەنگاوە، دیارە گۆڕان بە سرووشتی خۆی لە ئاژاوەدا دەبووژێتەوەو لە سەقامگیریدا دەپووکێتەوە، بۆیە دوای ماوەیەك لە سەقامگیریی سیاسی هەستی بە پووکانەوە کرد، ئەگەر بەردەوام بووایە ڕەنگە کۆتایی بهاتایە، بۆیە گەڕایەوە بۆ شێوازەکەی جارانی بە ئاژاوەنانەوە و پشێوی تاکو سەرلەنوێ ببووژێتەوە، گۆڕان هەموو ڕێکەوتننامە سیاسییەکانی بەلاوە نا، وەك بڵێی یوسف محەمەد بە حەق و شایستەی هەڵبژاردنی خۆی بووبێتە سەرۆکی پەرلەمان، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانیش لە بەغدا بە هەمان شێوە، زانراویشە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو حزبە کوردستانییەکان کەمتر پۆستی هەیە ئەگەر پشت بە پێوانەی شایستە و مافی هەڵبژاردن ببەستین، بەڵام نەریتی سیاسیی لە عێراق و کوردستان بەم شێوەیەیە کە ڕێککەوتنی سیاسی بناغەی پرۆسەی دیموکراسییە، بۆیە دەبینین کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو حزبە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان زیاتر بەم پرەنسیپەوە پابەندە، مەبەست سازان و ڕێککەوتنی سیاسییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت کە بزووتنەوەی گۆڕان سوورە لەسەر پێشێلکردنی ڕێککەوتنی سیاسی واتا چاوخشاندنەوە بە هەموو جومگەکانی دامەزراوە دەستوورییەکان.

چەند بەزەییمان پێداهاتنەوەو ئامۆژگاریمان کردن کە چی دیکە لە میدیا عەرەبییەکان باسی کێشەکانی کوردستان نەکەن، با لە کەناڵە کوردییەکان باسی کێشەکان بکەین، بەڵام ئەوان هەر لەسەر ئەمە سووربوون، ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە کە هیچ پەرلەمانتارێکی گۆڕانمان نەدیوە عەرەبی بزانێت، بۆیە دەبینین کاتێ لە کەناڵە عەرەبییەکان قسە دەکەن هەموویان گاڵتەیان پێدەکەن، مایەی سەرسوڕمانیشە پەرلەمانتار سروە عەبدولواحید کە سووکایەتی بە ماڵباتی پێشمەرگە کرد، هاوکات پێشمەرگەشی بە میلیشیا وەسفکرد، لە هەموو پەرلەمانتارەکانی گۆڕان زیاتر لە کەناڵە عەرەبییەکاندا دەردەکەوێت، ئەویش شارەزایی لە ڕێزمانی عەرەبیدا نییە و لەسەر حاڵی خۆی دێت و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە عەرەبی نازانن، لای هەموو پەرلەمانتارانی عێراقیش دیارە کە پەرلەمانتارانی پارتی چاکترین پەرلەمانتارن لە رووی زانینی زمانی عەرەبییەوە.

کێشەی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق ئەوەیە کە ئامادەیە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەر لایەك بکات هەتا ئەگەر بەوە ناسرا بێت کە دوژمنایەتیی گەلی کوردستان بکات، ئەمەش لەپێناو دژایەتیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کێشەیەکی دیکە کە ڕووبەڕووی کاری پارتی دەبێتەوە ئەوەیە کە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فراکسیۆنێکی تەمومژاوییە و هەڵوێستەکانی روون نین، بە قسە لەگەڵمان رادەوەستێت و بە کرداریش دژمانە، هەر بۆ نموونە لە لێپرسینەوە لە بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دارایی، ئاڵا تاڵەبانی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی هاتە لای فراکسیۆنەکەمان و گوتی بەڕێز زێباری هێڵی سوورەو دژی لابردنی دەوەستین، بەڵام کە کاتی دەنگدان هات، بە ئاشکرا دەنگی بۆ لابردنی

**کە فراکسیۆنی پارتی پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی بە گۆڕان بەخشی، تووڕەبوونی پەرلەمانتارانی پارتی لێکەوتەوە، دواتر قەناعەتیان هات کە بەرژەوەندیی نیشتمان و نێوماڵی کورد لە هەموو پۆستێک چاکترە**

**پەرلەمانتار ئارام کەسایەتییەکی لاوازو هەلپەرستەو لە پاشخانێکی فیکری وشکەوە هاتووەو زمانی عەرەبیش نازانێت، هەندێ جار دەبێتە مایەی گاڵتە پێکردن کاتێ کە سەرۆکایەتیی دانیشتنێکی پەرلەمان دەکات**

**گۆڕان بە سرووشتی خۆی لە ئاژاوەدا دەبووژێتەوەو لە سەقامگیریدا دەپووکێتەوە، بۆیە دوای ماوەیەک لە سەقامگیریی سیاسی هەستی بە پووکانەوە کرد، ئەگەر بەردەوام بووایە ڕەنگە کۆتایی بهاتایە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەرییەکی بوێرانەی خستەڕوو تاکو وڵاتمان لەو قەیرانە سەختە رزگاری بێت، کاتێ تەنازولی لە سەرۆکایەتیی هەرێم کرد، کە لایەنە سیاسییەکان لەسەر کەسێک ڕێکبکەون بۆ ئەوەی شوێنی بگرێتەوە**

دا، لەگەڵ ئەوەی کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دژی لابردنی زێباری بوو بەگوتەی پەرلەمانتاران بە هەردوو باڵەوە، بەڵام نازانین ئەوە تەکتیکی سیاسییە، یان ناکۆکیی قووڵی نیوان هەدوو باڵی یەکێتییە؟

بەم دواییە پەرلەمانتارانی یەکێتیی نیشتمانی و فراکسیۆنی گۆڕان و فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی پێشنیارێکیان پێشکەشکرد تا لە بوودجەی ٢٠١٧ جێی بکەنەوە بۆ چارەسەری کێشەی هەرێم لەگەڵ بەغدا، بەتایبەتیش کێشەی مووچەی فەرمانبەران، ئەم پڕۆژەیە لەپشت پەردەوە نووسرابوو، بە دڵنیاییەوە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر چارەسەر ناکات، بەڵکو ئاڵۆزترو زەحمەتتریان دەکات، چونکە بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەپێی ئەو لیستە دەدات کە لای وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵە، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ لیستە راستەقینەکەی لای حکومەتی هەرێم، پاشان چۆن ئەوان ئەو سەفقە پڕ لە سووکایەتییە بۆ گەلی کوردستان قبوڵ دەکەن، کە بریتییە لەوەی نەوتی کەرکووك رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکرێت کە کرۆك و بنەمای کێشەکەیە، ئایا ئەمە تەنازول نییە لە خوێنی شەهیدان کە خۆیان لەپێناو دڵی کوردستان بەخشیوە؟ ئایا ئەمە بەعەرەبکردنی راستەقینەی شارێکی کوردیی نییە بە دەستی کورد؟

بۆیە پێموایە کە ئەم پڕۆژەیەی کە پێشکەشیانکرد پڕۆژەیەکی سیاسیی مەترسیدارە و بەرژەوەندیی دوژمنانی کوردستان بەدی دێنێت، ئامانجیش لەوە شکستپێهێنانی سەربەخۆیی ئابووریی هەرێمی کوردستانە، چونکە چاك دەزانن، یەکەم شت پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی ئەم پڕۆژە ستراتیژییە نیشتمانییەیە، دووەمیان بەدیهێنانی ئامانجێکی ستراتیژیی دوورمەودایە کە بریتییە لە دوورخستنەوەی پارتی لە پڕۆسەی سیاسی لەمیانی کورتکردنەوەی رۆڵی پارتی لە هاوپەیمانییەتییەکانی دادێی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، سێیەمیان لەگۆڕنانی خەونی نەتەوەی کوردە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی رەوا بە سەرۆکایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی، چوارەمیان پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بە سەرپەرشتیی ئێران لەپێناو گەڕاندنەوەی نوری مالیکی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران کە دوژمنی سەرسەختی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

دوا وتە، من پێموایە کە دەرفەت رەخساوە بۆ فراکسیۆنی گۆڕان لەپێناو چاوخشاندنەوە بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆی، چونکە سووربوونی لەسەر عینادیی خۆی لە رووی سیاسی و میللییەوە سەری دەخوات، سەیرکە پەرلەمانتارەکەیان سروە عەبدولواحد لە ئاکامی ئەو لێدوانە قین لەدڵ و قێزەوەنانەی لەهەمبەر ماڵبات و کەسوکاری پێشمەرگە، تەنیا سەرشۆڕی و ریسوایی بۆ مایەوە لەبەردەم گەلەکەی و لەبەرامبەر دەنگدەرانییەوە، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گۆڕان و هەموو فراکسیۆنەکانی کوردستانی روونکردۆتەوە کە کێشەو کەموکوڕییەکانمان لە هەولێیر چارەسەردەبن نەك لە بەغدا، رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەرییەکی بوێرانەو واقیعیانەی خستەڕوو تاکو وڵاتمان لەو قەیرانە سەختە رزگاری بێت، کاتێ تەنازولی لە سەرۆکایەتیی هەرێم کرد، کە لەسەر یەکێك رێکبکەون بۆ ئەوەی شوێنی بگرێتەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، هەمان شت بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان چونکە دەستەیەکی سەرکەوتوو نەبوو، بەتایبەتیش یوسف محەمەدی سەرۆکی پەرلەمان، لەبەرئەوەی ئەجێنداکانی حزبەکەی لە دەزگایەکی میللی و شەرعی جێبەجێ دەرکرد، دواتر پێکهێنانی حکومەتێکی تازەو بەهێز کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت، پێموایە ئەم دەستپێشخەرییە تەنیا چارەسەرە، ئەوەی دەیەوێت یارمەتیی ئەو وڵاتە بدات پێویستە بە قەناعەتەوە قبوڵی بکات، ناشبێت مەرج بسەپێنێت و پڕۆژە پێشکەش بکات، کاتمان نەماوەو گەل لەمە زیاتر بەرگە ناگرێت، با بەیەکەوە دابنیشین و کێشەکانمان لە کوردستان چارەسەربکەین و پەنا نەبەینە بەر بەغدا.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# ژیان و مەنفەعەتەکانی شەڕی داعش

*ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێ کە ئاخۆ دەبێ شەڕو کاولکارییەکانی داعش چ سوودێکی بۆ کوردستان و ئایین و ئایینزاکان بوو بێ؟ ئەم پرسیارەش لەشوێنی خۆیدایە، چونکە بە ئەندازەی شۆڕشێکی چەندین ساڵە شەهیدو بریندار و کەمئەندام و پەککەوتەمان هەبووەو داعشییەکان لە سەدام خراپتر خاکمانیان بە سوتماك کردو ژن و کچیان بەتاڵان بردین. هەزاران خێزانمان بێ سەرپەرشت بوون، بێ شومار دایکی جگەرسووتا و خێزان و هاوسەری پشتشکاومان هەیە، ئامارەکان زۆر دڵتەزێنن و دەرخەری ئەوەن کە چەندە منداڵی بێتاوان لەنازی باوك بێبەش کراون، لێ پرسیار ئەوەیە لەسەد ساڵی ڕابردوودا کەی ڕێککەوتووە شۆڕشی کوردو نەبەردەکانی شارو شاخ شەهیدو قوربانیی نەبەزەکانی لێ نەکەوتبێتەوە؟ لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەشدا کورد بەوە ناسراوە کە دڵۆپێك خوێنی پێشمەرگەو شەهیدی پێشمەرگە بە هەموو دنیا ناگۆڕێتەوە. کورد بەوە ناسراوە کە شەهید تاجی سەربەرزیی نەتەوەکەیەتی، بۆیە ئەولادەکانمان شانازی بە وشەی شەهید و شەهیدبوونی باوك و برای خۆیان و هەموو لایەك دەکەن.

لە مێژووی ئێمەدا ئاخۆ چەند کیژی وەکو لەیلا قاسم چوونەتە بەر پەتی سێدارەو و چەند کوڕی نەبەردو بوێر، مەردو قارەمانانە سڵیان لەمردن نەکردۆتەوە؟

ئاخۆ ڕوویداوە لە تاریخی میللەتان سێ برای کەسێك شەهیدبێت و برای چوارەم ئامادەبێ دەستوبرد بچێتە بەرەکانی شەڕەوە؟ ئایا هەبووە باوك شەهید ببێ و کوڕەکەی بڵێ: من لە پرسەی باوکم ئامادە نابم و چەك هەڵگرێ و بڕواتە بەرەی شەڕی داعش؟ لە کام نەتەوەی ئەم جیهانەدا دایکی وا نیشتمانپەروەر بینراوە کە لەسەر تەرمی کوڕەکەی گوڵ و چوکلێت ببەخشێتەوە؟! ئەمانەو هەزاران نموونەی دی، داستانی مێژووی ڕەنگینی کوردن و ئەوە کوردە ئەو حەماسەتە لە ڕۆڵەی خۆیدا دەبینێت و، ئێمەی کوردین ئەو نموونەیانە لەشەڕی ئەو مەلعوونانەی داعش-یش دەبینین.

هیوادارم وا لێك نەدرێتەوە درکم بەو حاڵەتانە و ئەو زیانە مرۆییە گەورەیە نەکردبێت، مەگەر خانەوادە هەیە باجی شەڕی ئەو بەربەرانەی داعشی نەدابێ؟ بەڵام دێمە سەر بەشی دووەمی وتارەکەو مەنفەعەتەکانی ئەو شەڕە سەپێندراوە دەخەمەڕوو:

*جارێك لەنەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو برادەرێکی زۆر ئازیزم کە لە هۆڵەندا دەژیا، پێی گوتم: لەفەرهەنگی هۆڵەند وشەی پێشمەرگە لێکدانەوەی دیکەی بۆ نەکراوەو ڕێك وەکو خۆی تۆمارکراوە، ڕاستی شاگەشکە بووم، فەرهەنگی وڵاتێکی ئەوروپی وشەی پێشمەرگەی لەناواخندا هەبێ! ئێستاش هاووڵاتی و فەرمانبەرو چین و توێژی جیاوازی وڵاتان، لەکافێیەکی دوور لەچاوی دیپلۆمات و چاودێران بەفەخرەوە ناوی پێشمەرگە دەهێنن. شەخسی گەورەترین وڵاتی جیهان (باراك ئۆباما) لەئێمە باشتر دەزانێ دەستەواژەی پێشمەرگە، نەك جارێك، سەدجار لەسەر زاری بهێنێت و تەواوی عالەمی سیاسیی جیهان لەکەنەداوە تا ئوستڕالیا شانازی بە کوردو پێشمەرگەوە دەکەن و بە پارێزەری کەرامەتی مرۆڤایەتی لە سەرتاپای جیهانی دەزانن و بە چەندین جۆر لە مەشق و تەقەمەنی و هێزی ئاسمانی پشتیوانی دەکەن، کە دواجار بە ئامادەبوونی سەرۆکی کوردستان، وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە هەولێری پایتەخت میداڵی شەرەف وەك ئازایەتی هەموو پێشمەرگە بەخشییە چوار پێشمەرگەی قارەمان.

*لایەنێکی دیکەی زۆر گرنگی شەڕی داعش ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەبی و ئیقلیمی بەتایبەت لە زەمانی سەدام حوسێن وایان تێگەیاندبوون کە کوردو پێشمەرگە تێکدەرن و ئەوانە «عوصاتو لادەرو خۆفرۆشن» کەچی ئەمڕۆ دەبینین فەڕشی سوورمان بۆ ڕادەخەن و بەفەخرەوە ئاڵاکەمان بەرزدەکەنەوە.

* لەم وتارەدا مەبەستم بوو بە کورتی هەردوو لایەنی ئەو شەڕە نەگریسە باس کەم. سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ هەر دڵۆپێکی خوێنی شەهیدان، چونکە گەر ئەوان نەبان، نە ئەو سەرکەوتنانە بەدەست دەهات و نە ئاوهاش بە ڕێزەوە دۆزەکەمان دەچووە سەر مێزی وڵاتانی گەورەی ناوچەکەو جیهان، بۆیە هەموو سەرکەوتنەکانمان بۆ خوێنی گەشی شەهیدەکانمان دەگەڕێتەوە.



**شازاد ئەنوەر**

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**



## دکتۆر عومەر مرۆ
پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی رەشاد موفتی بۆ گوڵان:

# تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت هۆکارێکە بۆ پەرتەوازەیی و رەنگدانەوەی خراپی لێدەکەوێتەوە

**پێکەوەژیان لەنێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بەرهەمی تێگەیشتنی مەلاو زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانە بە درێژایی مێژوو، کە هەموو کات هۆکاری سوڵح و خێری کۆمەڵگە بوون، بۆ ئەوەی ئەو لایەنە جوانە بپارێزین و رۆڵی جوامێرانەی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام وەکو جاران بگەڕێتەوە، پێویستە چی بکەین؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ دکتۆر عومەر حەسەن مرۆ پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی رەشاد موفتی ئەنجام دا، لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئەو پێکەوەژیانەی لە نێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەیە، بەدرێژایی مێژوو بەرهەمی تێگەیشتنی مەلاو زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بووە، بۆ ئەوەی ئەم توراسە ئایینییە جوانە لەکوردستاندا هەر بمێنێت، ئایا پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی گوتارێکی میانڕۆی ئاشتییانەی ئایینی لەکوردستاندا هەبێت؟**

- بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان مێژوویەکی دێرینی هەیە، زاناو مامۆستاو پیاوانی ئایینیی بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەرمەشقی ئەو کەلتوورەن. پێغەمبەری ئێمە (د.خ) بناغەی ئەم پێکەوەژیانەی لەشاری مەدینە دروستکرد، پێکەوەژیان لەنێوان بیروباوەڕە جیاجیاکان لەئەهلی کیتاب وەکو مەسیحی و جو و تەنانەت لەگەڵ کافرەکانیشدا. ئەگەر پێکەوەژیان نەبێت واتا پشێوی و گێرەشێوێنی دەبێت و لەو دۆخەشدا هیچ کەس ناتوانێت ئایینپەروەری و کاروباری ژیان بەڕێوەببات. خاڵێکی تری گرنگ لەپتەوکردنی کەلتووری پێکەوەژیان لەکوردستاندا، ڕۆڵی سەرکردەکانمانە؛ کە زۆربەیان مەلاو شێخ و پەروەردەی بنەماڵەی ئایینی بوون، هەر لەشێخ ئەحمەدی بارزانی نەمر و شێخ مەحمودی حەفیدو قازی محەمەدو مەلا مستەفای بارزانی تا سەدان سەرکردەو پیاوی گەورەی ئایینیی دیکە کە ڕۆڵی باش و پیرۆزیان گێڕاوە بۆ ئایین و نەتەوەکەیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئایین و ئایینزاکانی دیکەش هەڵسوکەوتێکی مرۆیی بووە. کەواتە دەبێت ئەو بناغە بەهێزەی پێکەوەژیان لەکوردستاندا کە ڕەگ و ریشەیەکی قووڵی هەیە، پتەوتری بکەین. هەروەها بابەتی جیاوازیی لەدین و باوەڕدا کارێکە خوای گەورە حوکمی لەسەر دەدات (إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ (٢٥) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُمْ)، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:(فَإِنْ أَسْلَمُوا فَقَدِ اهْتَدَوا وَّإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ)، تەنانەت دەفەرموێت ئەگەر گەیشتە ئاستی گفتوگۆ نەکەی تووڕە بیت، بەڵکو با گفتوگۆکردنەکەشت بەشێوەیەکی جوان بێت (ادع إِلَى سَبِيلِ رَبِّك بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ)، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت هەمووان برای یەکتر بین، بەتایبەتی لەکوردستان کە خاك و نیشتمان کۆمان دەکاتەوە، هەروەکو چۆن برایەتیی ئایینی هەیە لەباوەڕدا هەرواش برایەتیی نیشتمانی و برایەتیی لێکنزیکی و خزمایەتی و کۆمەڵێك پێوەندی دیکە هەیە لێکمان نزیك دەکاتەوە.

*** لایەنێکی دیکەی جوانی تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئیسلام، لایەنی تەسەوفە، تەسەوفیش واتە خاوێنکردنەوەی ناخ و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی خۆشەویستی، ئەمەش وایکردووە هەموو کات مەلاو شێخ و زانایانی ئیسلامی کوردستان وەك دەستی خێرو پیاوی سوڵح و خێری کۆمەڵگە سەیرکراون، ئایا تاچەند گرنگە ئێستاش هەر لەژێر سایەی مەلاو زانایانی ئیسلامی ئەم خۆشەویستی و پێکەوەژیانە زیندوو بکەینەوە؟**

- تەسەوفی ڕاستەقینەی دوور لەموبالەغە خواناسینێکی دروست و ڕێکە. کاتێك ئاراستەیەك لەدین دروست دەبێت، وەکو تەسەوف و سەلەفییەت و مەزهەبە فقهییەکان، نابێت بەرەو ئاقارێکی دوور لە ڕۆحی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی ببەین کە تەقوایە واتا خواناسین.جێگای داخە ئێستا لەکوردستان دابەشبوون هەیە لەکاتێکدا ئەمە لە ڕابردوودا نەبوو، ئەمە سەلەفییەو ئەوە سەر بە حزبی فڵان ئیسلامییەو ئەمە فڵان حزبی دیکەیە لەدەسەڵات، لەکاتێکدا ئەمە لەبەرژەوەندی کوردستان نییە، بەڵام بووەتە واقیع و دەبێت بەعەقڵانییەت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، هەروەکو چۆن خوای گەورەو میهرەبان عەقڵی بەئێمە داوە، هەرواش دەبێت لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ یەکتر هەبێت و لەسەر خاڵە هاوبەشە زۆرەکانی نێوانمان کاربکەین کە دەرئەنجام لەخزمەتی ئایین و وڵاتە، دەرئەنجام ئامانجی دین خزمەتکردنی وڵاتە، بەپێچەوانەوە ئیسلام بەهیچ شێوەیەك دابەشبوون و قسەی توندو ناشرین قبووڵ ناکات، ئەم بابەتە لەکۆنفرانسی (بەرەو چاککردنی گوتاری ئایینی) وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی باسی لێوەکرا، کە پێویستە وتارەکان زیاتر بەرەو پرەنسیبە مرۆییەکان بکەین بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن و پێکهاتن هەبێت، نەك کەلێن و دوورکەوتنەوە لەیەکتر. من ئومێدم زۆرە ئەگەر لەمبارەیەوە کاربکرێت ئەو لایەنە جوانانە بپارێزین و بگرە دەوڵەمەندیشی بکەین.

**وەکو مامۆستایانی ئایینی خۆزگە دەخوازین بتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە کە لەسایەی دەسەڵاتی مەلا مستەفا بارزانی یەکێتی زانایان دامەزرا، بێ ئەوەی دەستتێوەردانی کاری زانایان بکەن**

**هۆکاری فرەمینبەری لە ریزی زانایانی ئایینی ئەوەیە کە هەندێک لەحزبە ئیسلامییەکان لەلایەک بەشدارن لەیەکێتی زانایان، لەلایەکی دیکەوە نووسینگەی زانایانی خۆیان هەیە لەناو حزبدا، کە فەرمانی حزبەکەیان جێبەجێ دەکەن**

**کاتێک مرۆڤەکان هەستیان کرد مافی هاووڵاتیبوونیان هەیەو رێزیان لێدەگیرێت، ئەو کات هیچ کەس و گروپ و حزبێکی توندڕەو ناتوانێت گەنجەکانمان هەڵخەڵەتێنێ**

*** بەدرێژایی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، ئایینی ئیسلام تێکەڵی سیاسەت نەکراوە، راستە مەلاو زانایانی ئیسلامی رێبەرایەتی شۆڕشیان کردووە، بەڵام بەپاڵنەری نەتەوەیی و کوردستانی رێبەرایەتییان کردووە، نەك دافعی ئایینی، ئایا تاچەند گرنگە ئایین و سیاسەت تێکەڵ نەکرێت بۆ ئەوەی ئەو سیما جوانەی ئایینی ئیسلام هەر بەجوانی لەکوردستاندا بمێنێتەوە؟**

- سیاسەت هونەری گۆڕانکاری و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانە؛ بەڵام راستە ئایین گۆڕاوەکان (متغیرات)ی تێدایە، بەڵام دین دەبێت بەرزتربێت لەسیاسەت، کاتێك ئایین حزبایەتی پێوە کرا، زیان بەبەهای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنێت. دین دەبێت وا لە سیاسەتمەدار بکات، راستگۆ بێت و رێگای دادوەری بگیرێتەبەر، کاتێکیش دین و سیاسەت تێکەڵ کرا، زۆربەی جار رەنگدانەوەی خراپی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە حزبێکی ئیسلامی هەبێت و لەلایەکی دی حزبێکی ئیسلامی دیکە هەیەو هەردوولا خۆیان بە راست دەزانن و بۆ بیروباوەڕەکەیان بانگەواز دەکەن، لەبەرامبەردا جەماوەرێکی دیکەش هەیە کە ئەوانیش موسڵمانن، هەروەها چینێکی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامیش هەیە لەدەرەوەی حزبە ئیسلامییەکانن، یا لەناو حزبە کوردستانییەکانی دیکەدان، لێرەدا جیاکاری و لێکتێنەگەیشتن روودەدات. بۆیە دەبێت بەعەقڵانییەت هەڵسوکەوت لەناو کۆمەڵگە بکرێت، بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی خراپ لەنێوان ئەم لایەن و حزب و بۆچوونە جیاوازانە روونەدات. من پێم باشە دین نەکرێت بەسیاسەت و ئێمە وەکو مامۆستاو مەلاو پیاوانی ئایینی رۆڵی خۆمان بگێڕین، هەروەکو چۆن لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول رابەری شۆڕش بوون و سیاسەتیشیان دەکرد، بەڵام ئەو پەرتەوازەییەی ئێستا نەبوو. ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لێدەکات یەکڕیز بین (واعتصموا) قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ) ئەگەر کێشەو ناکۆکیتان کەوتە نێوان، هێزو تواناتان نامێنێت، ئەمەی ئەمڕۆ روودەدات جێگای نیگەرانیی خەڵکی ئێمەیە.

*** خۆتان دەزانن بەشی هەرە زۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان موسڵمانن، واتە ئەگەرچی ئێستا کریستیان و ئێزیدی و کاکەییش لەناو ریزەکانی پێشمەرگە بوونیان هەیە، بەڵام بەشی زۆری پێشمەرگە کە موسڵمانن و لەسەنگەرەکانی شەڕی دژی داعش هاوکات لەگەڵ بەرگریکردن لەکوردستان و تێکشکاندنی داعش، نوێژ دەکەن و بەڕۆژوو دەبن، ئەوان چۆن بەرگری لە موسڵمانان دەکەن، بە هەمان شێوە بەرگری لە پێکهاتەو ئایینەکانی دیکەی کوردستانیش دەکەن، ئایا چۆن ئەم ئەخلاقە بەرزەی پێشمەرگە بکەینە هەوێنی ئەخلاقی نەوەکانی داهاتوومان؟**

- پێشمەرگە مێژوویەکی پڕسەروەری بۆ خۆیان و میللەتەکەیان تۆمار کردووە، بەبێ جیاوازی بەرگرییان لەسەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان و عێراقیش کردووە، بێ ئەوەی تەماشای ئایینزاو نەتەوە بکەن، ئەمە پێوەندی بەچەمکی مرۆییەوە هەیە کە وایکرد جەنگێکی بەرفراوان و سەختی لەدژی داعش و تیرۆریستان خستە ئەستۆی خۆی و تێیدا سەرکەوتوو بوو. ئەمە تەنیا خزمەت نییە بەخاك و نیشتمان، بەڵکو خزمەتە بەئایین و ئایینزاکان کە وایکردووە بە ئازادی مومارەسەی بۆنە ئایینییەکانی خۆیان بکەن و دینداری بکەن، کاتێکیش پێشمەرگە بەرگری لەموسڵمانان و ئایینزاکانی دیکە دەکات، ئەوا ئەمە بەهایەکی گەورەی ئایینیشی هەیە، چونکە ئایینی ئیسلام ئایینی بەزەیی و بەرگریکردنە لەمرۆڤایەتی و ئەو مرۆڤەی خوای گەورەو میهرەبان خەڵقی کردووە، هەرواش وەسفی پێغەمبەری ئێمە دەکات کە رەحمەتە، نەك تەنیا بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکو بۆ دارو درەخت و گیانداران و هەموو بوونەوەرێك (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ). بێگومان ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبووایە، ئاوارەو پەناهەندەی زیاتر رووی لە وڵاتانی جیهان دەکردو کاریگەریی خراپی لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکردو خەڵك و خێزانێکی زیاتر لەدەریاو رێگەی هەندەران لەناو دەچوون. لەخوای گەورەو میهرەبانیش داواکارین شەهیدەکانمان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبووایە، ئاوارەو پەناهەندەی زیاتر رووی لە وڵاتانی جیهان دەکردو کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکردو خەڵک و خێزانێکی زیاتر لەدەریاو رێگەی هەندەران لەناو دەچوون**

*** بمانەوێت، یان نەمانەوێت، هەوڵێك هەیە کە بەشێك لەدەوڵەتانی ناوچەکە دەیانەوێت بە ڕێگەی هەناردەکردنی فکری توندڕۆیی ئەم تێگەیشتنە بەرزەی کورد لەئیسلام بگۆڕن بۆ توندڕۆیی، هەندێك جار ئەم پەتایە بە ڕێگەی ئازادی رادەربڕین دەنێرێنە کوردستان، ئایا تاچەند گرنگە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان یەکێتی زانایانی ئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی رۆشنبیری هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لەهاتنی فیکری تۆندڕۆیی بگرێت؟**

- فیکری توندڕۆیی فیکرێکی ترسناکەو هەڕەشەیە لە هەموو نەتەوەو ئایین و مرۆڤەکان، بۆیە دەبێت میکانیزمێکی گونجاو بدۆزینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، بەتایبەتی لەلایەن زاناو مامۆستایانی ئایینە جیاجیاکان، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پەتایەش ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی و ئایینیشە، چونکە ئەم فیکرە توندڕەوییە زیانی بەسەرجەم مرۆڤایەتی گەیاندووە لەپێشەوە زیانی بەموسڵمانان و ئایینی پیرۆزی ئیسلام گەیاندووە، گرفتەکە لەوەدایە زۆربەی ئەوانەی فیکری توندڕۆییان هەڵگرتووە، ئیدعای ئیسلام دەکەن، هەربۆیە نەك تەنیا بەهێزی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕ پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە، بەڵکو لەناوخۆشدا لە ڕێگەی مامۆستاو مەلا بەڕێزەکانەوە پێویستە گەنجەکانمان لەمەترسی ئەو فیکرە ئاگادار بکەینەوە کە دوورە لەبیروباوەڕی ئیسلام، لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکی سەرشانی حکومەت و لێپرساوانی هەرێمە کار بۆ گەنجان بدۆزنەوەو هەژاری کەم بکرێتەوە، چونکە فیکری توندڕۆیی سوود لەبوونی کەلێن لەنێوان حکومەت و میللەت وەردەگرێت، هەژاری و بێکاری و نەبوونی دادپەروەری لەلایەن فیکری داعشەوە هەل دەقۆزرێتەوەو داعشیش نەمێنێ، فیکرێکی دیکەی توندڕەو جێگای دەگرێتەوە. کاتێك مرۆڤەکان هەستیان کرد مافی هاووڵاتیبوونیان هەیەو ڕێزیان لێدەگیرێت، ئەو کات هیچ کەس و گروپ و حزبێکی توندڕەو ناتوانێت گەنجەکانمان هەڵخەڵەتێنێ، پێویستە یەکێتی زانایانی ئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف و حزب و لایەنە سیاسییەکان و حکومەت دەست لەناو دەست وەکو یەك تیم کاربکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو فیکرە ترسناکە.

*** لەسەردەمی مەلا مستەفا بارزانی، زانایانی ئایینی ئیسلام ڕێکخراوێکی تایبەتی خۆیان هەبوو، تێکەڵی سیاسەت نەدەبوون، بەڵام ئێستا هەست دەکرێت کە مامۆستایان و زانایانی ئایینیی کوردستان، بەشێکیان بەسەر حزبەکاندا دابەشبوون و لەبەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان گوتار دەدەن، ئایا تاچەند گرنگە جارێکی دیکە مەلاو زانایانی ئایینی کوردستان لە ژێر چەتری یەکێتی زانایانی ئیسلامی کۆببنەوە و بەیەك چاو سەیری حزبەکان بکەن و بەیەك مەسافە لەهەموو حزبەکانەوە نزیك بن، بۆ ئەوەی مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی پێشڕەوی خۆیان لەدەست نەدەن؟**

-یەکێتی زانایان ڕۆڵی دیاری هەبووە لەدژایەتی فیکری داعش، بەڵام هۆکاری فەرمینبەری لە ریزی زانایانی ئایینی ئەوەیە کە هەندێك لەحزبە ئیسلامییەکان لەلایەك بەشدارن لەیەکێتی زانایان، لەلایەکی دیکەوە نووسینگەی زانایانی خۆیان هەیە لەناو حزبدا، کە فەرمانی حزبەکەیان جێبەجێ دەکەن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەرتەوازەیی. لەسەردەمی مەرحووم مەلا مستەفا بارزانی، مەلاو مامۆستایانی ئایینی یەکدەنگ و یەکڕەنگ بوون، واتە یەك جەمسەر هەبوو بۆ یەکێتی زانایان، هەر بۆیە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. ئێمە وەکو مامۆستایانی ئایینی خۆزگە دەخوازین بتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە کە لەسایەی دەسەڵاتی مەلا مستەفا بارزانی یەکێتی زانایان دامەزرا، بێ ئەوەی دەستتێوەردانی کاری زانایان بکەن. ئەو سەردەمە بەدەیان ریفۆرمی ئایینی و کۆمەڵایەتی بەرهەم هات. بۆ نموونە لەبواری ئافرەتان قەدەغەکرا کچ لەناو بێشکە بەشوو بدرێت، یا گەورەو بەبچووکی پێ بکرێت، بگرە قەدەغەکرا ئافرەتان لەبری خوێن ببەخشرێن و دەیان چاکسازی تری کۆمەڵایەتی کە دژی ئایینی ئیسلام و دادپەروەری بوو، ڕەحمەتی مەلا مستەفا بارزانی پشتگیری یەکێتی زانایانی دەکرد. ئەو کات یەك یەکێتی زانیان هەبوو، ئەو هەموو حزب و فکرەیە نەبوون.

**دین دەبێت بەرزتربێت لەسیاسەت، کاتێک ئایین حزبایەتی پێوە کرا، زیان بەبەهای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنێت**

**هەروەکو چۆن برایەتی ئایینی هەیە لەباوەڕدا هەرواش برایەتی نیشتمانی و برایەتی لێکنزیکی و خزمایەتی و کۆمەڵێک پەیوەندی دیکە هەیە لێکمان نزیک دەکاتەوە**



### دێرێک ریڤێرۆن پسپۆڕی کاروباری ئەمنی بۆ گوڵان:

# پێویستە عێراقییەکان پرسیاری ئەوە بکەن کە لەبنەڕەتدا داعش چۆن دروست بوو؟

**دێرێك ریڤێرۆن پرۆفیسۆری کاروباری ئاسایشی نەتەوەی لەکۆلێژی جەنگی دەریایی، تایبەتمەندە لەسیاسەتی بەرگریی ئەمەریکاو لەپەرەپێدانی ستراتیژی و ئەو تەحەددییاتە ئەمنییانەی لەلایەنە غەیرەدەوڵەتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ قسەکردن لەبارەی ئاکام و دەرەهایشتەکانی شکستهێنانی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی ئەوەی تا چەند چارەسەرکردنی ئەم دۆخە پێویستی بە هەوڵێکی نێودەوڵەتی هەمەلایەن هەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

*** پێتانوایە تا چەند کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا؟**

- ئەوە بۆتە نەریتێکی دووردرێژ لە ئەمەریکا کە هاوکاری ئەو وڵاتانە بکات کە بەدەست کێشەی ئەمنییەوە دەناڵێنن، ئەویش کاتێك وڵاتەکە ناتوانێت بەپشتبەستن بەخۆیان ئاسایشی نیشتمانییان بپارێزن. پاساوی هاوکاریی ئەمنی لەسەر ئەو گریمانەیە بنیادنراوە کە ناسەقامگیری و پشێوی بەدوای خۆیدا

دەهێنێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمەریکا، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رووبەڕووی فشار ببێتەوە لەئایندەدا بۆ ئەوەی دەستتێوەردان بکات. من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە ئیدارەی نوێ بەردەوام بێت لەگرتنەبەری ئەم رێچکەیە، بەڵام هەوڵی دۆزینەوەی شێوازی دیکە دەدات، بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکەی کاری زیاتر ئەنجام بدات. ئێمە ناتوانین ئەو شکستانە فەرامۆش بکەین کە لەماوەی ٢٥ساڵی رابردوودا روویانداوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو نائومێدییەی لەسووریاو عێراق و ئەفغانستاندا هەیە، ئەوا ئەگەری دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەئاست ناوچەکەدا لەئارادایە. ئەو کەسانەی سەرۆکی هەڵبژێردراو —دۆناڵد ترەمپ- دەستنیشانی کردوون (وەك ژەنەڕاڵ جەیمس ماتیس بۆ وەزیری بەرگری، یان ژەنەڕاڵ مایکڵ فلین وەك راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ) بەشێك بوون لەم هەوڵە لەماوەی کارکردنی پیشەییاندا، لەبەر ئەوە من پێشبینی بەردەوامبوونی ئەم پرۆگرامە دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، ١٥ ساڵی رابردوو جێی ناڕازیبوونی ئەمەریکاو شەریکەکانی بوو، لەبەر ئەوە پێشبینی ئەوە دەکەم کە گۆڕانکاری لەچۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامانەدا دروست بێت.

*** ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك کێشەگەلێکی گلۆباڵی پێویستی بە هەوڵێکی گشتگیری نێودەوڵەتی هەیە؟ ئایا بۆ ئەمە تا چەند پێویستە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێ بدرێت؟**

- ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییانەی پێشتر گرێدراون، چارەسەرێکی درێژخایەنیان لێنەکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە بەلای منەوە واقیعی سەرئەرز گۆڕانکارییە درێژخایەنەکە دیاری دەکات. ئەوەی لەهەوڵە نێودەوڵەتییەکان گرنگترە، ئەوەیە چۆن سووری و عێراقی و کوردو تورك و ئەوانی دیکە ناوچەکە دادەڕێژنەوە. واتە کاراکتەرە دەرەکییەکان دەتوانن پاڵپشتی هەوڵە مەحەلییەکان بن، بەڵام دەبێت پشت بەحکومەت و تاکەکەسەکان ببەستن بۆ دەستنیشانکردنی سروشتی هاوکارییەکە.

*** ئایا ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات، بە چ میکانیزمێك دەتوانێت دەستتێوەردانی ئێران بۆ وڵاتانی ناوچەکە رابگرێت؟**

- لەڕاستیدا چەندین رێگە هەیە بۆ وەسفکردنی ئەم ململانێیە، بەڵام پێموایە ئەمە ململانێی دەسەڵاتە. رێککەوتنی ناوکی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێراندا نەبۆتەهۆی هێنانەئارای سەقامگیرییەکی زیاتر لەگەڵ ئێران و دەوڵەتە دراوسێکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

*** باس لەوە دەکرێت دەبێت لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکەو گەلەکانیان، گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بۆ سەدەی بیست و یەکەم پێڕەو بکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا مەبەست لەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییە چییەو ئایا ئەمە مانای ئەوەیە جارێکی دیکەو بە شێوەیەکی تازە سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیە پێناسە دەکرێتەوە؟**

- بیرۆکەیەکی کۆن هەیە لەئەمەریکا کە پێیوایە باشترین حکومەت ئەوەیە زۆر نزیك بێت لەخەڵکەوە. لەکاتێکدا کە ئێمە حکومەتێکی نیشتمانیمان هەیە، بەڵام ئەوە حکومەتی ویلایەتەکان و حکومەتە مەحەلییەکانن کە گرنگن بۆ تاکەکەسەکان، لەبەر ئەوەی ئەوە حکومەتە مەحەلییەکانن کە سیستمی پەروەردەو سیستمی تاوانکاری و سیستمی تەندروستی گشتی بەڕێوەدەبەن. ئەمەش بوار دەدات بۆ دروستبوونی فرەیی لەسەرتاسەری ئەمەریکا، بەڵام لەهەمان کاتدا بواریش دەدات بە خۆبەڕێوەبەری کە خەڵك پەرۆشە بۆی.


*** ئایا لە دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا تا چەند مەزەندەی ئەوە دەکرێت جوگرافیای دەوڵەتی عێراق وەك خۆی بمێنێتەوە؟**

- هەروەك هەموومان دەزانین، وێرانکردن زۆر ئاسانترە لەدروستکردن. کەواتە ئەوەی دواتر عێراق دروستی بکاتەوە تەحەددییەکی گەورەترە لەتێکشکاندنی داعش. چۆن عێراق دەتوانێت خۆی لە دروستبوونی نەوەیەکی نوێی داعش بپارێزێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوەیە عێراقییەکان پرسیاری ئەوە بکەن بۆچی لەبنەڕەتدا داعش دروست بوو؟ دەبێت کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی هەل و مەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان.

**رێککەوتنی ناوکی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێراندا نەبۆتەهۆی هێنانەئارای سەقامگیرییەکی زیاتر لەگەڵ ئێران و دەوڵەتە دراوسێکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا**

**ئەوەی لەهەوڵە نێودەوڵەتییەکان گرنگترە، ئەوەیە چۆن سووری و عێراقی و کوردو تورك و ئەوانی دیکە ناوچەکە دادەڕێژنەوە**

**ئەوەی دواتر عێراق دروستی بکاتەوە تەحەددییەکی گەورەترە لەتێکشکاندنی داعش**



## ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما

### سەرۆکی دێری سەیدەو رەبان هورمز بۆ گوڵان:

# بارزانی تەنیا چارەنووسی هەرێمەکەی نەپاراست، کوردستانیشی کردە نەوایەکی ئارام و خاکێک بۆ پێکەوەژیان و رێزگرتن لەمرۆڤایەتی

**کریستیانەکان بەهاوشێوەی هەموو پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بەگرنگییەوە دەڕواننە داهاتووی کوردستان و رووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕۆیی، ئەوان پێیانوایە هەموان پێویستە بەهەستیارییەوە بڕواننە دۆخەکە، بەتایبەتی دۆخی کریستیانەکان لەدەشتی نەینەوا. ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمز لەئەلقوش لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان، جگە لە تاوتوێکردنی بارودۆخی کریستیانەکان، باسی ئەو پێکەوەژیان و لێبووردەییانە دەکات کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** لەدوای ئازادکردنەوەی موسڵ و دەرکردنی گروپی تیرۆریستی داعش لەدەشتی نەینەواو شاری موسڵ، تەشەنەکردنی فیکری توندڕەویی ئایینی قسەو باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت، ئایا بوونی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەهەرێمی کوردستان تاچەند ڕۆڵی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕۆیی و هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی کریستیانەکان بۆ هەرێمی کوردستان؟**

- فیکری توندڕۆیی لەعێراق ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیەو تێکەڵ بە دابونەریت و کەلتوور بووە، لەدوای هاتنی داعش و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و دەرکردنی زۆرەملێی ئایینزاکان ئەوەندەی دیکە ئەگەری تەشەنەکردنی فیکری توندڕۆیی زیاتر بووە، لەبەرامبەردا لەتەواوی عێراقدا کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەییش پاشاکشەی کردووە. ئەم گروپ و تاقمە توندڕەوانە لەدەرەوەی سنوورەکان هاتوون و لەناوخۆی عێراقدا وەکو پەتایەکی تاعوون فیکری توندڕەوییان بڵاوکردۆتەوە، بچڕاندنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی یەکێك لەهەرە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو گروپە توندڕەوانەیە، بە ڕادەیەك ئێستا مانەوەی کریستیانەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا زەحمەت بووە، هەر ئەمەشە وایکرد زۆربەی کریستیانەکان لەخوارو ناوەڕاستی عێراق و دەشتی نەینەواو موسڵ ڕوو لەهەرێمی کوردستان بکەن، چونکە تاکە نەواو پێگەی ئارام هەرێمی کوردستان بوو، بۆیە کریستیانەکان دوای ڕفاندن و کوشتن و دەرکردن و وێرانکردنی کەنیسەو دێرو ناوچە پیرۆزەکانیان ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کرد، بە ڕادەیەك ئێستا کریستیانەکان ڕووبەڕووی گەورەترین پاکتاوکردنی ئایینی بوونەتەوە. کاتێك خوشك و ئافرەتەکانی ئێزیدی ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەوەو وەکو سەبایە لەبازاڕەکاندا فرۆشتنیان پێوەکرا، ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ئایینەدەی کوردستانیش، هەربۆیە جەنابی بارزانی سەرۆکی کوردستان بڕیاری دا پێشمەرگەی کوردستان شەڕی ئەو تاقم و گروپە دەستپێبکەن و دەروازەکانی کوردستانیشی لەبەردەم ئەو ژمارە زۆرەی کریستیانەکان واڵاکرد، ئەم هەڵوێستەی بارزانی تەنیا چارەنووسی هەرێمەکەی نەپاراست، بەڵکو هەرێمی کوردستانی کردە نەوایەکی ئارام و خاکێك بۆ پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لەبەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی، چونکە ئامانجی داعش تەنیا کوشتنی کریستیان و ئێزیدییەکان نەبوو، ئەوان زۆر زیاتر موسڵمانیان کوشتووە. هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتی کوردستان ڕۆڵێکی کارایان هەبوو، نەك تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، بەڵکو لەپاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لەپێکەوەژیان و ڕێگەنەدان بەهاتنی فیکری توندڕۆیی لەدەرەوەی سنوورەکان.

*** ئایا هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسیی هاتنی فیکری توندڕەویدا نییە، بەتایبەتی ئەو فیکرو بۆچوونە توندڕەوانەی کە لەدەرەوەی سنوورەکان دێن و ئەجیندای دەرەکییان هەیە؟**

- ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی عێراق و سووریا بەناوچەی ڕووداوە کتوپڕەکان بەناوبانگە، هەربۆیە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی تەشەنەکردنی ئەو فیکرە توندڕەوانەین کە لەدەرەوەی سنوورەکانەوە دێت، جێگای داخە لەمەشدا هەندێك لەمامۆستای ئایینی و سیاسەتمەداری ئیسلامی سیاسی دوور لەنەهج و فیکری میانڕەویی ئیسلامی ڕۆڵی خراپ دەگێڕن، سوپاس بۆ خودا کە سەرکردایەتی کورد ئەو دیارییە بەخشندەیەی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە کە ڕێز لەهەموو ئایین و ئایینزاکان بگرن و ڕێگە نەدەن ئیسلامی سیاسی تۆوی توندڕەوی بچێنێت، ئەمەش بۆ ئەو کەلتوورە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە گەلی کوردستان پێی بەناوبانگە. مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی گەورەی کوردەو پارێزگاری لەکریستیانەکان کردووەو بەرەیەکی یەکگرتووی لەگەڵ کریستیانەکان هەبوو، هەربۆیە لەشۆڕشی ئەیلوول خوێنی کریستیانێك لەگەڵ خوێنی موسڵمانێکی کورد لەبەرەکانی شەڕ و لەخەباتدا تێکەڵ دەبوون. سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی باش سەقامگیری و ئارامی لەکوردستاندا هەیەو دابونەریتی ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕەویش بەهێزە پتەوە، هەربۆیە هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەی عێراقەوە خاوەنی کۆمەڵگەیەکە نەفرەت لەتوندڕەوی ئایینی دەکات، بەڵام مەرامی دوژمنکارانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و هەرێمەکە بەردەوامی هەیە، چونکە فیکری میانڕەوی و کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی کە ئێستا لەکوردستان هەیە، ڕێگرە لەبەردەم ئەجیندەو تەماعکاری دوژمنانی کوردستان، ئەوەی لەزاخۆو دهۆك و سەرسەنگ ڕوویانداو هێرشکرایە سەر کریستیانەکان یەکێك بوو لەو هەوڵانەی بۆ بەبارگراویکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بە فیکری توندڕۆیی ئایینی، بۆ ئەوەی کوردستان بەهاوشێوەی عێراق ئەو فیکرە قێزەونەی تێدا بەرهەم بێت. ئێنشائەڵلا پشت بەخواو بەپاڵپشتی خەڵکی کوردستان و حزبە دڵسۆزەکان و فەخامەتی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێگەنادرێت فیکری توندڕۆیی ئەجیندەی دەرەکی لەکوردستان وەکو پەتایەك بڵاو ببێتەوە، مەسیح سەلامی خوای لەسەر

**پێشمەرگە کاتێک ڕووبەڕووی داعش وەستا، کە ئەو تیرۆریستانە لەلوتکەی هێزدا بوون، ئەوکات وڵاتانی ئیقلیمی و سوپای عێراق و سوپای وڵاتە زلهێزەکانی جیهانیش ڕووبەڕوویان نەبوونەوە**

**ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو مامۆستاو پیاوانی ئایینی و زاناکانە ڕێگە نەدەن بەهەڵە دەقە پیرۆزەکان بۆ خەڵکی بگوازرێتەوە**

**جێگای داخە سەرەڕای بوونی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی، کەچی هەندێک کەس و لایەن دێن کەلتووری یەکتر سڕینەوەو دژایەتیکردنی یەکتر بڵاودەکەنەوە**

**خوێنی پێشمەرگە بەفیڕۆ ناچێت، پێشمەرگە لەپێناو خۆشەویستی و ئازادی و پاراستنی ماف و کەرامەتی هەموو خەڵکی کوردستان لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕەو پارێزگاری لەهەموو ئایین و ئایینزایەکی کوردستان دەکات**

**پشت بەخواو بەپاڵپشتی خەڵکی کوردستان و حزبە دڵسۆزەکان و فەخامەتی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێگەنادرێت فیکری توندڕۆیی ئەجیندەی دەرەکی لەکوردستان وەکو پەتایەک بڵاو ببێتەوە**

**پیاوانی ئایینی کریستیان تێکەڵ بەسیاسەت نابن، بەڵام ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پشتگیری لەمافی هەموو نەتەوە مەزڵوومەکان دەکەن، لەناوەندەکانی بڕیاریشدا گوێیان لێدەگیرێت**

**خاکی کوردستان لای کریستیانەکان بەهاوشێوەی برا ئایینییەکانیان پیرۆزەو هەمووانیش یەک ئامانج و ئاواتیان هەیە، ئەویش ئەو خەبات و گیانفیداییە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە سەربەخۆیی و بوون بەخاوەنی دەوڵەتی کوردستان**

**هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەی عێراقەوە خاوەنی کۆمەڵگەیەکە نەفرەت لەتوندڕەوی ئایینی دەکات، بەڵام مەرامی دوژمنکارانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و هەرێمەکە بەردەوامی هەیە**

بێت، دوژمنی محەمەد دروودی خوای لەسەر بێت، نییە. موسڵمانەکان و کریستیان و نەتەوەو ئایینزاکانی دیکەی کوردستان لەدێرزەمانەوە لەسەر ئەم خاکە وەکو برا دەژین و پێکەوە ڕۆڵیان لە ئاوەدانکردنەوەی هەبووە. خاکی کوردستان لای کریستیانەکان بەهاوشێوەی برا ئایینییەکانیان پیرۆزەو هەموانیش یەك ئامانج و ئاواتیان هەیە، ئەویش ئەو خەبات و گیانفیداییە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە سەربەخۆیی و بوون بەخاوەنی دەوڵەتی کوردستان.

*** کریستیانەکان بەتایبەتی کەسایەتی ئایینی کریستیان تاچەند پاڵپشتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی ڕای پاپای فاتیکان و کریستیانەکانی جیهان لەو بارەیەوە چییە؟**

- پاڵپشتی و پشتگیری هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ هەرێمی کوردستان و خودی جەنابی مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە بەڵگەیەکە بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و ئەو پێکەوەژیانەی لەسەر ئەم خاکە هەیە. پیاوانی ئایینی کریستیان تێکەڵ بەسیاسەت نابن، بەڵام ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پشتگیری لەمافی هەموو نەتەوە مەزڵوومەکان دەکەن، لەناوەندەکانی بڕیاریشدا گوێیان لێدەگیرێت، ئەوان پاڵپشتیی فیکری توندڕۆیی و کۆمەڵکوژی گەلان ناکەن. تەحەددایەکی گەلێك مەزنیش لەبەردەم خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام هەیە، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕۆیی و هزری دەرەکییە کە ئەجیندەو مەرام و بەرژەوەندی سیاسی لەپشتە و زیان بە ئایینی ئیسلامیش دەگەیەنێت، پێویستە کوردو کوردستانییەکان بە موسڵمان و کریستیان و ئێزیدی و ئایینەکانی دیکەشەوە، بوار نەدەن بەتێکدانی مێژووی برایەتی نێوانیان. من سوپاسی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم کە ڕێگەیان نەدا ئەجیندەی دەرەکی زیان بەم پێکەوەژیان و کەلتوورە ڕەسەنەی لێبووردەیی بگەیەنێت. کاتێك کریستیانەکانی عێراق زوڵمیان دەرهەق کرا، مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرگاکانی کوردستانی واڵاکردو وەکو هاووڵاتیەکی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی کریستیانەکان کرد، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان و حکومەتەکەی تائێستاش بەدەست گەمارۆیەکی توندی حکومەتی بەغداوە دەناڵێنن، داهاتووش هەر بۆ هەرێمی کوردستان و سەرکەوتنی بەها پیرۆزەکانی ئایین و مرۆڤایەتییە، خوێنی پێشمەرگە بەفیڕۆ ناچێت، پێشمەرگە لەپێناو خۆشەویستی و ئازادی و پاراستنی ماف و کەرامەتی هەموو خەڵکی کوردستان لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕەو پارێزگاری لەهەموو ئایین و ئایینزایەکی کوردستان دەکات، کریستیانەکان برای موسڵمان و ئایینەکانی دیکەن، کەسێك بڵێت کریستیان، یا موسڵمانێك کافرە، ئەوە ئایین پێمان دەڵێت ئەو کەسە خۆی کافرە.

*** ئەمڕۆ لەکاتێکدا ڕووبەڕووی فیکری توندڕۆیی و تیرۆریستانی نێودەوڵەتی بووینەتەوە، هاوکات فیتنەیەکی ناوخۆییش بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەجیندەی دەرەکی کەوتۆتەوە، ئایا ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیانی چۆن بەهاوشێوەی مامۆستاو زانایانی ئایینی ئیسلام ڕووبەڕووی ئەو فیتنەیە دەبنەوە؟**

- جێگای داخە سەرەڕای بوونی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی، کەچی هەندێك کەس و لایەن دێن کەلتووری یەکتر سڕینەوەو دژایەتیکردنی یەکتر بڵاودەکەنەوە، ئەوانە تەنیا پێوەندیی نێوان نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان تێك نادەن، بەڵکو پێوەندی نێوان حکومەت و خەڵکیش تێك دەدەن، حکومەتێك کە موڵکی خەڵك خۆیەتی، ئەوان بەهاندان و فیتی ئێران زیان بەهەرێمی کوردستان دەگەیەنن، خودای گەورە لەگەڵ ئێمەدایەو خودا گەلێك مەزنە و خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نادات و سەرکەوتن بۆ ئەو مامۆستاو پیاوانی ئایینی ئیسلام و کەنیسەیە کە گیانی لێبووردەیی و ڕێزگرتن لەبەها جوانەکانی مرۆڤ دەپارێزن، ڕەسەنایەتی ئایین لەوێدایە، ئالێرەدا هەموو پیاوانی کەنیسەو دێرەکان بەمەتران و قەشەکان باسی سیاسەت ناکەن، تەنیا دوعاو نزا دەکەن، بۆ ئەوەی خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکان و هەموو ئایینزاکان هەبێت، سەید مەسیح دەفەرموێت: «تُحبُّ الرَّبَّ إلهَكَ مِنْ كُلِّ قَلْبِكَ، وَمِنْ كُلِّ نَفْسِكَ، وَمِنْ كُلِّ قُدْرَتِكَ» واتە نزیکی ئێمە موسڵمان و ئێزیدی و هەموو مرۆڤایەتییە. موسڵمان و کریستیانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە خۆشەویستی بۆ خودا لەنێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بڵاودەکاتەوە، لەئینجیل فیکری توندڕۆیی تێدا نییەو ڕێز لەهەموو مرۆڤ گیراوەو خۆشەویستی بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان هەیە. سەید مەسیح پێمان دەڵێت مەرج نییە تەنیا بەرگری و پارێزگاری لەکریستیانەکان بکەین، بەڵکو دەبێت بەرگری لەهەموو مرۆڤایەتی بکرێت، کریستیانەکانی کوردستان لەگەڵ برا موسڵمانەکانیاندا خاوەنی ئەم خاکەن و پێکەوە ژیاون، زۆربەی پیاوان و مامۆستایانی ئایینی دژی فیتنەو دووبەرەکی و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینەن، ئەمانە ئەرکێکی قورسیان دەکەوێتە سەرشان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مامۆستا ئایینییانەی کە دووردەکەونەوە لەدەقە پیرۆزەکانی قورئان و هانی خەڵکی دەدەن بۆ تێکدانی دۆخەکە، هەروەکو چۆن لە سمێڵ و زاخۆو سەرسەنگ و چەند ناوچەیەکی

دیکە ژمارەیەك مامۆستای ئایینی هانی خەڵکی توندڕەویان دا کە پشێوی و هەڵکوتانە سەر ماڵ و موڵکی کریستیانەکانی لێکەوتەوە. ئەمڕۆ کوردستان لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژووییدایەو پێویستە تۆوی دووبەرەکی و فیتنە بنبڕبکرێت و کار بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لەهەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان بگیرێت، بەزۆر شەریعەتی هیچ ئایینێك لەسەر خەڵکی نەسەپێندرێت، ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو مامۆستاو پیاوانی ئایینی و زاناکانە ڕێگە نەدەن بەهەڵە دەقە پیرۆزەکان بۆ خەڵکی بگوازرێتەوە، یاساکانی سەدەکانی ناوەڕاست و دابونەریتی خێڵەکیی بیابانەکان بەسەر خەڵکی بەناوی ئایین بڵاونەکرێتەوە، هەر هەوڵێك دژی خۆشی و خێری خەڵکی بێت، ئایین و پێغەمبەرەکان ڕەتی دەکەنەوە، باشە وتارێك یاخود قسەیەك دژی خێری میللەتی کورد بێت، چۆن دەبێت ڕێگەی پێبدرێت لەناو خەڵکیدا بڵاوبکرێتەوە؟ ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بەیەکڕیزی و کرانەوەو پێشکەوتن لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، کاتێك خەڵك و حکومەت پاڵپشتی یەکتر بن، هێزی دەرەکی ناتوانێت گەرا لەناو ئەم کۆمەڵگەیەدا دابنێت بەفیکری توندڕەو و ناوی جیاجیاوە، کاتێك خاك بەپیت و باش بێت، هەمووان دەمێننەوە، کاتێك ناکۆکی و نائارامی هەبێت، نەك کریستیانەکان تەنانەت کوردی موسڵمانیش کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات دەکات، ئەمەش مەبەست و مەرامی هێزە دەرەکییەکانی دژ بەگەلی کوردستانە.

*** سەرۆك بارزانی هەروەکو چۆن بەڵێنی پێدان لەسەر دەستی پێشمەرگە زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی ئازاد کرد، ئایا بارودۆخی ئێستای کریستیانەکان لەو ناوچانە چۆنەو بەبوونی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا تاچەند پێکهاتەی کریستیانەکان هەست بەئارامی دەکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە. لەمێژوودا قۆناغ بەقۆناغ بیری توندڕەوی و فیکری دژ بە مرۆڤایەتی، کریستیانەکانی لەو ناوچانە دەرکردووە، بە گیانفیدایی پێشمەرگەو سیاسەتی سەرکەوتووانەی جەنابی بارزانی ئەو ناوچانە ئازاد کرانەوە، من کاتێك لەگەڵ ژمارەیەك لەکریستیانەکان سەردانی بەرەکانی شەڕمان کردو نانمان بۆ پێشمەرگە برد، بەچاوی خۆمان بینیمان سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە لەچ هەڵوێستێکی شەرفمەندانە بوون، لەمەشدا بەپێچەوانەی زۆر لەو کەسانەی کە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن فرمێسکی درۆیان بۆ ئایین و ئایینزاکانی ئەم ناوچەیە دەڕشت و ڕۆژێك ئامادە نەبوون سەردانی بەرەکانی شەڕیش بکەن، بەڵام جەنابی بارزانی و پێشمەرگە قوربانی و شەهید و بریندارێکی زۆریان دا تاکو ئەو ناوچانە ئازادکرانەوە، بە درێژایی سنووری ١٠٥٠ کیلۆمەتر پارێزگاری لە خەڵکی سڤیل لەنەتەوەو ئایینی جیاجیا کرد. پێشمەرگە کاتێك ڕووبەڕووی داعش وەستا، کە ئەو تیرۆریستانە لەلوتکەی هێزدا بوون، ئەوکات وڵاتانی ئیقلیمی و سوپای عێراق و سوپای وڵاتە زلهێزەکانی جیهانیش ڕووبەڕوویان نەبوونەوە، پێشمەرگە بەو توانا کەمەوە کە نزیکەی ٢ ملیۆن ئاوارە ڕووی تێکردووە، توانی شەڕی داعش بکات و سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئایا متمانە گەڕایەوە، یا ئاوەدان کرایەوە، بێگومان نەخێر؛ کەنیسەو دێرە سووتاوەکان و شوێنەوارە دێرینەکان و ماڵە تاڵانکراوەکانی کریستیانەکان لەشاری موسڵ پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، دێری کریستیانەکانی ئێمە لەموسڵ کراوەتە زیندانی ئافرەتان، لە قەرەقۆش و تلکێف و تلسقۆف و باتنایەو باشیك و سەدان گوندی دیکەی کریستیانەکان پێویستیان بەهێزێکی نێودەوڵەتی هەیە کە پاڵپشتی پێشمەرگە بێت و پارێزگاری لەو ناوچەیە بکات، پێویستە ماددەی ١٤٠ی دەستووری لەم ناوچانەدا جێبەجێ بکرێت و تەواوی ناوچە کریستیانەکان بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، کریستیانەکانی دانیشتووانی ئەو ناوچانە ڕوویان لەکەنەداو ئەمەریکاو ئەورووپاو ئوسترالیاو تورکیا کردووە، ژمارەیەکی زۆریش تائێستا لەهەرێمی کوردستانن، گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچەیە پێویستی بەزەمانەت هەیە، چونکە ئێمە پێش هاتنی داعشیش لەشاری موسڵ لەسەر دەستی توندڕۆیی ئایینی و قاعیدەو دەیان گروپی چەکداری دیکە ڕووبەڕووی کوشتن و ڕفاندن دەبووینەوە، تەنانەت لەناو جەرگەی شاری موسڵدا سێ قەشە هاتنە کوشتن، بە ڕادەیەك لە ٨٠٪ی کریستیانەکانی باشووری عێراق و بەغداو موسڵ کۆچیان کردووە. چۆڵکردنی کریستیانەکان لەموسڵ و دەشتی نەینەوا قۆناغێکی مێژوویی ڕەشە بۆ سەرجەم کریستیانەکانی جیهان، هەربۆیە پێویستە هێزی هاوپەیمانەکان بە هاوکاری پێشمەرگەو نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگە نەدات شاری موسڵ و دەشتی نەینەوا ببێتەوە بەشوێن و پێگەی گروپی دیکەی چەکداری، لەمەشدا پاپای فاتیکان پاڵپشت و هاوکارمانە، هەروەکو چۆن کاتێك ئەو ناوچانە هاتنەئازادکردن، سوپاسی هەموو سوپاو ئەو هێزانەی کرد کە یارمەتی پێشمەرگەیان دابوو. هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرباشە، نزاو دوعایان بۆ هەموو پێشمەرگەی کوردستان و ئەو هێزانە کرد کە لەشەڕی تیرۆریستی داعش شەهید بوون.

**سوپاس بۆ خودا کە سەرکردایەتی کورد ئەو دیارییە بەخشندەیەی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە کە ڕێز لەهەموو ئایین و ئایینزاکان بگرن و ڕێگە نەدەن ئیسلامی سیاسی تۆوی توندڕەوی بچێنێت**

**ئامانجی داعش تەنیا کوشتنی کریستیان و ئێزیدییەکان نەبوو، ئەوان زۆر زیاتر موسڵمانیان کوشتووە**

**کاتێك خوشك و ئافرەتەکانی ئێزیدی ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەوەو وەکو سەبایە لەبازاڕەکاندا فرۆشتنیان پێوەکرا، ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە بوو بۆ بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ئایینەدی کوردستانیش**

**بچڕاندنی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی یەکێك لەهەرە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو گروپە توندڕەوانەیە، بە ڕادەیەک ئێستا مانەوەی کریستیانەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا زەحمەت بووە**

# بودجەی ساڵی ٢٠١٧ی عێراق پەیوەستە بە نرخی نەوت و غازەوە



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

دواجار ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بودجەی ساڵی ٢٠١٧ی عێراقی پەسندکرد، لەماددەی ٩ی پشکی هەرێمی کوردستاندا ١٧٪ هاتووە دوای بڕینی خەرجییە سیادییەکان کە بە نزیکەی ٣٢٪ی بودجەی گشتی دەخەمڵێنرێت، لەبەر ئەوە پشکی کردەیی هەرێم لەدەوروبەری ١١٪ی بودجەیە دوای بڕینی خەرجییە سیادییەکان، بۆ روونکردنەوەی ژمارەکان و پشکی هەرێم، تەنیا باسی ژمارەکان (تریلیۆن و ملیار دینار) دەکەین.

## ● بودجەی ساڵی ٢٠١٧ی عێراق بە ژمارە

١. بودجەی عێراق بە (٧٩,٠١١ تریلیۆن دینار) مەزەندەدەکرێت کە لە دوو سەرچاوە پێکهاتووە (فرۆشی نەوت و داهاتی ناوخۆ) کە پشکی هەرێم (١٧٪-١١٪ لەنێوان (٨,٦٩-١٣,٤٣ تریلۆن دینار)، کە چاوەڕواندەکرێت ١١٪ بێت واتا(٨,٦٩ تریلیۆن دینار).

٢. بڕی فرۆشی رۆژانەی نەوتی خاو بە نەوتی هەرێمیشەوە بە ٣,٧٥٠ ملیۆن بەرمیل مەزەندەدەکرێت کە نرخی بەرمیلێك بە ٤٢ دۆلار بخەمڵێنرێت، واتا رۆژانە ٣,٢٠٠ ملیۆن بەرمیل لە عێراق و ٥٥٠ هەزار بەرمیلیش لە هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێت، کەواتە داهاتی عێراق لە فرۆشی نەوت ٦٧,٩٥٠ تریلیۆن دینارە، واتا نزیکەی ٨٦,٢٪ی بودجەی گشتییە، لەکاتێکدا داهاتی ناوخۆ بە (١١,٠٦١ تریلیۆن دینار مەزەندەدەکرێت، واتا بە نزیکەی (١٣,٨٪)ی بودجەی گشتی.

٣. پوختەی خەرجییە گشتییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بە نزیکەی( ١٠٠,٦٧١ تریلیۆن دینار) مەزەندەدەکرێت، کە دابەشبووە بەسەر دوو بەشدا( خەرجییە رەوانەکان- مووچە و هی دیکە، کە بە نزیکەی٧٥,٢١٧ تریلیۆن دینار مەزەندەدەکرێت، واتا بە نزیکەی ٦٨٪ی پوختەی خەرجییەکان، لەکاتێکدا خەرجییەکانی وەبەرهێنان بە نزیکەی ٢٥,٤٥٤ تریلیۆن دینار مەزەندەدەکرێت، واتا بە نزیکەی ٣٢٪ی پوختەی خەرجییەکان.

٤. پوختەی کورتهێنانی پلان بۆدارێژراو بە نزیکەی (٢١,٦٥٩ تریلیۆن دینار)مەزەندەدەکرێت، ئەمەیە ئەنجامی جیاوازیی نێوان قەبارەی خەرجییەکان (١٠٠,٦٧١ بە لێدەرکردنی قەبارەی بودجەی گشتی ٧٩,٠١١ تریلیۆن دینار).

٥. حکومەتی فیدڕاڵ مانگانە کورتهێنانی بودجە لە خەرجکردنی خەرجییەکانی رەوان و وەبەرهێنان چارەسەردەکات بە پشتبەستن بە راکێشانی پارە لە بانکی ناوەندیی عێراق و لە قەرزی بیانی، بەڵام پشکی هەرێم نادات لەو پارەیەی کە لە بانکی ناوەندیی عێراق و لە قەرزی بیانی رایدەکێشێت.




٦. بڕی(١١٢,٩٠٦ ملیار دینار) وەك یەدەگ بۆ فریاگوزاری دانراوە وەك( زەمین لەرزە و زریان و لافاوو وشکەساڵی و ئاگرکەوتنەوە و شتی دیکەی دیاردە سرووشتی و مرۆییەکان) چاوەڕوان دەکرێت هەرێمی کوردستان رێژەی١٧٪-١١٪ لەنێوان(١٢,٣٢- ١٩,٤ ) ملیار دینار)ی دەست بکەوێت .

٧. تەرخانکردنی بڕی ٥٠٠ ملیار دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی هەرێمەکان لەوانەش کوردستان، بەمەش چاوەڕواندەکرێت هەرێم رێژەی(١١٪-١٧٪) لەنێوان(٦١-٨٥) ملیار دینار)ی دەست بکەوێت.

٨. ٥٪ی داهاتی نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو دەدرێت بە پارێزگاکان، هەروەها ٥٪ی داهاتی غازیش بە هەمان شێوە، ٥٪ی نەوتی خاویش کە لە پاڵاوتگەی نەوت پاڵێوراوە دەدرێت بە پارێزگاکان، بەڵام ئاستی بەرهەم لە داهاتەکانی هەر سێ جۆر لە( نەوتی خاو، داهاتی نەوتی پاڵێوراو و داهاتی غازی سرووشتی) دیاری نەکراوە.

هەر پارێزگایەك یەکێك لەو داهاتانە هەڵدەبژێرێت، هەردوو پارێزگای کەرکووك و بەسرە لە پارێزگا زیانلێکەوتووەکان دەبن، چونکە هەر سێ داهاتی هەیە ( نەوتی خاو، داهاتی نەوتی پاڵێوراو و داهاتی غازی سرووشتی ).

**● ئەو کێشانەی رووبەڕووی بودجەی ساڵی ٢٠١٧ی عێراق دەبنەوە**

١. بودجەی عێراق لەگەڵ ئابوورییەکانی شەڕدا ناگونجێت (شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش)، بەڵکو بودجەی عێراق لەگەڵ ئابوورییەکانی ئاشتیدا دەگونجێت (بەتایبەتی دوای ئازادکردنی موسڵ و کۆتایی شەڕ لە عێراقدا) کە زەحمەتە ئەمە لە ساڵی ٢٠١٧دا بێتەدی. واتا عێراق بودجەیەکی ناسەقامگیری دەبێت، بەتایبەتیش لەسایەی ئەو ناسەقامگیرییە و هەڵبەزو دابەزی نرخی نەوت کە لەجیاتی کۆنترۆڵی ئابووریدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی جیهانییەوە.

٢. زیادبوونی پشتبەستن بە نەوت وەك داهاتی بنەڕەتی کە دەبێتەهۆی زیادبوونی کێشە بۆ ئابووری و بێکاری و هەڵئاوسان، هەروەها بۆسەر کورتهێنانی پلان بۆداڕێژراوی بودجەی ساڵی ٢٠١٧، هاوکات بۆ سەر کەمکردنەوەی گەشەی ئابووری لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان.

٣. لەسایەی خراپ بەکارهێنانی داهاتەکانی نەوت و هی دیکەدا کێشەکان لەعێراق ئاڵۆزتردەبن، هەروەها لەبەر نەبوونی یاسای نەوت و غاز و ئەو لاوازییەی دامەزراوەکانی کەرتی نەوتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان گرتۆتەوە.

**بڕی فرۆشی رۆژانەی نەوتی خاو بە نەوتی هەرێمیشەوە بە ٣,٧٥٠ ملیۆن بەرمیل مەزەندەدەکرێت کە نرخی بەرمیلێک بە ٤٢ دۆلار بخەملێنرێت، واتا رۆژانە ٣,٢٠٠ ملیۆن بەرمیل لە عێراق و ٥٥٠ هەزار بەرمیلیش لەهەرێمی کوردستان دەفرۆشرێت**

**حکومەتی فیدراڵ مانگانە کورتهێنانی بودجە لەخەرجکردنی خەرجییەکانی رەوان و وەبەرهێنان چارەسەردەکات بە پشتبەستن بە راکێشانی پارە لەبانکی ناوەندیی عێراق و لەقەرزی بیانی، بەڵام پشکی هەرێمی لێ نادات**

**بودجەی عێراق لەگەڵ ئابوورییەکانی شەڕدا ناگونجێت، واتا شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش، بەڵکو بودجەی عێراق لەگەڵ ئابوورییەکانی ئاشتیدا دەگونجێت، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی موسڵ و کۆتایی شەڕ لەعێراقدا کە زەحمەتە ئەمە لە ساڵی ٢٠١٧دا بێتەدی**

**هاتنەناوەوەی دەوڵەتانی نیوەی باکوور لەوەرزی پاییزو زستانی سارد داخوازی بۆ گەرمبوونەوە زیاتردەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەی داخوازی بۆ نەوتی خاو و غاز لە بازاڕەکانی جیهاندا**

٤. نەبوونی دەستەی بێلایەن کە سەرپەرشتی وردبینیی داهاتەکانی نەوت و هی دیکە بکات و مانگانەش بەسەر پارێزگاکان و هەرێمدا دابەشی بکات بەپێی پلانی بودجەی عێراق، بۆیە هەرێم دەکەوێتە ژێر رەحمەتی حکومەتی عێراق و چاوەڕوانیش ناکرێت بارودۆخەکە لە ساڵی ٢٠١٧دا لە ساڵانی ( ٢٠١٤ و٢٠١٥ و٢٠١٦) باشتر بێت.

٥. لە سایەی بارودۆخی ئێستادا، دەکرێ بودجەی ساڵی ٢٠١٧ یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیاندا بێنێتەدی، بەڵام دادپەروەرییان لەنێواندا ناهێنێتەدی!.

٦. سەرکەوتنە سەربازییەکان لە سایەی لاوازیی دامەزراوە دەستوورییەکاندا گیانی لەخۆباییبوون و هێز دێنێتە کایەوە، بۆیە ئەگەر ئەمە دوای کۆتایی شەڕ لە عێراق بێتەدی (شەڕ دژی تیرۆریستانی داعش) ئەوا عێراق و ناوچەکە بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەکەوێتە دۆخێکەوە کە شارەزایان بە دوورخستنەوەی ئاگری مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان پێشبینی دەکەن، بەڵام زەحمەتە پێشبینیی ئەنجامەکەی بکرێت دەربارەی ئایندەی عێراق و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان.

٧. سامانە سرووشتییەکان، بەتایبەتیش نەوت و غاز کە پێشتر و ئێستاش رۆڵی سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی ناسنامەی عێراق فیدراڵ و شێوەی سیستەمە کارگێڕییەکەی لەعێراق دوای کۆتایی شەڕ لەعێراق (دوای ئازادکردنی موسڵ). باشترین بژاردە بریتییە لە گرتنەبەری سیستەمی پارێزگاکان کە کەشوهەوایەك لە سەقامگیری و ئاسایش و رێکخستنی ئابووری و کارگێڕی بۆ عێراق و پارێزگاکان و هەرێم دێنێتە ئاراوە.

**● خوێندنەوەیەکی رەوشی دارایی لەنێوان بەغداو هەولێر**

١. قەبارەی کورتهێنانی دارایی لە بەغدا بە (٢١,٦٥٩ تریلیۆن دینار) مەزەندەدەکرێت، لەکاتێکدا لە هەولێر بە ٢٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

٢. حکومەتی بەغدا سوود لەپارەی بانکی ناوەندیی عێراق دەبینێت بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی دارایی خۆی، هیچ زەمانەتێکیش نییە کە پشکی هەرێم لەو پارەیە بدرێت.

٣. ئەگەر حکومەت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم رۆژانە نەوت بە بڕی (٣,٧٥٠ ملیۆن بەرمیل) بە نرخی ٤٢ دۆلار بفرۆشێت، ئەوا حکومەتی فیدراڵ مانگانە (٤,٧٥٠ ملیار دۆلار)ی دەست دەکەوێت. ئەگەر حکومەتی بەغدا بەپێی پلانی بودجەی عێراق بڕی (٣,٢٠٠ ملیۆن) بەرمیل بە نرخی خەمڵێنراوی ٤٢ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بفرۆشێت، ئەوا بەغدا مانگانە نزیکەی (٤,٠٩٥ ملیار دۆلار)ی دەست دەکەوێت، ئەگەر مەزەندەبکەین کە حکومەتی هەرێم بەپێی ئەوەی لە بودجەی عێراقدا هاتووە رۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل بفرۆشێت بە نرخی ٤٢ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئەوا هەرێم مانگانە (٦٩٣ملیۆن دۆلار)ی دەست دەکەوێت، لەکاتێکدا نرخی نەوتی هەرێم لە نرخی گشتی کەمتر بێت بە نزیکەی (٥-١٠ دۆلار) بۆ هەر بەرمیلێك، بۆیە ئەگەر نەوتەکە بە هەمان بڕ و بە نرخی هەر بەرمیلێك بە(٣٢-٣٧ دۆلار) ملیۆن بفرۆشێت، ئەوا هەرێم مانگانە داهاتەکەی لە فرۆشی نەوت دەگاتە (٥٢٨-٦١٠) ملیۆن دۆلار، لێرەدا مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقدا لە فرۆشی نەوت دەردەکەوێت کە ئاسانترو مسۆگەرتر و کەم کێشەتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ بەغدا لەسایەی ئەو بارودۆخەی ئێستا، لە حاڵەتی پابەندبوونی هەردوولا( بە بڕی هەناردەکردن و دابەشکردنی داهات لە کاتی دیاریکراوو و بەپێی رێژەی پشکی هەرێم)، بەڵام ئەم شتە زەحمەتە مسۆگەر بێت و بێتەدی لە سایەی نەبوونی دەستەی بێلایەنی سەرپەشتیاری سەر نەوت، هەروەها نەبوونی لایەنی سێیەم لەمێوان بەغداو هەولێر بۆ ئەوەی هەردوولا پابەندبکات و دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی نەوت بێنێتەکایەوە لە نێوان هەردوولا و بەو پێیەی دیاریکراوە پشکی هەرێمی لێ بدرێت.

٤. ئەوەی جیاوازە لە مەسەلەی پشکی هەرێمەوە هەیە لە فرۆشی نەوت بریتییە لەوەی کە لە بودجەی عێراقدا هاتووە لە جیاکردنەوەی نەوتی کەرکووك ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا لە نەوتی هەرێم ٢٥٠ هزار بەرمیل لە رۆژێکدا. وێڕای ئەمەش ناردنی نەوتی کەرکووك بە بەندەری جەیهانەوە بەسترایەوەو دواتر رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ دەکرێت لەبەرامبەر پێدانی مووچەی ٦٨٢ هەزار فەرمانبەر و خانەنشین لە هەرێمی کوردستان کە بە ٣١٧ ملیار دینار مەزەندەدەکرێت، لەکاتێکدا کە ژمارەی فەرمانبەرو خانەنشینان نزیکەی ١,٤ ملیۆن کەسە کە مانگانە ٨٨٠ ملیار دیناری پێویستە.

٥. بەپێی بودجەی ساڵی ٢٠١٧ی عێراق بڕی ٣,٨٪ لە مووچەی فەرمانبەران کە لەسەرەوە دیاریکراوە لە پشکی بودجەی هەرێم دەبڕدرێت، سەرباری ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتیی پێدانی شایستەکانی کۆمپانیا نەوتییەکانی دەکەوێتە ئەستۆ کە لە کوردستان کاردەکەن.

٦. تەرخانکردنی بڕی ٢,٥ ملیار دۆلار بۆ کڕینی چەك بۆ هێزەکانی عێراق بێ ئەوەی باسی پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێت. وێڕای تەرخانکردنی ٢٣٪

لە پوختەی خەرجییەکانی بودجە بۆ کەرتی ئاسایش و بەرگری.

٧. مەسەلەی خەرجکردنی مووچەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە (بە بڕینی بەشێکی مووچەو خەرجییەکانی هێزی بەرگری بۆ پارەدارکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە) بەبێ بوونی هیچ گەرەنتییەك لە پێدانی مووچەی پێشمەرگە.

**● ئاستی بەرزکردنەوەی نرخی نەوت چارەسەری قەیرانی دارایی دەکات لە هەرێم و عێراق**

چەندین فاکتەر دەرکەوتوون کە دەبنەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێکی نەوتی خاو بۆ نزیکەی ٥٥-٦٠٪ دیارترینیان:

١. بڕیاری دوا کۆبوونەوەی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت بە کەمکردنەوەی ١,٢ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا کە بووەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو بۆ نزیکەی ١٠٪ بەر لە دەستپێکردنی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە لە ١-١-٢٠١٧.

٢. کۆبوونەوەی رێکخراوی ئۆپێك لەگەڵ دەوڵەتانی سەربەخۆی هەناردەکاری نەوت ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ پشتیوانیکردنی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە حاڵەتی بەشداریکردنی دەوڵەتانی سەربەخۆی هەناردەکاری نەوت لە کەمکردنەوەی بەرهەمەکانیان، لەوانە رووسیا ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ کەمکردنەوەی پشکی هەناردە بە نزیکەی ٦٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، لەمەشدا رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل لەلایەن رووسیاوەو ٣٠٠ هەزاریش لەلایەن دەوڵەتانی دیکە (کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا،مەکسیك، نەرویژ)وە هەندێ دەوڵەتی دیکەی هەناردەکاری نەوت. کۆبوونەوەکە بڕیاری دا بە کەمکردنەوەی ٥٨٨ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا لە دەوڵەتانی ئەندام لە ئۆپێك، بڕیارەکەش لە ١,١٢,٢٠١٧ جێبەجێ دەکرێت، بەپێی بڕگەی ١و٢ کە لەسەرەوە دیارکراوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو رۆژانە بۆ ملیۆنێك و ٧٥٨ هەزار بەرمیل کەم دەکرێتەوە. ئەمەش دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهاندا بۆ نزیکەی ٥٦-٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، کە رەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت بۆسەر بودجەی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت و لەوانەش بودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان.

٣. پاشەکشەی یەدەگی نەوتی ئەمریکا لەنزیکەی ٤,٩ ملیار بەرمیل لە ٣٠-١٠-٢٠١٦ بۆ نزیکەی ٠,٨٨ ملیار بەرمیل، ئەمەش داخوازیی سەر نەوت زیاددەکات، لەبەرامبەر پاشەکشەی قەبارەی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بە تێکڕایی ١,٧٥٨ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا کە دەچێتە قۆناخی جێبەجێ کردن لە ١-١-٢٠١٧، شایانی باسە یەدەگی جیهانیی نەوت تەنیا بەشی ٥٠-٥٦ رۆژ دەکات، بۆیە کاریگەریی بۆسەر نرخی نەوت سنووردارە.

٤. هاتنەناوەوەی دەوڵەتانی نیوەی باکوور لە وەرزی پاییزو زستانی سارد داخوازی بۆ گەرمبوونەوە زیاتردەکات، ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی قەبارەی داخوازی بۆ نەوتی خاو و غاز لە بازاڕەکانی جیهاندا، سەرباری کێشەو تەگەرەکان کە کاردەکەنە سەر پرۆسەی نەوت لە سەرچاوەکانی دەرهێنان و رێگاکانی گواستنەوەو پاڵاوتن و دابەشکردن ئەمەش بە ئەرێنی کاریگەریی دەبێت بۆسەر بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو.

٥. ئاماژەی دوا کۆنگرەی نەوت و غاز بۆ هەرێمی کوردستان کە بەم دواییە لە لەندەن سازکرا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی خاو بۆ نزیکەی ٧٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا هاوکات لەگەڵ ئەو ئاماژانەی سەرەوە تایبەت بە بەرزکردنەوەی نرخی نەوتی خاو لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٧ بۆ نێوان ٥٥-٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی لەهەرێم چارەسەردەکات. هاوکات بنەماکانی ئابووریی بەهێزدەکات، بەتایبەتیش لەحاڵەتی دووبارە هەڵسەنگاندنی واقیعی ئیدارەکردنی نەوت و رێکخستنی بەشێوەیەکی باشتر لەمیانی سوودوەرگرتن لەشارەزایی کۆمپانیای(دیلیۆت) بۆ بودواداچوون و وردبینیی لەئیدارەدانی دۆسیێی نەوت لەهەرێمدا.

**● چارەسەر و پێشنیار**

١. وا باشترە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە نەکات لە(رەزامەندی، یان رەتکردنەوە)ی بودجەی عێراق بەهۆی بوونی کەلێنی فراوان لەو بودجەیەدا کە ئەمەش دەبێتە ئەستەم بۆ چارەسەری قەیرانی دارایی لەهەرێم.

٢. پەلە کردن بۆ سازکردنی وۆرك شۆپێکی تایبەت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١٧ی عێراق بە مەبەستی دیاریکردنی لایەنی نەرێنی و ئەرێنیی ناو بودجەکەو بەراووردکردنی لەگەڵ رەوشی ئێستا و ئەو تەحەددیانەی کە رووبەڕووی هەرێم و عێراق دەبنەوە، هەروەها کاریگەریی بۆسەر ئابووریی عێراق و هەرێم، ئەو وۆرك شۆپە دەبێتە هەنگاوێك و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی چاکترین چارەسەر لەگەڵ بەغدادا بۆ مسۆگەرکردنی رزگاربوونی هەرێم لەو قەیرانە داراییەی ئێستا و دەرهاویشتەکانی ئەو قەیرانە بۆسەر سەرجەم کایەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستاندا.

**کۆبوونەوەی رێکخراوی ئۆپێك لەگەڵ دەوڵەتانی سەربەخۆی هەناردەکاری نەوت ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ پشتیوانیکردنی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە حاڵەتی بەشداریکردنی دەوڵەتانی سەربەخۆی هەناردەکاری نەوت لە کەمکردنەوەی بەرهەمەکانیان**

**وا باشترە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەلە نەکات لە (رەزامەندی، یان رەتکردنەوە)ی بودجەی عێراق بەهۆی بوونی کەلێنی فراوان لەو بودجەیەدا کە ئەمەش دەبێتە ئەستەم بۆ چارەسەری قەیرانی دارایی لەهەرێم**

---

*** راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**